کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم – ژمارە ۴۶۹ – بەفرانباری ۱۴۰۴– ژانویە ی ۲۰۲۶

## سەروتار

### مۆتەکەی شەڕ لە خزمەت دامرکاندنەوەی بڵێسەی خەباتی جەماوەردا

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەروبەندی ٤٧مین ساڵیادی دامەزراندنیدا، لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی قووڵ و فرەڕەهەند بەرەوڕوو بووەتەوە کە بناغەکانی دەسەڵاتەکەی خستووەتە لەرزە. هەروەک چۆن ئەم دەسەڵاتە ٤٧ ساڵە لەناو ڕووباری خوێندا درێژەی بە ژیانی خۆی داوە، ئێستاش بە سەرکوتی خوێناوی و بێبەزەییانە حوکمڕانی دەکات. دیمەنی ترسناکی کۆمەڵکوژییەکانی ڕۆژانی دوای بڕینی ئینتەرنێت، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە کۆماری ئیسلامی هێشتا دەستبەرداری تاکە ستراتیژی مانەوەی، واتە سەرکوت و توندوتیژیی، نەبووە. لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە زیاتر لە ١٩٠ شاری ئێران گەیشتۆتە ئاستێکی بێ وێنە. خەڵک بەوپەڕی ئازایەتی و چاونەترسییەوە خوازیاری ئازادی، عەداڵەت و ژیانێکی باشترن. بەڵام وەڵامی حکوومەت هەمان وەڵامی کۆن و هەمیشەیە: گوللە، زیندان، ئەشکەنجە و سێدارە. بڕینی ئینتەرنێت و سانسۆری میدیاییش نیشان دەدات کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات لە تاریکی پەیوەندییەکاندا تاوانەکانی خۆی بشارێتەوە

ئەم سەرکوتە خوێناوییە نەک هەر نیشانەی لاوازیی و بێتوانایی ڕژیمە لە ئاست وەڵامدانەوە بە ویست و داواکارییە ڕەواکانی جەماوەر، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەشە کە حکوومەت جگە لە هێز و توندوتیژی هیچ ڕێگایەکی دیکە شک نابات بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆی. هاوکات پێشهاتە نێودەوڵەتییەکانیش پێیان ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. بەپێی زانیارییەکان، دۆناڵد ترامپ، سەرۆککۆماری ئەمریکا، لە کاردانەوە

درێژە لە لاپەڕەی ٢



## کوردستان لە بەرانبەر تاوانەکانی ڕێژیمدا بێدەنگ نابێ

لە ٧

## دەرفەت و مەترسییەکانی بەردەم ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەی ئێستا

لە ٧

## با بە هەموو هێزمانەوە پشتیوانی بکەین لە بزووتنەوەی بەفرانباری ١٤٠٤

لە ٩

## خەبات بەردەوامە و ئاسۆ ڕوونە

لە ١٠

## ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی، تەنها بەهێزی جەماوەری هاوچارەنووس بەدەست دێت.

لە ١٢

## هەڵسەنگاندنی هێرشی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ سەر ڤنزوێلا

لە ١٨

## بەیاننامەی ژمارە ١ی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا و ئەرکەکانمان

لە ١٣

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

## درێژەی سەروتار

بە کوشتاری بەربڵاوی خۆپیشاندەراندا، سەرقاڵی تاوتوێکردنی ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێرانە. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەڕەشەی کردووە کە لە ئەگەری هێرشێکی لەو شێوەیە، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکاتە ئامانج. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەروبەندی ئەگەری دەستپێکی شەڕێکی نیزامیدا، پرۆسەی چۆڵکردنی بەشێک لە هێزەکانی لە بنکەی ئاسمانی ئەلعودەید لە قەتەر و چەند بنکەیەکی دیکەی ناوچەکە دەستپێکردووە. ئەم هەنگاوە سەربازییانە ئەوە دەردەخەن کە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری دیکە سیناریۆیەکی دوور لە چاوەڕوانی نییە. بەڵام شەوی ڕابردوو ترامپ لە لێدوانێکی دژوازدا وتی کە زانیاریی دروستی لەبارەی ژمارەی کوژراوەکان لەبەردەستدا نییە، بەڵام لایەنی ئێرانی بەڵێنی پێداوە کە چیتر خەڵک لە شەقامەکاندا نەکوژن و هیچ کەس لەسێدارە نەدەن. ئەم قسانە لە کوێی سیاسەتی ڕاستەقینەی ئەمریکادا جێگا دەگرن، هێشتا ڕوون نییە. ئایا ئەمە بە مانای پاشەکشەی ترامپە لە هەڵوێستەکانی پێشووی سەبارەت کۆماری ئیسلامی؟ بەو پێیەی کە زۆرجار هەنگاوەکانی ترامپ پێشبینیکراو نین، دەبێت چاوەڕوان بین و بزانین لە چەند ڕۆژی داهاتوودا چی ڕوودەدات

بەڵام ئەمە تاکە دەنگ نییە کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکاوە دەبیسترێت. بێرنی سەندەرز، سیناتۆری چەپگەرای ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا لە تۆڕی ئێکس نێتۆرک وتی: «ملیۆنان کەس لە دژی حکوومەتێکی دیکتاتۆر ڕاپەڕیون، ڕێژیم بەوپەڕی توندوتیژییەوە وەڵامی داونەتەوە و هەزاران خۆپیشاندەری کوشتووە، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران مافی خۆیانە داهاتووی خۆیان دیاری بکەن و ئەمریکاش دەبێت پشتیوانی بکات لە داواکارییە ڕەواکانیان بۆ ئازادی و دیموکراسی، بەڵام ئەم پشتیوانییە نابێت بە زەبری چەک بێت». سەندەرز جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەمریکا دەبێت خواستەکانی بریتی بێت لەم خاڵانەی خوارەوە: کۆتاییهێنانی خێرا و دەستبەجێ بە توندوتیژی لەدژی خۆپیشاندەران، کۆتاییهێنان بە سانسۆری میدیایی و برینی ئینتەرنێت و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا. ناوبراو لە کۆتایی لێدوانەکەیدا دەڵێت: دەستێوەردانی نیزامیی ئەمریکا چارەسەر نییە، لە ڕابردوودا شکستی هێناوە و دووبارە شکست دەهێنێت



لە کاتێکدا کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە زیاتر لە ١٩٠ شاری ئێران لە ئاستێکی بێوێنەدا هەروا بەردەوامە، هاوکات لەگەڵ زایەڵەی شۆڕشی جەماوەر، دەنگۆیەکی مەترسیداری دیکەش دەبیسترێت کە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت. لە هەناوی ناکۆکییەکانی ناوخۆی حکوومەتدا هێڵێکی فاشیستی و پۆپۆلیستی، هێدی هێدی خەریکی خۆڕێکخستن و خۆ پڕچەک کردنە. لەبیرمان نەچێت، بۆ نموونە سەعید جەلیلی کە بڕوای بەو جۆرە بیر و بۆچوونە هەیە، لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دا ئەگەرچی سەرنەکەوت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەمە نیشان دەدات کە لەناو کۆمەڵگای ئێرانیشدا ڕەوتگەلێکی مەترسیدار خەریکە پێکدێن کە دەدانیان بۆ دوای ڕووخانی ئەم ڕژیمەی ئێستا تیژتر کردووە و دەتوانن مەترسی نوێ بۆ سەر داهاتووی خەڵکی ئێران دروست بکەن. سیناریۆیەکی لەو شێوەیە تەنها کاتێک ئیمکانی بۆ دەڕەخسێت کە خەڵک لە مەیداندا نەبن

ئەگەرچی زۆرێک لە ڕووداوەکان بە وردی پێشبینی ناکرێن، بەڵام بە زۆر هۆکاری بابەتیی دیاردەیەک بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیی ئیدارەی ئێراندا بووەتە شتێکی حەتمی. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکارییە بە چ ئاراستەیەکدا ڕوودەدات؟ بێگومان چ ئەوەی کە ئەمریکا هێرش بکات یان خودی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی زەمینە بۆ هێرش ئامادە بکات و شەڕێکی پێشگیرانە دەستپێبکات، دەرئەنجامی دەستبەجێی لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتیی بریتی دەبێت لە دامرکاندنەوەی بڵێسەکانی ئاگری ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەی ئێستا. شەڕ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ دەستی پێبکات، تەنیا لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامیدا دەبێت. ئەم ڕاستییەمان لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیلدا بە ڕوونی بینی. ئەو جەماوەرەش کە لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و مافەکانی خۆیدا خەبات دەکات، ئەمجارەش لە چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە. چاوەڕوان مانەوەی جەماوەر تا ئەنجامی کۆتایی ئەم پێشبڕکێیە، سیناریۆی مەترسیدار و دەرئەنجامی کارەساتباری لێدەکەوێتەوە. شەڕێکی لەو شێوەیە نەک هەر ئازادی بەدیاری ناهێنێت، بەڵکوو وێرانکاری، هەژاری و لەناوچوونی بۆ خەڵک بەدواوە دەبێت

ئازادی ڕاستەقینە و ژیانێکی باشتر تەنیا بە خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیو دەستەبەر دەبێت. دەستێوەردانە ئیمپریالیستییەکان ئازادی بۆ خەڵک بەدیاری ناهێنن و هیچ بۆمب و مووشەکێکیش ناتوانێت ئازادی لە جێگای ستەم و سەرەڕۆیی جێگیر بکات. ئەم ئاخێزەی ئێستای کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەریخستووە کە ئەوان چیتر ئامادە نین ستەم و هەژاری و گەندەڵی و سەرکوت تەحەمول بکەن. ئەم خەبات و تێکۆشانە دەبێ بەردەوام بێ و خەڵکی ئێرانیش دەبێت وێڕای پاراستنی یەکریزی و هاوپشتی، ڕێگای خۆیان شێلگیرانە تا گەیشتن بە ئازادی و بەدەستهێنانی چارەنووسی خۆیان، درێژە پێبدەن. نابێ ڕێگا بدرێت بڵێسەکانی خەبات لەژێر سایەی شەڕدا دابمرکێتەوە. داهاتووی ئێران دەبێ لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە بنیات بنرێت نەک بە بۆمب و مووشەک.

****



# بەرەو مانگرتنی گشتی لە کوردستان و هاوپشتی و هاوخەباتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری خەڵکی ئێران

ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بەرانبەر بەو هەلومەرجە تاقەت پروکێنەی بژێوی ژیان کە کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئێرانیدا سەپاندووە، پێی ناوەتە شەشەمین ڕۆژی خۆیەوە و بۆتە بزووتنەوەیەکی بەربڵاو و مافخوازانە. ئەوەی کە لە بازاڕەکانی تارانەوە دەستی پێکرد، بەخێرایی زیاتر لە پانزە شاری ئێرانی گرتەوە و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و لەوانە خوێندکاران بەم شەپۆلی ئەو ناڕەزایەتییەوە پەیوەست بوون. ئەم بزووتنەوەیە ڕەنگدانەوەی ڕق و بێزاریی گشتییە سەبارەت بەو هەژاری، هەڵاوسان، بێکاری، گەندەڵی و نایەکسانییەی کە ساڵانێکە بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتووە. خەڵکی کوردستانیش لە هەمان ئەو ئازار و بێبەشییە بەهرەمەندن کە بەشەکانی دیکەی ئێرانی هەژاندووە. پێویستە ئەوەش زیاد بکرێت کە کوردستان لە دەیان ساڵی ڕابردوودا بەردەوام پێشەنگی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی ئێران بووە. لە شۆڕشی ژنان، ژیان، ئازادییەوە بگرە تا زۆرێک لە بزاڤە مەدەنی و سیاسییەکان، خەڵکی کوردستان گەلێک جار نیشانیان داوە کە لە ئاست ستەم و سەرەڕۆیی دا سەر دانانەوێنن لەم هەلومەرجە هەستیارە مێژووییەدا، دەربڕینی هاوسۆزی و هاوپشتی خەڵکی کوردستان لە هاوچارەنووسەکانیان لە سەرانسەری ئێران، پێویستییەکی سیاسی و ستراتێژیکە. یەکگرتوویی چین و توێژی کرێکار و زەحمەتکێش، بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوورە نەتەوەیی و جوگرافییەکان، تەنیا ڕێگایە بۆ دەربازبوون لە هەژموونی سەرمایەداری و ستەم و سەرەڕۆیی کۆماری ئایینی. ئیسلامی لە بەرامبەر ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتییەدا سەرلەنوێ ڕواڵەتی فریوکارانەی خۆی نیشان دا. لەلایەک بە بیانووی بێبنەمای وەک سەرما و قەیرانی وزە، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کەشوهەوای ناڕەزایەتییەکان و ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی زیاتری بزووتنەوەکە، پشووی فەرمی ڕاگەیاند. (ئەم پشووە سەپێنراوە ڕۆژی یەکشەممە کۆتایی دێت). لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی ڕێژیم بە زمانێکی ڕیکارانە ڕایانگەیاندووە کە گۆیا لە داخوازییەکانی خەڵک تێدەگەن و ناڕەزایەتییەکان بە ڕەوا دەزانن. بەڵام لە هەمان کاتدا دەزگای سەرکوتی ڕژیم بەردەوام چالاک بووە. هێزە ئەمنییەکان ڕژانە سەر شەقامەکان، دەستگیرکردن دەستیپێکرد، توندوتیژی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهێنرا و چەند خەباتکارێکیش گیانیان لەدەستدا. ئەم دووفاقییە نیشانەی ترسی لەڕادەبەدەری ڕژێمە لە هێزی جەماوەر و داماویی و بێتوانایی لە بەرامبەر ویست و داواکاریی ڕەوای جەماوەری بێبەشدا

**دەرفەتی مێژوویی: مانگرتنی گشتی ملیۆنی لە کوردستان ئێستا کە ماوەی پشووی فریوکارانەی ڕژیم بەرەو کۆتایی دەڕوات، دەرفەتێکی ناوازە لەبەردەم خەڵکی کوردستاندایە.**

ئەم دەرفەتە، کاتێکی گونجاوە بۆ ڕێکخستنی مانگرتنێکی گشتی ملیۆنی کە بتوانێت هێز و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بە هەموو ئێران و جیهان نیشان بدات. مانگرتنێکی لەم شێوەیە دەتوانێت پێگەی کوردستان وەک یەکێک لە سەنگەرە بەهێزەکانی شۆڕشی داهاتووی ئێران بچەسپێنێت و پەیامێکی ڕوون بۆ ڕێژیم بنێرێت، کە: کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پەنای خەڵکی ئێراندا وەستاون و واز لە خەبات لە پێناو عەدالەت و ئازادی و یەکسانی ناهێنن

**هێزی مانگرتنی سیاسی ئەزموونەکانی پێشووتر، بەتایبەتی لە سەردەمی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، بە ڕوونی نیشانیان دا کە مانگرتنی سیاسی گشتی چۆن دەتوانێت هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم ئیفلیج بکات.**

کاتێک کرێکاران، بازاڕیان، خوێندکاران و خەڵکی ئاسایی لە یەک کاتدا دەست لەکار دەکێشنەوە، دەزگای سەرکوتی ڕژێم لەکار دەکەوێت و زەمینگیر دەبێت. مانگرتنی گشتی نەک هەر ئامرازێکی خەباتکارانە، بەڵکوو نیشاندانی هێزی بەکۆمەڵ و هاوپشتی و هاوخەباتی خەڵکی بێبەش و هاوچارەنووسە. ئەم کردەیە ئەوە دەردەخات کە کاتێک خەڵک یەکگرتوو بن، هیچ هێزێک ناتوانێت لە بەرامبەریاندا بوەستێت. مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرانسەری دیاردە گەلێکی دینامیکی و مێژووسازن کە دەتوانن کۆمەڵگا بەرەو گۆڕانکاریی قووڵ و بنەڕەتی پاڵ پێوە بنێن

ئەم بزاڤانە بە کاریگەری لەسەر ڕەهەندە جیاوازە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، توانای گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵگەیان هەیە. مانگرتنی سیاسی گشتی، ئەولاترە لە کردەیەکی پیشەیی یان ئابووری. ئەم بزاڤە بە ئامانجی یەکخستنی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و هاوتەریب لەگەڵ ئامانجە هاوبەشەکان، تاکەکان بەرەو یەکگرتوویی و هاوکاری هەرچی زیاتر هان دەدات.

درێژە لە لاپەڕەی ٤

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

پێشڕەو

درێژه ی لاپەڕەی ٣

یەکگرتوویەکی لەم چەشنە دەتوانێت هێزێکی گەورە بۆ گۆڕانکاری دروست بکات و زەمینە بۆ کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر و یەکسانتر خۆش بکات

**ڕەهەندەکانی کاریگەری مانگرتن کاریگەرییەکانی مانگرتنی گشتی لە چەندین ڕەهەنددا بەرچاو دەکەوێت.**

لەباری ئابوورییەوە، داخستنی دوکان و بازاڕ و وەستانی ڕەوتی بەرهەمهێنان، نیشان دەدات کە بە جێگیربوونی ئەم هاوپشتییە و هاوکات بەردەوامبوونی، ئەو سیستەمە ناتوانێت درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. لە ڕوانگەی سیاسییشەوە مانگرتنی گشتی دەتوانێت ڕێژیم لە بەرامبەر ویست و داواکارییەکانیان ناچار بە پاشەکشە بکات. مێژوو دەریخستووە کە زۆرێک لە دەستکەوتە دێموکراتیک و کۆ مە ڵا یە تییە کا ن بەرهەمی مانگرتن و نارەزایەتی بەربلاو بووە. هەروەها لە ڕوانگەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشەوە، ئەم ئەکتانە کۆمەک دەکەن بە ئاگایی و وشیاری بەکۆمەڵ و بەهێزکردنی هەستی هاوپشتی و هەروەها شکڵگرتنی فەرهەنگی خۆڕاگریی. جەماوەرێکی کە یەکگرتووانە لە پێناو مافەکانیاندا خەبات دەکەن، ئیتر بە ئاسانی فریو نادرێن و سەرکوت ناکرێن. لە سەردەمی هاوچەرخدا توانایی گەیاندنی زانیارییەکان و پەیوەندیکردن لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆ مە ڵا یە تییە کا نە وە گرنگییەکی بێهاوتای هەیە. ئەم ئامرازانە یارمەتیدەرن بۆ بڵاوکربوونەوەی هەرچی خێراتری زانیارییەکان، پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چین و توێژە جۆ ر ا و جۆ ر ە کا نی خەڵک، پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی مەجازی و بەدەستهێنانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بەکارهێنانی ژیرانەی ئەم میدیایانە دەتوانێت ببێتە هۆی هەماهەنگی باشتری کردەوە نارەزایەتییەکان و ئاشکراکردن و لەقاودانی سەرکوتی ڕێژیم و ڕاکێشانی پشتیوانی جیهانیی. هەرچەندە ڕێژیم هەوڵ دەدات ئینتەرنێت و پەیوەندییەکان سانسۆر بکات، بەڵام ئەزموونەکان نیشانیان داوە کە خەڵک بەردەوام ڕێگەی شکاندنی ئەو گەمارۆیەیان دۆزیوەتەوە. دەرئەنجامی کۆتایی مانگرتن و نارەزایەتییەکان پەیوەستە بە چەند هۆکارێکەوە لەوانە: بارودۆخی ناوخۆیی و جیهانی، ئەوەی کە چ ستراتیژییەک بەکار دەهێنرێت، ئاستی ڕێکخستن و کاردانەوەی ڕژێم. ئەگەرچی ئەم بزاڤانە دەتوانن دەستکەوتی بەرچاویان لێ بکەوێتەوە، بەڵام ڕێگای هەنگاونان بەرەو پێشەوە پڕە لە کەند و کۆسپ زۆر پێویستە کە بزووتنەوەی نارەزایەتی بەوپەڕی وشیاری و ڕێکخستنی تۆکمە و ستراتیژییەکی ڕوونەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت. هەروەها پێویستە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو دەرس وەربگیرێ و هەڵەکان دووپات نەکرێنەوە. یەکڕیزی، هاوپشتی و خۆڕاگریی ڕەمزی سەرکەوتنن لەم ڕێبازەدا

**بانگەوازی کۆتایی بۆ خەڵکی کوردستان، کرێکاران، بازاڕیان، خوێندکاران، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز: دەرفەتێکی مێژوویمان لەبەردەمدایە**

بە سازدان و ڕێکخستنی زنجیرەیەک مانگرتنی گشتی ملیۆنی لە ڕۆژانێکی دیاریکراودا، دەتوانین نیشان بدەین کە کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئێرانە

**وەرن با دەست لەناو دەستی یەکتر، بەرەو هاوسۆزی و هاوپشتی تەواو لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە لە پێناو دەستەبەرکردنی نان و کار و ئازادی و دادپەروەرییدا ڕاپەڕیوین، هەنگاو هەڵبگرین.**


وەرن با بە گرتنەبەری تاکتیکی سیاسی مانگرتنی گشتی، پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ڕێژیم بنێرین و پێی بڵێین کە چیتر تەحەمول ناکەین و تا دوا هەناسە لە پێناو مافەکانماندا خەبات دەکەین

**کوردستان سەنگەری خەبات!**

**ئێران مەکۆی شۆڕش!**

**مانگرتنی گشتی، چەکی جەماوەر**

****



# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مانگرتنی سیاسی گشتی، تاکتیکێکی پێویست و هەنووکەیی لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێراند

لە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی شمشێری سەرکوت لە دژی جەماوەری ناڕازی و مافخواز دەسوێ، گرتنەبەری تاکتیکی فرەچەشنی خەباتکارانە گرنگییەکی ستراتیژی هەیە. هەواڵی کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران، پێویستی بیرکردنەوە و پێداچوونەوە بە شێوازەکانی خۆڕاگریی، زیاتر لە هەمیشە ئاشکرا دەکات. لەم نێوەندەدا مانگرتنی سیاسی گشتی، وەک یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش، دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە گۆڕینی هاوسەنگی هێزدا بگێڕێت. واقیعی تاڵی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەت لە کوردستان ئەوەیە کە گوشارە سیاسییەکان و گوشاری بژێوی ژیان گەیشتوونەتە ئاستێک کە کۆمەڵانی خەڵکی وەگیان هێناوە. خەڵک لە بەرامبەر ئەم گوشارانەدا هیچ بژاردەیەکی تریان لەبەردەمدا نییە جگە لە خەبات و خۆڕاگریی. بەڵام لە هەمان کاتدا بە ر پر سیا ر ێتییە کی قورس کەوتووەتە سەر شانی هێزە سیاسیی و لایەنە چەپەکان، کە بە گرتنەبەری سیاسەتی گونجاو و بەرپرسانە زیانی گیانی جەماوەری نارازیی کەمتر بکەنەوە. ئەزموونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان نیشانی داوە کە خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان ئەگەرچی هێمایەکە لە خۆڕاگریی جەماوەریی، بەڵام لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە لە بەکارهێنانی چەکی گرم لە دژی خۆپیشاندەران دەست ناپارێزێت، زیانی گیانی قورسی لێدەکەوێتەوە. لەم هەلومەرجەدا مانگرتنی سیاسی گشتی دەتوانێت وەک تاکتیکێکی تەواوکەر و لە هەمان کاتدا کەم تێچووتر، جێگایەکی تایبەت بەدەست بهێنێت نکۆڵی لەوە ناکرێت کە مانگرتنی سیاسی گشتی گوشارێکی ئابووری دیاریکراو دەخاتە سەرشانی چین و توێژە کەمداهاتەکان، بەڵام ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەگەر ئەم تاکتیکە ناوە ناوە و لە مەودای زەمەنی دیاریکراو و بیرلێکراوەدا بەکاربهێنرێت، دەتوانرێت ئەم گوشارانە کەمتر بکرێتەوە. گرنگ ئەوەیە کە مانگرتنەکان بە شێوەیەک پلانیان بۆ دابنرێت کە نەک هەر کاریگەریی نەرێنی نەکاتە سەر توانای ئابووریی بنەماڵەی کرێکاری و زەحمەتکێش و کاسبکارانی

درێژە لە لاپەڕەی ٥

درێژە ی لاپەڕەی ٤

کەم دەرامەت. بەڵکوو بە پێچەوانەوە گوشارێکی بەرچاوی سیاسی و تەنانەت ئابووریش بخەنە سەر دەسەڵات لە ناوەندە کرێکارییەکان، بە تایبەت کاتێک مانگرتنەکان هاوکات بەشی خزمەتگوزاری شارەوانییەکان و ناوەندە ئابوورییە سەرەکییەکان دەگرێتەوە، دەتوانن گوشارێکی بەرچاوی ئابووریی بخەنە سەر ڕێژیم. ئەڵبەتە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە کوردستانی ئێران لە بنەڕەتدا ناوچەیەکی پیشەسازی نییە و پێکهاتە ئابوورییەکەی زیاتر لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری و بازاڕ دامەزراوە. لەمڕووەوە پێویستە بانگەوازەکانی مانگرتن لەم ناوچەیە بە وردبینی و بەرپرسیارێتی زیاترەوە ڕابگەیەندرێ بۆ ئەوەی گوشاری سەرەکی نەکەوێتە سەرشانی کاسبکاران و بازاڕیان، بەڵکوو لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا پەیامی سیاسی خۆی بە دەسەڵات بگەنێت

یەکێک لە گرنگترین پۆزەتیڤەکانی مانگرتنی سیاسی گشتی ئەوەیە کە دەرفەتی بەشداریکردن بۆ ئەو چین و توێژە لە دانیشتووان دەڕەخسێنێت کە هێشتا بە بزووتنەوە نارەزایەتیەکانی سەر شەقام پەیوەست نەبوون. زۆرێک لە هاوولاتیان، بە هۆکاری جۆراوجۆر، لەوانە ترس لە سەرکوت، بەرپرسیارێتی بنەماڵە، یان گرفتی جەستەیی، ناتوانن بەشداری خۆپیشاندانەکانی سەر شەقامەکان بن. مانگرتنی گشتی ڕێگایەک دەخاتە بەردەم ئەو کەسانە کە بتوانن بە شێوازێکی کەم مەترسیدارتر خۆیان لەگەڵ جەماوەری نارازیدا ببیننەوە و هاوسۆزی و هاوپشتی خۆیان لە بزووتنەوەکە ڕابگەیەنن هەندێک لەسەر ئەو بروایەن کە کاتێک جەماوەر لەسەر شەقامەکان نارەزایەتی دەردەبڕن، بانگەشەی مانگرتنی گشتی دەیانئێرێتەوە ماڵەوە و لە گۆڕەپانی خەبات دووریان دەخاتەوە. ئەم ئارگیومێنتە واقیعی نییە. یەکەم، هەروەک ئاماژەی پێکرا، بەشێکی زۆری خەڵکی نارازی هێشتا بەو خەبات و نارەزایەتیانەوە پەیوەست نەبوون و مانگرتن ڕێگەیەکە بۆ پەیوەستبوونیان. دووەم، مانگرتنی گشتی بە مانای ڕاگرتن و هەڵپەساردنی شێوازەکانی تری خەبات نییە تاکتیکی مانگرتنی گشتی کاتێک دێتە دەستووری کارەوە کە بەشێک بێت لە ستراتیژێکی هەمەلایەنە. ئەمە بە مانای وازهێنان لە حزووری ئاشکرا لەسەر شەقامەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایەتی و هەروەها کەمپەینی ڕاگەیاندن و شێوازەکانی تری خەبات نییە. بە پێچەوانەوە مانگرتنەکان دەتوانن بواری بەهێزتربوونی ئەو شێوازانەی دیکەی خەبات خۆش بکەن. ئەزموونی کوردستانی ئێران لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا نیشانی داوە کە ئاوێتەکردنی داهێنەرانەی تاکتیکە جۆراوجۆرەکان کاریگەریی زیاتریان بووە یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی مانگرتنی گشتی ئەوەیە کە ئاست و ڕەهەندی نارەزایەتییەکان لە قەبارەی ملیۆنیدا نیشان دەدات، بابەتێکی کە زۆرجار لە خۆپیشاندانەکانی سەر شەقام و بەتایبەت لە هەلومەرجی سەرکوتی توندا مومکین نییە. لە کاتێکدا لەوانەیە کە خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان بتوانێت تەنیا چەند هەزار یان تەنانەت دەیان هەزار کەسێک بێنێتە سەر شەقام، بەڵام مانگرتنی گشتی دەتوانێت هاوکات ملیۆنان کەس لە سەرانسەری کوردستان و تەنانەت هەموو ئێران کۆبکاتەوە ئەم نیشاندانی هێزی بەکۆمەڵە، هەڵگری پەیامێکی ڕوونە بۆ دەسەڵات ئەویش ئەوەیە کە: خەڵک یەکگرتوون و دەتوانن چەرخی ئابووری و کۆمەڵگا بوەستێنن. هەروەها ئەم نواندنی هێزە، وەری خەباتکارانەی کۆمەڵگاش بەرز دەکاتەوە و هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەڵکی تێکۆشەر دەگۆڕێت لەو ڕووەوە کە مانگرتنی گشتی سیاسی لە ئاستی جەماوەری و ملیۆنی دا بەڕێوە دەچێت، نەک هەر وەری خەباتکارانە لە کۆمەڵگادا بەهێز دەکات، بەڵکوو زەمینە بۆ پێشڕەوییەکانی دواتریش خۆش دەکات. هەر مانگرتنێکی سەرکەوتوو، متمانە بەخۆبوونی خەڵک زیاتر دەکات و نیشانیان دەدات کە هێزی گۆڕانکاری لە دەستی خۆیاندایە ئەزموونی کۆمەڵە لە کوردستان ئەوە دەردەخات کە مانگرتنی گشتی دەرفەتێکی زیاتر بۆ پێکهێنانی ڕێکخراو و خۆڕێکخستن دەڕەخسێنێت. لە پرۆسەی ئامادەکاری و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی مانگرتنەکەدا، تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بەهێزتر دەبن، پۆتانسێلی ڕێکخراوەیی زیاتر دەبێت و ڕێبەرایەتی نوێ شکڵ دەگرێت. ئەم پرۆسەیە بەستێنی پێویست بۆ هەنگاوی گەورەتری داهاتوو خۆش دەکات هەرچەند ڕەنگە مانگرتنی گشتی، هەندێک ویست و داخوازیی کۆمەڵایەتی-ئابووریی دیاریکراویش بێنێتە گۆڕێ، بەڵام بە کردەوە دەبێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ئاستی وشیاری گشتی بەرز دەکاتەوە و کۆمەک دەکات بە خەڵک تا باشتر لە ڕیشەی پێکهاتەیی کێشە و گرفتەکانیان تێبگەن. کاتێک کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و بازاڕیان لە یەک مانگرتنی هاوبەشدا کۆدەبنەوە، لەوە تێدەگەن کە کێشە و گرفتەکانیان لە یەکتر جیا نییە و هەموویان لە سیستەمێکی سیاسی-ئابووری ستەمکارەوە سەرچاوە دەگرن ئەم وشیارییە چینایەتی و سیاسییە پێشمەرجێکی پێویستە بۆ هەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی. حیزبە چەپ و هێزە سۆسیالیستەکانی کوردستان دەبێ بە باشی لەم پۆتانسێلی فێرکاری و ڕۆشنگەرانەی مانگرتن تێبگەن و لێی بەهرەمەند بن.

**لە باروودۆخی ئێستادا، ویست و داواکارییەکانی مانگرتنی سیاسی گشتی دەتوانێت بریتی بێت لەم خاڵانەی خوارەوە:**

- ئازادی خێرا و دەستبەجێی سەرجەم دەستبەسەرکراوانی سیاسی، لەوانە هەڵسووڕاوانی کرێکاری، چالاکانی مەدەنی و هتد، کە تەنیا بە هۆی بەکارهێنانی

درێژە لە لاپەڕەی ٦

کۆمەڵە
کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

## درێژە ی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە مانگرتنی سیاسی گشتی

مافی ڕەوای خۆیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە زیندانەکانی ڕێژیمدان

● کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و سەرکوت لە دژی خەڵکی نارازی، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانی سیاسی، کۆتاییهێنان بە ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری زیندانیان و دادگاییکردن و لێپرسینەوە لە تاوانبارانی کوشتاری بەکۆمەڵ

● ئامادەکردنی بودجەی گشتی لەسەر بنەمای پێویستی ڕاستەقینەی چین و توێژی هەژار و دەستکورت، نەهێشتنی خەرجییەکانی پەیوەست بە پرۆژە ئەتۆمی و مووشەکییەکان، کەمکردنەوەی بودجەی نیزامی و ئەمنییەتی و هەروەها کۆتاییهێنان بەو دەستێوەردانە ناوچەییانەی کە بەرهەمی ڕەنج و کاری ئەم خەڵکە بەفیڕۆ دەدەن

● زیادکردنی حەقدەست بەگوێرەی ڕێژەی هەڵاوسانی ڕاستەقینە، دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ هەمووان، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاتی و پەیمانی و گۆڕینی بۆ دامەزراندنی فەرمی، هەروەها دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش

● کۆتایی هێنان بە ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی لە دژی خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران

پاراستنی یەکڕیزیی جەماوەر تا گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانیان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان و لە سەرتاسەری ئێران ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دوژمن بەردەوام هەوڵ دەدات بە دروستکردنی کەلێن و ناکۆکی نەتەوەیی، ئایینی، چینایەتیی و جیاوازی تەمەن، یەکگرتوویی جەماوەر لەناو ببات.

**لەم پێوەندییەدا لایەنە سیاسیی و هێزە چەپەکان بەرپرسیارێتییەکی قورسیان لە ئەستۆدایە.**

**یەکەم:** پێویستە بانگەوازەکانی مانگرتن بەرپرسیارانە، لە کاتی خۆیدا و بە لەبەرچاوگرتنی توانا و پۆتانسێلە ڕاستەقینەکانی جەماوەر دەربکرێت. بانگەوازی سەرەڕۆیانە و بەبێ پشتیوانی جەماوەریی نەک هەر سەرکەوتوو نابێت، بەڵکوو متمانەی جەماوەریش لەدەست دەدات

**دووهەم:** پێویستە هەوڵەکانی ڕێژیم و دەست و پێوەندەکانی بۆ ناکۆکی و دووبەرەکی نانەوە پووچەڵ بکرێنەوە. ڕێژیم هەوڵ دەدات بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و پڕوپاگەندەی ناڕاست، هەڕەشە و تۆقاندن و تەنانەت دروستکردنی قەیرانی دەستکردیش، خەڵک لە مانگرتن پاشگەز بکاتەوە یان یەکڕیزییەکەیان تێک بشکێنێت. وەڵامی پێویست بەم پیلانانە بریتییە لە دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی بەهێز و ڕاگەیاندنی جەماوەریی چالاک و ڕێکخستنی لەخوارەوە لە گەڕەک و کارگە و شوێنەکانی کار

کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە ئەزموونی دەوڵەمەندی خەباتکارانەی خۆی، دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕێکخستن و ڕێبەرایەتی و مانگرتنە سیاسییە گشتییەکاندا بگێڕێت.

**هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی لە گواستنەوەی ئەو ئەزموونانە بۆ سەرتاسەری ئێران بگێڕێت.**

**لەم پێوەندییەدا پێویستە:**


● توانایی و پۆتانسێلی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەت سەبارەت بە هەلومەرجێکی تایبەت و هەروەها دەستنیشانکردنی کاتی گونجاو بۆ مانگرتن و دیاریکردنی ویست و داواکاریی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجە بابەتییەکە بەکاربهێنن

● لە پێناو پێکهێنانی کردەی هاوبەش لە نێوان هێزە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەییەکاندا تێبکۆشن. مانگرتنی گشتی کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە هەموو ڕەوت و لایەنەکان، سەرەڕای بوونی وردە جیاوازییەکان، لەپێناو ئامانجێکی هاوبەشدا کۆببنەوە

● پەیوەندی نزیک لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکارییەکان، موعەلیمان، خانەنشینان، خوێندکاران، و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دروست بکەن و لە تواناکانیان بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەر بەهرەمەند بن.

● ڕاگەیاندنە سەربەخۆ و جەماوەرییەکان بەهێزتر بکەن تا بتوانن پەیامی مانگرتنەکە بەگوێی هەموو لایەک بگەیەنن و پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

مانگرتنی سیاسی گشتی نە ڕێگەچارەیەکی سیحراوییە و نە تاکە تاکتیکی بەردەستە. بەڵام لەم دۆخەی ئێستای کوردستانی ئێران و هەموو ئێراندا، یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکانی خەبات کە دەتوانێت بە تێچوویەکی تارادەیەک کەمتر گوشارێکی سیاسی بەرچاو بخاتە سەر ڕێژیم، خەڵک لەدەوری یەکتر کۆبکاتەوە و ڕێگا بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیتر خۆش بکات.



ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدات کە گەورەترین دەستکەوتەکانی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش، لە مانگرتنە گشتییەکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە کۆمۆنی پاریسەوە بگرە تا شۆڕشی ئۆکتۆبر و لە بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیزمەکانەوە تا شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧، مانگرتنی گشتی لە هەموو شوێنێک ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە. ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێران هەلومەرجەکە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو نەریتە شۆڕشگێڕانەیە ئامادەیە. خەڵک لەو دۆخەی ئێستا بێزار بوون، گوشارە ئابووری و سیاسییەکان گەیشتوونەتە ئاستی تەقینەوە و نارەزایەتی گشتیش هەموو چین و توێژەکانی گرتووەتەوە. ئەوەی کە پێویستە بریتییە لە کاری ڕێکخستنی ژیرانە، ڕێبەرایەتییەکی بەرپرسیار و پابەند و هەروەها یەکگرتوویی هێزە پێشکەوتنخوازەکان.

مانگرتنی سیاسی گشتی لەم قۆناغەشدا هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، دەتوانێ خاڵێکی وەرچەرخان بێت لە خەباتی خەڵکی کوردستان و ئێراندا. دەتوانێت نیشان بدات کە هێز و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی جەماوەردایە و کاتێک یەکبگرن، هیچ دەسەڵاتێکی ستەمکار ناتوانێت لە بەرامبەریاندا خۆڕابگرێت. ڕێگاکە سەخت و دژوارە، بەڵام مەحاڵ نییە. هەروەها مێژوو فێرمان دەکات کە ئەو جەماوەرەی لەپێناو ئازادی و دادپەروەرییدا خەبات دەکەن، سەرەنجام سەردەکەون

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**١٤ی بەفرانباری ١٤٠٤**
**٤ی ژانوییەی ٢٠٢٦**

****

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەرە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com



# کوردستان لە بەرانبەر تاوانەکانی ڕێژیمدا بێدەنگ نابێ

بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە کوردستان بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکانی ئێران و مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم لە ناوچەکانی کرماشان، ئیلام و لوڕستان

ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاری:

کوردستان لە بەرانبەر تاوانەکانی ڕێژیمدا بێدەنگ نابێ

(بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە کوردستان بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکانی ئێران و مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم لە ناوچەکانی کرماشان، ئیلام و لوڕستان)

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**

**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان!**

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی!**

شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان لە ئێران دەچێتە دەیەمین ڕۆژی خۆی. ئەم ناڕەزایەتییانە "نا"گوتنێکی ئاشکرا، بەرز و گشتیی دیکە بە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییە، سەبارەت بەو هەموو نەهامەتییەی لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا بۆ گەلانی ئێرانی بەدیاری هێناوە. ئامانجی ئەم ناڕەزایەتییانە لە ئێران و کوردستان ستاندنی ماف و ئازادی، گەڕاندنەوەی کەرامەتی ئینسانی و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی حاشاکردن، پەراوێزخستن، کوشتن، تێرۆر و هەڵاواردنە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانە

کوردستان لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا پێشەنگ و ڕچەشکێنی ئەو "نا"گوتنە و سەنگەری هەمیشەیی و لەگیراننەهاتووی ئازادیخوازی و بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی بووە. هەروەها بە بزووتنەوەی ژینا، "ژن، ژیان، ئازادی" دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی تووشی گەورەترین قەیرانی شەرعییەت لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کرد. سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان لە ناوچەکانی خوارووی کوردستانیش پێشانی دا کە ژیلەمۆی ئەو ڕاپەڕینە هەروا گەشاوەیە، بۆیەشە خۆپێشاندانەکان بە توندی سەرکوت کران و لە مەلەکشایی تاوانێکی گەورە خوڵقێندرایەوە

ئێمە سەرکوتی خۆپێشاندانەکان و گرتنی خەڵکی ناڕازی و مافخوازی ئێران کە سیاسەتی هەمیشەیی دەسەڵاتی ئێران بووە، بە توندی مەحکووم دەکەین و بە مەبەستی پشتیوانی لە ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان و هاوپێوەندی لەگەڵ هاونیشتمانانمان لە کرماشان، ئیلام و لوڕستان داوای مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ی بەفرانباری ١٤٠٤دا دەکەین

کوردستان بەم مانگرتنە گشتییە جارێکی دیکە "نا"یەکی گەورەی تر بە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی دەڵێتەوە و پێ لەسەر مافەکانی دادەگرێتەوە کە ئازادی، یەکسانی و مافە ڕەواکانیەتی. داوا لە سەرجەم حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئێران و کوردستانیش دەکەین بە هاودەنگی و یەکگرتووانە لە بەرانبەر تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەڵوێستیان هەبێ و بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن

**بژی هاوپشتی و یەکگرتوویی خەڵکی مافخوازی کوردستان!**

**بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی ئێران!**

**– پارتی ئازادیی کوردستان**

**– پارتی ژیانی ئازادی کوردستان**

**– سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**

**– کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**– کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**– کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**– حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**سێشەممە، ١٦ی بەفرانباری ١٤٠٤**

****

# دەرفەت و مەترسییەکانی بەردەم ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەی ئێستە

ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەی ئێستای ئێران کە لە ناڕەزایەتی بە گرانی و دابەزینی بەهای دراوی فەرمی دەستی پێکرد، خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی خەبات و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا. ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی ناوازەیە کە لە ناڕەزایەتییەکانی پێشووی جیا دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک پرسیاری جددی سەبارەت بە داهاتووی سیاسی ئێران دەوروژێنێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم ئاخێزەی ئێستا بریتییە لە پێکهاتەی بەربڵاو و هەمەچەشنی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی بەشدار لەو ئاخێزە دا. ئەم بزووتنەوەیە بە پێچەوانەی ناڕەزایەتییەکانی ڕابردوو کە زۆرتر یەک یان چەند گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی لەخۆ دەگرت، بەشێکی بەربڵاو لە کۆمەڵگای لەخۆگرتووە، لەوانە: خوێندکاران کە بەردەوام پێشەنگی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بوون، کرێکاران کە بڕبڕەی پشتی ئابووری ئێران پێکدەهێنن و لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانی ئەم سەردەمەدا ڕۆڵێکی سیاسیی بەرچاویان بینیوە، ژنان کە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا هەبووە، کاسبکاران و بازاڕیان بەو پێگە و کاریگەرییە ئابوورییەی کە هەیانە، پەراوێزنشینانی شارەکان و خانەنشین و فەرمانبەرانی دەوڵەت، هەموویان لەم شەپۆلە ناڕەزایەتییەدا بەشدارن. کاتێک چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بە بەرژەوەندی و کەڵکەڵەی جیاوازەوە، لە دەوری داواکارییەکی هاوبەش کۆدەبنەوە، بە مانای شکستێکی بنەڕەتییە لە بناغەکانی دەسەڵاتی ڕژێمدا. بەشداری بازاڕیان کە بە شێوەیەکی نەریتی بە پێگەی پارێزخوازی ڕێژیم دادەنران و هەروەها فەرمانبەرانی دەوڵەت کە مووچەخۆری ئەو سیستەمەن، نیشانەی دارمانی پێگە پشتیوانییەکانی ڕێژیمە. ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی هێز و مەشروعییەتی بزووتنەوەکە زیاتر دەکات، هەندێک ئاڵەنگاریش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کۆمەڵگای ئێرانیش وەک هەر شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانە، کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە و چین و توێژە جیاوازەکان خاوەن ویست و داواکاری و ئەولەویەتی جیاوازن. دروستکردنی هاوئاهەنگی لە نێوان داواکاری و ئەولەویەتە جیاوازەکان بەمەبەستی

دریژە لە لاپەڕەی ٨

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

درێژە ی لاپەڕەی ٧

پاراستنی یەکرێزی، یەکێکە لە ئاستەنگە بنەڕەتییەکانی بەردەم ئەم بزووتنەوەیە. یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بریتییە لە نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی ناوەندیی لە ئاستی سەرتاسەری دا. ئەگەرچی لە ئاستی ناوچەیی و گەڕەکەکاندا سیما و ڕێبەرانی ناسراو بوونیان هەیە کە توانیویانە نارەزایەتییەکان ڕێکبخەن، بەڵام لە ئاستی سەرتاسەریدا هیچ کەس و حیزب و گرووپێکی دیاریکراو ڕێبەرایەتی بزووتنەوەکە ناکات. کوردستان خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاریکراوە کە تا ڕادەیەک لەم بواردا ئیستسنایە. ئەم هەلومەرجە گشتییەی بزووتنەوەکە لە ئاستی سەرتاسەریدا لایەنی ئەرێنی و نەرێنی تایبەت بەخۆی هەیە. لە لایەکەوە بزووتنەوەکە لە بەرامبەر سەرکوتی ئامانجداردا خۆڕاگرتر دەکات، بەجۆرێک کە ڕژیم ناتوانێت بە دەستبەسەرکردنی یەک یان چەند کەس لە ڕێبەران، بزووتنەوەکە دابمرکێنێتەوە. هەروەها ئەم پێکهاتەیە ڕێگە دەدات تاکتیک و داهێنانی نوێ و هەمەچەشن لە ئاستە جیاوازەکاندا شکڵبگرن و بزووتنەوەکە پۆتانسێلێکی زیاتر لەخۆی نیشان بدات یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووخانی هەر ڕژێمێکی سەرەڕۆ و پاوانخواز، بریتییە لە دارمانی دام و دەزگا سەرکوتگەرەکەی. مێژوو دەریخستووە کە کاتێک هێزە ئەمنی و نیزامییەکان سەرپێچی لە فەرمانەکان بکەن، ڕیزەکانی ئەرتەش جێ بهێڵن یان لە کوشتاری خەڵک خۆ ببوێرن، واتە کۆتایی دەسەڵات نزیکە. بەردەوامبوونی ئەو بزووتنەوەیە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەڵوەرینی و ماندوو کردنی هێزەکانی دوژمن. تێکەڵەیەکی داهێنەرانە و هۆشیارانە لە پێشڕەویی، بەرگریی و پاشەکشە، لە هەمان کاتدا کە دەرفەتی خۆڕێکخستن بە بزووتنەوەکە دەدات، هاوکات زەمینە بۆ هەڵوەرینی هێزەکانی دوژمن خۆش دەکات. هەر نارەزایەتییەکی ڕۆژانە، هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی شەوانە و هەر خۆپیشاندانێکی سەر شەقام، وردە وردە وورەی هێزە سەرکوتگەرەکان لاواز دەکات. پاسداران و بریکاراکانیش ئینسانێکن خاوەن بنەماڵە و هەست و ویژدان و لەناو کۆمەڵگادا دەژین و چاویان بە چاوی دەر و هاوساکانیانەوەیە، بێ گومان ژمارەیەکیان بەردەوام ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبنەوە کە ئایا دەبێ پابەندی فەرمانەکان بن، یان لە بەها مرۆییەکانی خۆیان پەیڕەوی بکەن. بەڵام بەم حاڵەشەوە دەبێت واقیعبینانە دان بەوەدا بنێین کە هێشتا هیچ نیشانەیەکی ڕوون لە دوودڵی و ڕاڕایی ئەوتۆ لە ناو هێزە ئەمنییەکاندا دروست نەبووە سەبارەت بە بەکارهێنانی سەرکوتی توند و ڕێژیم هەروا بەردەوامە لە بەکارهێنانی توندوتیژیی سیستماتیک بۆ ڕاگرتنی نا ڕ ە زا یە تییە کا ن خاڵی جێگای سەرنج بریتییە لە بەکارهێنانی هێزە پرۆکسییە بیانییەکان لەلایەن ڕژێمەوە. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە بوونی



هێزەکانی حیزبوڵای لوبنان و حەشدی شەعبی عێراق لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران دا دەکەن. ئەم بابەتە دەتوانێت نیشانەی بێمتمانەیی ڕژێم بێت تەنانەت بە هێزەکانی خۆی لەوانە سپای پاسداران و بەسیج. بە هەموو ئەمانەشەوە پرسیار ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لێواری ڕووخاندایە؟ وەڵامدانەوەی ڕوون بەم پرسیارە ئەستەمە. بەڵام ئەوەی کە حاشا هەڵنەگرە، بوونی گەلێک بەڵگە و فاکتی ڕوونە کە نیشانی دەدەن ڕژیم لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی فرەڕەهەند بەرەوڕووە کە بۆ هیچ کامیان ڕێگەچارەی نییە. ئەم قەیرانە فرەچەشنانە کاریگەری دەکەنە سەر یەکتر و خۆ دەربازکردنی ڕژێم لێیان گەلێک دشوارە. ڕژیم تا ئێستا تەنیا بە پشت بەستن بە سەرکوت و لە نەبوونی بەدیلی جێگرەوەدا لەسەرکار ماوەتەوە. یەکێک لە لاوازییە بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، بریتییە لە نەبوونی ئاراستەیەکی ستراتێژیی ڕوون و ئاشکرا. ڕژیم لە دووڕیانێکی وجودیدا گرفتار بووە، نە دتوانێت لەسەر بنەما ئیدئۆلۆژییە توندەکانی خۆی پێداگری بکات و نە دەتوانێت وازیان لێ بهێنێت بەبێ ئەوەی مەشرعییەتی ئایینی خۆی لەدەست بدات. لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، ستراتێژی پشتبەستن بە هێزە بە وەکالەت و کردەوەی تیرۆریستی بۆ سەپاندنی خۆی بەسەر ڕۆژئاوا و ئەمریکادا، ئیتر نەک هەر کاریگەری نییە، بەڵکوو تەنانەت بوونەتە خاڵی لاوازی ڕژێم بۆ مانەوە. شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" گورزێکی توندی لە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئیدئۆلۆژی ڕێژیم دا. لە ڕاستیدا بە وازهێنان لە جێبەجێکردنی یاسای حیجابی ناچاریی، یەکێک لە پایە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم دارما. ئەم پاشەکشەیە، نیشانەی بێتوانایی ڕژێمە لە جێبەجێکردنی بیروباوەڕەکانی خۆیدا. ئەم قەیرانی شوناسە ڕژیمی خستووەتە دۆخێکەوە کە نازانێت چۆن خۆی پێناسە بکاتەوە. ئەم سەرلێشێواوییە ستراتێژیکە، خۆی هۆکارە بۆ دارمانی هەرچی خێراتر لە هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا هەوڵی بەلاڕێدابردن یان ناشیرینکردنی دەدرێت. لەم ئاخێزەی ئێستادا دوو بابەت جێگەی سەرنجە: یەکەم، پڕوپاگەندەی میدیای فارسی زمانە ڕۆژئاواییەکان بۆ نیشاندانی کوڕی شا وەک بەدیلی جێگرەوە. ئەگەرچی بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ڕەوتە پڕوپاگەندەیەکی زۆر دەکرێت، بەڵام لەناو کۆمەڵگای ئێراندا خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ نییە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە، خودی ڕێژیم فەرمانی کردووە بە دارودەستەی خۆی کە لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بن و دروشمی سەڵتەنەتخوازانە بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک لە ئاکامی خەباتەکەیان بێهیوا و ڕەشبین بکەن. دووەم: سووتاندنی ئەم دواییەی مزگەوتەکان بەشێکە لەو پرۆژەی ڕەشبینکردنی خەڵکی ڕاپەڕیو کە بێ گومان کاری بەکرێگیراوانی

درێژە لە لاپەڕەی٨



## درێژەی دەرفەت و مەترسییەکانی بەردەم ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەی ئێستا

خودی ڕێژیمە. ئامانج لەو کارە ئەوەیە کە ئەو بەشەی کۆمەڵگا کە هێشتا هەستی ئایینییان تێدایە، لە دژی بزووتنەوەی مافخوازانەی جەماوەر هانبدەن

نابێت لەوە غافڵ بین کە لەوانەیە یەکێک لە سیناریۆکان بریتی بێت لە ئەگەری کودەتایەکی سپای پاسداران و لابردنی خامنەیی و پزیشکیان و هاوشێوەکانیان. ڕێبەرانی سپای پاسداران کە دەسەڵاتێکی گەورەی ئابووری و سەربازییان لەبەردەستدایە، لەوانەیە دواجار بگەنە ئەو ئاکامەی کە بەرگریکردن لەم ڕژێمەی ئێستا بە تێچووی لەدەستدانی بەرژەوەندی و سەروەت و سامانەکەیان تەواو دەبێت. لە ئاوا بارودۆخێکدا ئەگەری زۆرە کە بەشێک لە ڕێبەرانی سپای پاسداران و ئەرتەش، بریار بدەن خۆیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، بە پاساوی ئەوەی کە "لایەنی جەماوەریان گرتووە" و ئاخوندە گەندەڵەکانیان دوور خستووەتەوە. لە ئاوا سیناریۆیەکدا، سپای پاسداران هەوڵ دەدات بە کەمترین گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا، خۆی بپارێزێت. ئەم سیناریۆیە بۆ ئەم بزووتنەوە ئازادیخواز و مافخوازەی ئێستا مەترسیدارە، چونکە دەتوانێت وزەی شۆڕشگێڕانە لەناو ببات و سەرئەنجام ببێتە حکوومەتێکی نیزامی بە ڕواڵەتێکی نوێ و هەڵگری مەیلی فاشیستی و پۆپۆلیستی، بەبێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا. نموونەی لەم جۆرە گەلێکن لە مێژووی جیهاندا

پووچەڵکردنەوەی ئەم مەترسیانە لە گرەوی جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردایە. لەم قۆناغەی خەباتدا، مانگرتنی کرێکاری، بەتایبەتی لە ناوەندە هەستیارە ئابوورییەکان، بەشی خزمەتگوزارییەکانی شار و گواستنەوەی کاڵا و شتومەک، دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت. ئەم مانگرتنانە لە دوو ڕووەوە گرنگن: یەکەم، مانگرتنە کرێکارییەکان هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی جەماوەری ناڕازی دەگۆڕێت. لەکارخستنی چەرخی ئابووری، بڕینی خزمەتگوزارییەکانی شار و وەستاندنی پرۆسەی گواستنەوە، گوشارێکی یەکجار زۆر دەخاتە سەر ڕژێم کە تەنیا بە سەرکوتکردن وەڵامی پێنادرێتەوە. مانگرتنی بەربڵاو و ڕێکراوی کرێکاریی چەکێکی کاریگەرە کە دەتوانێ ڕژیم ناچار بە پاشەکشە بکات. دووەم و ڕەنگە لەوەش گرنگتر، مانگرتنی کرێکاریی کۆمەک دەکات بە ڕێکخراوبوونی بزووتنەوەکە. ناوەندەکانی کار بەتایبەت کارگە و ناوەندە پیشەسازییە گەورەکان لە زومرەی ئەو شوێنانەن کە کرێکاران بە شێوەیەکی سروشتی ڕێکخراون و تۆڕی پەیوەندییان هەیە. ئەزموونی مانگرتن، کرێکاران بۆ فێربوونی شێوازەکانی خۆڕێکخستن و بڕیاردانی بەکۆمەڵ و هەماهەنگی، ڕادەهێنێت. ئەم ڕێکخراوبوونە بۆ سەرکەوتنی کۆتایی بزووتنەوەکە، زۆر گرنگە. بەبێ بوونی ڕێکخراوەکان، تەنانەت بەربڵاوترین ناڕەزایەتییەکانیش دەتوانن وردە وردە دابمرکێنەوە یان لە بەرامبەر سەرکوتی توندا دەوام نەهێنن. مانگرتنە کرێکارییەکان دەتوانن ڕێکخراوگەلێک پێکبهێنن کە بتوانن لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تەنانەت دوای ئەگەری ڕووخانی ڕژیمیش، ڕۆڵی ڕێبەرایەتی و ڕێکخەر بگێڕن

****



# با بە هەموو هێزمانەوە پشتیوانی بکەین لە بزووتنەوەی بەفرانباری ۱۴۰۴

شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران کە ڕۆژی ٧ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤ دەستی پێکرد، ئێستا پێی ناوەتە هەشتەمین ڕۆژی خۆیەوە. ئەم ئاخێزە کە لە سەر بەستێنی قەیرانێکی قووڵی ئابووری و داڕمانی ڕیاڵ هاتووەتە ئاراوە، پانتایی جوگرافیایی بەرچاوی لەخۆگرتووە و لەگەڵ کاردانەوەیەکی سەرکوتگەرانەی توندی ڕێژیم بەرەوڕوو بۆتەوە. بەپێی زانیارییەکان، خۆپیشاندانەکان تا ئێستا ٤٦ شاری ٢٢ پارێزگای وڵاتی گرتووەتەوە. لە گەڕەکەکانی نارمەک، سادقییە و تاران-پارس لە پایتەختەوە بگرە تا شارەکانی شیراز، کازرون، ئیسفەهان، مەشهەد، کرماشان، یاسوج، دزفوول، بۆجنوورد و زابول و هتد، خەڵک ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان دۆخێکی ئەمنییەتی زۆر توند بەسەر شاری سنەدا زاڵبووە و لە دوانیوەڕۆی دوێنێوە هێزە نیزامییەکان جێگەی خۆیان داوە بە هێزە تایبەتەکانی سپای پاسداران. کۆنترۆڵی توند و لاوازکردنی بەرچاوی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و بەشی پەیوەندییەکان، ئیمکانی چاوەدێریی سەربەخۆ و دەستبەجێی دۆخەکەی گەلێک دشوار کردووە

سەرکوتی توندوتیژانەی ئەم ناڕەزایەتیانە تا ئێستا بووەتە هۆی گیانلەدەستدانی لانیکەم یازدە کەس لە شارە جۆراوجۆرەکان. قوربانیان لە شارەکانی ئازنا، فولادشار، لۆردەگان، کوهدەشت، مەرڤدەشت، کوار، هەرسین و دولفان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت یان لە کاتی سەرکوتکردندا گیانیان لەدەستداوە. هەروەها دەیان کەسیش بریندار بوون و لانیکەم ١١٩ کەسیش دەستگیر کراون. یەکێک لە ڕاپۆرتە هەرە تاڵەکان سەبارەت مەلەکشاهی سەر بە پارێزگای ئیلامە. بەپێی هەواڵی سەرچاوە خۆجێییەکان، هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیم بەشێوەیەکی توند هێرشیانکردووەتە سەر کۆبوونەوەی هێمنانەی هاووڵاتیان، کۆبوونەوەیەکی کە پێکهاتبوو لە بنەماڵەکان و ژنان و منداڵان. عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە یەکەم کاردانەوەی بەرامبەر بە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەدا، خۆپیشاندەرانی بە "ئاژاوەگێڕ" ناوبرد و وتی، "قسەکردن لەگەڵ ئاژاوەگێڕ هیچ سوودێکی نییە، ئاژاوەگێڕ دەبێت لەسەر جێگەی خۆی دابنرێت". ئەم هەڵوێستە زەمینەی سەرکوتی خۆش کردووە. بەڵام ئەم شێوە لێدوانە نەک هەر لەڕووی هێزەوە نییە، بەڵکوو لەڕووی داماوییەوەیە. واقیعییەت ئەوەیە کە تا ئێستا ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان پایەکانی هێزی ڕژیمیان هێناوەتەلەرزە. هەرچەندە ئەم ناڕەزایەتیانە لەسەر بەستێنی قەیرانێکی قووڵی ئابووری و داڕمانی ڕیاڵ هاتووەتە ئاراوە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی زۆر لەوە قووڵترە. هەژاری و نایەکسانی لەڕادەبەدەر، بە پارەکردنی پەروەردە، سەرکوتکردنی سیستماتیکی فەزای زانکۆ، ستەمی چینایەتی و جێندەری و هەروەها قەیرانە ژینگەییەکان بە تێکرا ڕۆڵیان هەبووە لە شکڵگرتنی ئەم ئاخێزە دا لە زانکۆکانی تاران،

درێژە لە لاپەڕەی ١٠

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

درێژەی لاپەڕەی ٩

بەهەشتی، عەلامە، عیلم و سەنعەت و هەروەها زانکۆی تەربییەت مودەڕس، کۆمەڵێک لە چالاکانی خوێندکاریی لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی مێژوویی زانکۆ لە خەبات لەدژی ستەم و سەرەڕۆیی، هەڵوێستێکی ڕوونیان دەربڕیوە. ئەوان بە دروشمی "نە پەهلەوی، نە ڕێبەریی، ئازادی و بەرابەری" و "نە کۆماری ئیسلامی، نە پاشایەتی و نە موجاهید"، هەرسێکیان ڕەتکردۆتەوە. ئەم خوێندکارانە کە خۆیان بە درێژەی نەریتی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەردەمی پەهلەوییەوە تا ئێستا دەزانن، بە وەبیرهێنانەوەی ئاخێزی "ژن، ژیان، ئازادی"، خوازیاری هاودەنگی و یەکگرتن لە دەوری ئازادی، یەکسانی و ڕزگاربوون لە هەر چەشنە دیکتاتۆرییەتێک بوون. ئەوان زانکۆ بە "ناوەندی پەیوەندی نێوان بۆچوونە جۆراوجۆرەکان" دەزانن.

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە، کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاریی، کرێکارانی خا نە نشینکر ا و ی خوزستان و گرووپی یەکێتی خانەنشینان لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا، ئەم دۆخەی ئێستایان بە دەرئەنجامی "قەیرانێکی پێکهاتەیی قووڵ" لە سیستەمی سەرمایەداریی دەسەڵاتداردا وەسف کردووە ئەم ڕێکخراوانە بە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی کرێکاران، موعەلیمان، ژنان، لاوان و نەتەوە ستەملێکراوەکان لە نارەزایەتییەکاندا، ئەو سەرکوتە بەربڵاوەیان ئیدانە کردووە. ئەوان بە دروشمی "با یەکگرتوو بین، ڕێکخراوبین و چارەنووسی خۆمان بگۆڕین" جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەبێ ڕێکخراوبوون و یەکڕیزیی هێزە پێشکەوتنخوازەکان، بوونی ستراتیژێکی ڕوون و خۆڕێکخستنی کرێکاران و ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخواز، هیچ بزاڤێکی شۆڕشگێڕانە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

دایکانی پارکی لالەی ئێران لە بەیاننامەیەکی نوێدا ئاخێزی بەفرانباری ١٤٠٤یان بە درێژکراوەی نا ڕ ە ز ا یە تییە کا نی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" ناوبردووە. ئەوان بە خستنەڕووی ناوی ژمارەیەک لە گیانبەختکردوانی ئەم دواییە، سەرکوت و کوشتاری خۆپیشاندەرانیان بە توندی ئیدانە کردووە. ئەو دایکانە هەشت داواکاری سەرەکییان خستۆتە ڕوو کە بریتین لە: ئازادی بێ شەرت و مەرجی زیندانیانی سیاسی و ئەقیدەتی، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و جۆرەکانی تری توندوتیژی دەوڵەتی، دادگاییکردنی ئاشکرای بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی سەرکوت، ئازادی ڕادەربڕین و جل و بەرگ، مافی نارەزایەتی و پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ، نەهێشتنی هەڵاواردن و جیایی دەین لە دەوڵەت. بەڵام هۆشداریی گرنگی دایکانی پارکی لالە، سەبارەت بە مەترسییەکانی "دیکتاتۆریەتی نوێ"ە. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پشتبەستن بە دەستێوەردانی دەرەکی دەتوانێت ئێران بە چارەنووسێکی هاوشێوەی وڵاتەکانی وەک ئەفغانستان و عێراق دووچار بکات

ئەوەی لە بەیانییەی هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بریتییە لە یەکگرتوویەکی بابەتی سەرەڕای بوونی ئەدەبیاتێکی هەمەچەشن. خوێندکاران، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕزگاربوون لەدەست هەر چەشنە دیکتاتۆرییەتێک، کرێکاران بە شیکاری چینایەتی و جەختکردنەوە لەسەر قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداری و دایکان، بە جەختکردنەوە لەسەر مافی مرۆڤ و هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان، هەموویان جەخت لەسەر مافی نارەزایەتی و پێویستی خۆبواردن لە سەرکوتی توندوتیژانە دەکەنەوە. ئەم هاوپشتییە لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، لە خوێندکارەوە بگرە تا ڕێکخراوە کرێکارییەکان، دۆکیۆمێنتاران، دایکانی دادخواز و چالاکانی سیاسی، بە ئەدەبیاتێکی جیاواز بەڵام دەربڕی ئامانجی هاوبەش، یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئاخێزی بەفرانبار. لە کاتێکدا نارەزایەتییەکان لە دەیان شار هەروا بەردەوامە، ئاسۆیان لە سایەی سەرکوتی سیاسی و خراپتربوونی قەیرانی بژێوی ژیانیاندا نادیارە بەڵام هەروا بە تین و تەوژمن. سنووردارکردنی ئینتەرنێت و گوشارە ئەمنییەکان، کوژران و برینداربوونی خۆپیشاندەران و دەستگیرکردنی بەربڵاو، سەرجەم ئاماژەن بۆ ئیرادەی ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی توندتر. بەڵام هەروەک مێژوو نیشانی داوە، سەرکوت هەرگیز ناتوانێت بۆ هەمیشە هاواری چەوساوەکان کپ بکات. ئاخێزی بەفرانباری ١٤٠٤ قۆناغێکی دیکەیە لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەپێناو ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری دا. قۆناغێکی کە ئاسۆی سەرکەوتنی بە ڕووی کۆمەڵگای ئێراندا کردۆتەوە

****



# خەبات بەردەوامە و ئاسۆ ڕوونە

ئەو شەپۆلە نوێیەی نارەزایەتییە جەماوەرییەی کە ئێستا دەیان شاری ئێرانی گرتۆتەوە، ڕەنگدانەوەی قووڵی قەیرانی ناو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییە. ڕێژیمێکی کە ئیتر جگە لە سەرکوت و ترس و تۆقاندن هیچ وەڵامێکی بۆ ویست و داخوازییەکانی جەماوەر نییە، ئێستا لەگەڵ شەپۆلێک لە ڕق و بێزاریی بەرەوڕووە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری و نەهامەی ئابووری و داماوییەکی موتڵەق. کۆماری ئیسلامی لە لێواری ئیفلاسی دارایی و دارمانی ئابووریدایە. ئەو قەیرانە فرەڕەهەندانەی کە بەرۆکی ڕژیمیان گرتووە، چیتر بە فریوکارییە ئاساییەکان بەڕێوە بەڕێوە نابرێت. هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ باشتربوونی بارودۆخی ژیانی خەڵک بەدی ناکرێ و سەرکوتیش نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات. هاوکات ڕێژیم بە ناردنی کورتە نامە هەڕەشە لە خەڵک دەکات و بە ڕاگەیاندنی پشووی فەرمیی چەند ڕۆژە، وەک هەوڵێکی شکستخواردوو بۆ کۆنترۆڵکردنی تە شە نە سە ند نی نارەزایەتییەکان، نیشان دەدات کە ئامرازگەلێکی کاریگەری بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو شەپۆلە لەبەردەستدا نییە لە ئاوا هەلومەرجێکدا، بە ناچاری خەبات و نارەزایەتی بازاڕیان، کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و چین و توێژە بێبەشەکانی تر، هەرچی زیاتر پەرەدەسێنێت. چاوەڕوانیی شەپۆلی ئاخێزی بەهێزتر دەکرێت کە دەتوانێ خاڵێکی وەرچەرخان بێت لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێراندا ئەگەرچی ئەم نارەزایەتیانە لە بازاڕەوە دەستی پێکرد، بەڵام بە خێرایی چوارچێوەی بەرتەسکی بزووتنەوەیەکی پیشەیی تێپەڕ کرد. چین و توێژە نارازییە جۆراوجۆرەکان، لە کرێکاران و بازاڕیانەوە بگرە تا موعەلیمان، خوێندکاران و پەراوێزنشینان، نەک هەر لە شارە گەورەکان بەڵکوو لە شار و شارۆچکە بچووک و گوندەکانیشەوە بەم شەپۆلی نارەزایەتییەوە پەیوەست بوون. ئەم هاودەنگی و لێکنزیکبوونەوە خۆڕسکە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو قەیرانە چیتر تەنیا لە چین و توێژێکی تایبەت یان ناوچەیەکی دیاریکراودا بەرتەسک نابێتەوە، بەڵکوو هەموو کۆمەڵگای لەخۆ گرتووە. لەم پێوەندییەدا ڕێژیم تەنیا بە سەرکوت ڕازی نییە، بەڵکوو هەوڵدەدات ئاراستەی نارەزایەتییەکانیش بەلاڕێدا ببات. هەندێک لایەنی سەر بە حکوومەت بە هاودەنگی لەگەڵ بەشێک لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی سەر بە سەڵتەنەتخوازان لە دەرەوەی وڵات هەوڵ دەدەن کەشێکی ساختەی ئەوتۆ دروست بکەن کە گۆیا ئامانجی نارەزایەتییەکان بریتییە لە گەڕاندنەوەی ڕژێمی پێشوو. بەڵام ڕاستییە بابەتییەکان و تێبینییە مەیدانییەکان پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدەن. خەڵک خوازیاری نان، کار و ئازادین و دەستەبەربوونی هیچکام لەم ویست و داواکاریانە لە سیمای ڕێژیمی سەڵتەنەتی دا بەدی ناکەن. ئەم هەوڵە بۆ بەلاڕێدا بردن نیشانەی ترسی ڕژیمە لە ناوەڕۆک و سروشتی ڕاستەقینەی ئەم نارەزایەتیانە کە ڕەگ و ڕیشەی لە ویست و داواکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بنەڕەتییەکاندایە

درێژە لە لاپەڕەی ١١

پێشڕەو



دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

درێژە ی لاپەڕەی ١٠

* مانگرتنی گشتی و سەرتاسەری وەک ئەکتێکی سیاسی مانگرتنی گشتی و سەرتاسەری ئەکتێکی سیاسی کاریگەرە کە نارەزایەتییەکانی ئێستا دەکات بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری لەسەر ئاستی دەیان ملیۆنی. مانگرتنی لەم شێوەیە نەک هەر توانایی حکوومەت بۆ کۆکردنەوەی هێز و بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ نارەزایەتییەکان سنووردار دەکات، بەڵکوو ئەوە نیشان دەدات کە بزووتنەوەی نارەزایەتی ویست و داواکارییە پیشەییەکانی تێپەڕکردووە و بووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسی بەربڵاو. بەردەوامبوونی ئەو بزووتنەوەیە لەسەر شەقام، خۆڕاگریی لە بەرامبەر هێزە سەرکوتگەرەکان و ئیرادەی شێلگیرانە تر بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی، پێویستی بەوەیە کە بزووتنەوەی سەر شەقام بە مانگرتنی گشتی و سەرتاسەری بەهێزتر بکرێت. مانگرتنی کرێکاران، لەوانە کرێکارانی ناوەندە گەورەکانی بەرهەمهێنان و شیرکەتی نەوت، موعەلیمان، فەرمانبەران، بازاڕیان و کاسبکاران، شۆفێر ئۆتۆبووس و بارهەڵگر و خاوەن بارهەڵگرەکان، دەبێت بەشێک بن لە ستراتیژێکی یەکگرتوو ئەزموونی مێژوویی دەریخستووە کە ئاوێتەیەک لە خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان و مانگرتنی گشتییە کە دەتوانێت هەنگاو بە هەنگاو هەلومەرجەکە بۆ بڕیاری کۆتایی ئامادە بکات. پێویستە ئەم دوو باڵەی بزووتنەوەی جەماوەریی، بە شێوەی هاوکات و هاوئاهەنگ کار بکەن بۆ ئەوەی زۆرترین گوشار بخەنە سەر ڕێژیم. پرسی سەرەکی لە گرتنەبەری تاکتیکی دروست ئەوەیە کە ئەو هاودەنگییەی کە پێکهاتووە تا گەیشتن بە سەرجەم ئامانجەکانی بپارێزرێت. لەم نێوەندەدا هەڵبژاردنی دروشمی سادە و مانادار کە بەیانگەری ڕاستەقینەی ویست و داواکارییەکانی جەماوەر بێت، گرنگییەکی تایبەتیی هەیە. دروشمگەلێک کە بتوانن چین و توێژە جیاوازەکان لەدەوری یەک کۆبکەنەوە و لە هەمان کاتدا ئاسۆیەکی ڕوون لە خەبات و نارەزایەتییەکان بخاتەڕوو نابێت بەڵێنی سەرکەوتنێکی ئاسان و بەردەست بە خەڵک بدرێت، بەڵام هاوکات دەبێت ئەوە نیشان بدرێت کە خەباتەکەیان لە هەر قۆناغێکدا دەتوانێت بەپێی توانا، دەستکەوتی بەرچاوی هەبێت. شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، ڕژیمی ناچار کرد لە بواری مافەکانی ژناندا هەندێک پاشەکشەی دیاریکراو بکات. پێویستە ئەم ئەزموونە بەردەوام بێت و نیشان بدات کە خەباتێکی شێلگیر و بەردەوام، دەتوانێت بە ئاکام بگات لەم ساتەوەختە هەستیارەدا، بەشداری وشیارانە و جەختکردنەوەی هێزە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستەکان لەسەر نیشاندانی ئاسۆی ڕاستەقینەی ئەو نارەزایەتیانە، گرنگییەکی ئەوتۆ تری دەبێت. لێک گرێدرانی ئۆرگانیکی دروشمە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ دروشمە دیموکراتیکەکان دەتوانێت قووڵایی و ئاراستەیەکی ڕوونتر بە بزووتنەوەکە ببەخشێت. ئەم هێزانە دەبێ ئەوە نیشان بدەن کە چارەسەری ڕاستەقینە نەک لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بەڵکوو لە بنیاتنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک و دادپەروەر و ئازاددایە. ئەم بزووتنەوەیەی ئێستا دەرفەتێکی مێژووییە بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی. بەڵام ئەم دەرفەتە تەنیا بە ڕێکخستنی دروست و هاوپشتی و هاوخەباتییەکی بەربڵاوتر، ستراتیژێکی ڕوون و پەیوەندی نێوان شەقام و مانگرتنی گشتی، دەتوانێت بە سەرکەوتن بگات. خەبات بەردەوامە و ئاسۆ لە هەر کاتێک گەشاوەترە

****



# ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان، سەرکوتی توند و ئاسۆی داهاتوو




## ١- ڕاپۆرتی مەیدانی

١٧ ڕۆژ بەسەر دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی نارەزایەتییەکانی دژ بە حکوومەت لە ئێران تێپەڕ دەبێت. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە لایەن سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی هەواڵەوە بڵاوکراونەتەوە، لە سەرەتای ئەم نارەزایەتیانەوە لانیکەم ٦٤٨ خۆپیشاندەر کە ٩ کەسیان منداڵ بوون، گیانیان لەدەستداوە و هەزاران کەسیش بریندار بوون. ژمارەی دەستگیرکراوەکان بە زیاتر لە دە هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، ئامارێکی کە بەیانگەری ڕەهەندە بەربڵاو و توندوتیژەکانی سەرکوتە. کۆماری ئیسلامی بە بڕینی تەواوەتی هێڵی ئینتەرنێت و موبایل، هەوڵ دەدات ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی کوشتار و سەرکوت لە بیروڕای گشتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بشارێتەوە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا ترسی ئەوە هەیە کە ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوەکان زۆر لەو ئامارانە زیاتر بێت کە بڵاوکراونەتەوە. بڕینی ئینتەرنێت لە سەرانسەری وڵات هاوکات لەگەڵ هەڕەشەی بەردەوامی بەرپرسانی حکوومەت لە دژی ناڕازییان و دەرکردنی سزای قورس، نیگەرانییەکانی سەبارەت بە ئەگەری کوشتاری بەربڵاوتر و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان زۆر زیاد کردووە. هەندێک سەرچاوەی پزیشکی و نەخۆشخانەکان باسیان لەوە کردووە کە دام و دەزگای ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی لە کۆمەڵگەی پزیشکی و بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە تایبەتەکان کردووە کە دەستبەجێ ناوی بریندارانی نارەزایەتییەکان ڕابگەیەنن و خۆ لە چارەسەری بێبەرامبەریان ببوێرن. ئەم کارە پێشێلکارییەکی ئاشکرای ئەخلاقی پزیشکی و پرەنسیپە مرۆییەکان و هەروەها ئاماژەیەکی ترە لە پەرەسەندنی ئاستی سەرکوت و توندوتیژییەکان بۆ هەموو بەشە کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای ئەم سەرکوتکردنە بێ وێنەیە، توندوتیژیی دەوڵەتیی ڕێژیم نەیتوانیوە ئاگری تووڕەیی و بێزاریی گشتی دابمرکێنێتەوە. بەر لە بڕینی ئینتەرنێت، نارەزایەتییەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی وڵات و نزیکەی ١٩٠ شاری ئێران بەردەوام بوون، ئەمەش نیشانی دا کە بزووتنەوەی نارەزایەتی، کاتی و پچڕ پچڕ نییە، بەڵکوو ڕیشەدار و سەرتاسەرییە. **لە هەمان کاتدا میدیاکانی حکوومەت ئیدیعای ئەوە دەکەن کە هێزە چەکدارەکانی کۆمەڵە لەناو ریزی خۆ پیشا ندە ر ا ندا بوونیان هەیە. ئەم ئیدیعایە لە کاتێکدا دەکرێت کە کۆمەڵە زۆر جار و بە ڕاشکاوی، لە ڕێگەی وتەبێژە فە ر میە کا نیە و ە ڕایگەیاندووە کە ستراتیژ و تاکتیکی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر بنەمای خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە و میلیتاریزەبوونی فەزای سیاسی بە زیانی بزووتنەوەی جەماوەری دەزانێت.** کۆمەڵە وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانە، ئەو ئیدیعایە بە پاساوێک بۆ سەرکوتکردنی زیاتر دەزانێت

## ٢- ئاسۆی گۆ ڕ ا نکا ر ییە کا ن نا ڕ ە ز ا یە تییە کا ن

**کە سەرەتا بەهۆی قەیرانێکی قووڵی ئابووری و دابەزینی بەردەوامی بەهای ڕیاڵەوە دەستیپێکرد، بە خێرایی بوو بە بزووتنەوەیەکی سیاسی و سەرتاسەری.** بزووتنەوەیەکی کە چیتر داواکارییەکانی لە چوارچێوەی ڕیفۆرمێکی بچووک یان بەڵێنییە ئابوورییەکاندا بەرتەسک نابێتەوە و بەشێکی زۆری تەنانەت بە هیچ شتێک کەمتر لە ڕووخاندنی تەواوەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی خامنەیی ڕازی نابێت. ڕیشەی ئەم نارەزایەتیانە هەمان ئەو داخوازیانەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ماوەی ٤٧ساڵی ڕابردوودا هاواریان کردووە. دابینکردنی بژێوییەکی شایستەی

درێژە لە لاپەڕەی ١٢

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

درێژە ی لاپەڕەی ١١

مرۆڤی ئەم سەردەمە، ئەمنییەتی کار و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی، بەهرەمەندبوون لە ئازادییە بنەڕەتییەکان، کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی و هەر چەشنە هەڵاواردن و نایەکسانییەک، داواکارییەکی کە دەکرێت لە دوو دروشمی (نان، کار، ئازادی) و (ژن، ژیان، ئازادی)دا کورت بکرێتەوە لەم نێوەندەدا دەنگۆی ئەگەری هێرشی نیزامی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران پەرەی سەندووە. سیناریۆیەکی کە ئەگەر ڕووبدات، نەک هەر کۆمەک ناکات بە پەرەسەندنی خەباتی جەماوەر، بەڵکوو دەتوانێت ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕ و چارەنووسسازە دابمرکێنێتەوە. بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە دەوڵەتی ئەمریکا پتر لەوەی بیر لە گۆڕانکاریی بنەڕەتی ڕژێم بکاتەوە، هەوڵدەدات بەدیلێکی "دڵخوازی خۆی لە ناو پێکهاتەی ئەم سیستەمەدا شکڵ پێبدات. هێزەکانی سەرکوت بە هەموو تواناکانیانەوە لە هەوڵی پاراستنی ئەو دۆخەی ئێستادان. ئەزموونی بابەتیی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە کۆماری ئیسلامی لە کەڵک وەرگرتن لە سەرکوتی دڕندانە و بێبەزەییانە بۆ مانەوەی خۆی هیچ سنوورێک ناناسێت. هەر نارەزایەتییەکی جەماوەری بەوپەڕی توندوتیژی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەرکوت وەڵام دراوەتەوە و دەکرێتەوە، واتە لە فیشەک و زیندانەوە بگرە تا ئەشکەنجە و لەسێدارەدان لە کۆتاییدا ئەگەر تاکە ڕێگای مانەوەی ئەم ڕێژیمە بریتی بێت لە چوونە ناو قۆناغی نیزامیی، دوور نییە کە دەسەڵات لەڕووی سەرکێشییەوە شەڕێکی نەخوازراو بەسەر خەڵکی ئێراندا بسەپێنێت. مەبەست لە کارێکی لەو شێوەیە دەتوانێت بۆ ڕێگریکردن بێت لە هەڵوەرین و دروستبوونی کەلێن لەناو ڕیزی هێزە نیزامییەکانی و هەروەها ڕێگریکردن لە پەیوەستبوونیان بە جەماوەری نارازییەوە. هاوکات، ڕێژیم هەوڵ دەدات بە پاساوی "دابینکردنی ئەمنییەت" بەشێک لە کۆمەڵگا بە ناچاری بخاتە شوێن خۆی، سیناریۆیەکی کە زیاتر لە هەر شتێک خەڵکی ئێران باجەکەی دەدات. ئەم سیناریۆیە نموونەیەکی ناسراوی دەسەڵاتە پاوانخوازەکانە کە لە بەرامبەر قەیرانێکی ناوخۆییدا، بە دروستکردنی هەڕەشەیەکی دەرەکی یان ململانێیەکی نیزامی، هەوڵ دەدەن کۆمەڵگا بەناوی بەرگری لە ئەمنییەتی نەتەوەیی، واز لە بەدواداچوون بۆ ویست و داواکارییەکانی بهێنێت واقعییەت ئەوەیە کە ئازادی، دێموکراسی و ژیانێکی شایستەی مرۆڤ، تەنها بە دەستی خودی جەماوەر مسۆگەر دەبێت. پشت بەستن بە دەستێوەردانی نیزامیی ئەمریکا یان ئیسرائیل وەک سەرچاوەی ئازادی، گەشبینییەکی مەترسیدارە. ئەزموونی تاڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە ڕوونی نیشان دەدات کە دەستێوەردانی نیزامیی ئیمپریالیستی، نە ئازادی بەدیاری دەهێنێ و نە ئەمنییەت، بەڵکوو دەبێتە هۆی ماڵوێرانی، دارمانی کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی بزووتنەوە جەماوەرییەکان. هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران، ئەگەر ڕووبدات، ئەگەری زۆرە کە ببێتە هۆی بەهێزتربوونی کەشی ئەمنی و پەراوێز خستنی ویست و داواکارییە ئازادیخوازانەکان. واقیعییەتێکی تر ئەوەیە کە سەرەڕای حزووری چالاکانەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەکانی سەر بە چینی مامناوەند، لە ژنان و موعەلیمانەوە بگرە تا خوێندکاران و فەرمانبەران، بەڵام ئەم نارەزایەتیانە هێشتا خاوەن ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەری و هاوئاهەنگ نیین. نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی لەو شێوەیە، یەکێکە لە خاڵە لاوازە جیددییەکانی ئەو بزووتنەوەی ئێستا و دەتوانێت لە قۆناغە هەستیارەکاندا تێچووی قورسی بەسەردا بسەپێنێت. بەڵام هاوکات پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە ڕێکخراو و ڕێبەرایەتی، نەک لە بۆشاییدا، بەڵکوو لە هەناوی گەشەکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا پێک دێت. بارودۆخی ئێستا و گۆڕانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی جەماوەر، دەرفەتێکە بۆ گرتنەبەری هەنگاوی جددی لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕییە بنەڕەتییەدا

****

# ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی، تەنها بەهێزی جەماوەری هاوچارەنووس بەدەست دێت.



**نارەزایەتییە جەماوەرییەکان کە بەرامبەر بە گرانی و دارمانی تمەن دەستیپێکرد، ئێستا زیاتر لە ١٣٠ شاری ئێرانی گرتووەتەوە و پایەکانی دەسەڵاتی کردووەتە ئامانج.**

خەڵکی نارازی بە وتنەوەی دروشمی دژە دیکتاتۆری خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتین، بەڵام کۆماری ئیسلامی لەبری وەڵامدانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕێگای ئەمنییەتی و کەڵک وەرگرتن لە هێزی هەڵبژاردووە و ڕووی چەکەکانی کردووەتە جەماوەر. ژمارەی کوژراو و بریندارەکان ڕوو لە زیادبوونە و تا ئێستا ٤٧ کەس گیانیان لەدەستداوە. هەروەها نزیکەی دوو هەزار کەسیش دەستگیرکراون. ئەم دەسەڵاتە کە نەیتوانی داخوازییە ئابوورییەکانی خەڵک دابین بکات، وەک هەمیشە پەنای بردووەتە بەر سیاسەتی بەکارهێنانی هێزی سەرکوت. مێژووی ٤٧ ساڵی ڕابردوو دەریخستووە، هەرجارێک خەڵک ڕژابێتنە سەر شەقام، وەڵامی حکوومەت تەنیا بریتی بووە لە گوللە و زیندان. بەڵام لە دۆخێکدا کە خەڵک وەگیان هاتوون و ڕژیمیش لە گێژاوی کۆمەڵێک قەیرانی فرەڕەهەندی چارە هەڵنەگردا گرفتار بووە، هێزی سەرکوت نەیتوانیوە جەماوەر چاوترسێن و ناچار بە پاشەکشە بکات ئێوارەی ڕۆژی هەینی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی فەرمانێکی فەرمی، شەوی هەینی بە "یومولڵا" ناوزەد کرد و بە ئاشکرا فەرمانی هێرشی چەکداری بۆ سەر خۆپیشاندان و نارازییان دەرکرد. ئەم بڕیارە ئیرادەی ڕژیم نیشان دەدات بۆ سەرکوتکردنی توندوتیژیانەی بزووتنەوەی جەماوەری. هاوکات لەگەڵ ئەم فەرمانە ئینتەرنێت لە سەرانسەری وڵات بە تەواوی پچڕا. ئەم ڕێوشوێنە دەستڕاگەیشتن بە هەواڵ و زانیاری سەبارەت بە دۆخی شارە جۆراوجۆرەکانی بە شێوەیەکی جددی پەکخست و تەنانەت وایکرد لە دەرەوەی ئێرانیش دەستیان بە ماڵپەڕ و سەرچاوە ناوخۆییەکان نەگات. بڕینی ئینتەرنێت ئامرازێکە بۆ شاردنەوەی تاوانەکان و ڕێگریکردن لە خۆڕێکخستنی جەماوەر. ڕۆژی هەینی ١٩ی بەفرانبار، خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، نارازییانی بە "کۆمەڵێک تێکدەر و ئاژاوەگێڕ" وەسف کرد. هەرچەند ئەم قسانە تازە نین، بەڵام دووبارە جەختکردنەوەیان ئەوە دەردەخات کە ڕژیم نایەوێت لە بەرامبەر شەپۆلی نارەزایەتییەکاندا پاشەکشە بکات خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی ڕێژیم زۆر باش دەزانن کە نارەزایەتییەکان

درێژە لە لاپەڕەی ١٣





درێژەی لاپەڕەی ١٢

ڕەنگدانەوەی قەیران گەلێکی قووڵ و نارەزایەتیی کەڵەکەبووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسین، بەڵام بە گەڕاندنەوەی ئەم نارەزایەتیانە بۆ هۆکارە دەرەکییەکان، دەیانەوێت ڕێگا بۆ سەرکوتی توندوتیژ و بێبەزەییانەی خۆش بکەن. **ئەمە هەمان ئەو چیرۆکەیە کە لە ساڵەکانی ١٣٨٨، ١٣٩٦، ١٣٩٨ و ١٤٠١شدا گەلێک جار بەرگوێمان کەوت و هەر جارێکیش کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی بەدواوە بوو.** لە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی شمشێری لە دژی خەڵکی نارازی لە کالان دەرهێناوە، مانگرتنی گشتیی کرێکارانی بەشە سەرەکییە ئابوورییەکانی حکوومەت، لەوانە پیشەسازییەکانی نەوت و پێترۆشیمی، هاوکات لەگەڵ مانگرتنی کرێکارانی بەشی خزمەتگوزاری شارەوانی، شۆفێرانی بارهەڵگر و کاسبکارانی بازاڕ و هتد، دەتوانێ هەنگاو بە هەنگاو هێزی سەرکوتگەری ڕێژیم لەکار بخات. دەربڕینی نارەزایەتی لەسەر شەقامەکان یەکێکە لە شێوازەکانی نارەزایەتی، بەڵام ئەم شێوە نارەزایەتییە تەنیا کاتێک دەتوانێت هێزی سەرکوتگەری ڕێژیم بێ کاریگەر بکات کە لە ئاستێکی زۆر بەرین و ملیۆنیدا ڕووبدات. مانگرتنی گشتی و ناوە ناوە نەک هەر بوونی جەماوەر لەسەر شەقامەکان ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو بە باشترکردنی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی جەماوەر، ڕێگا بۆ دەستبەسەرداگرتنی شەقامەکان و ڕاپەڕین و گورزی کۆتایی خۆش دەکەن. ئەزموونی مێژوویی دەریخستووە کە کاتێک چەرخی ئابووری دەوەستێت، حکوومەتەکان ناچار دەبن پاشەکشە بکەن لەم نێوەندەدا مرۆڤ ناتوانێت بە سادەیی چاوپۆشی لە دیاردەیەکی نامۆ بە ڕۆحی خەباتی مافخوازانەی جەماوەر نەکات. کەناڵە تەلەویزیۆنییە فارسی زمانەکان بە شێوەیەکی چڕوپڕ دەستیانکردووە بە پڕوپاگەندە بۆ ڕەزا پەهلەوی کوڕی شای پێشوو و دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە گۆیا ئەم کەسە ڕێبەرایەتی نارەزایەتییەکانی بەدەستەوەیە. ئیدیعایەکی لەم شێوەیە کەمترین ڕەنگ و بۆنی واقیعییەتی پێوە نییە. ئەم کەسە جگە لە هەندێک لایەنگر لە ناوخۆی وڵات خاوەنی هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نییە. بە هیچ شێوەیەک جێگەی باوەڕ نییە جەماوەرێکی کە ئاوا لێبڕاوانە لە دژی ستەم و سەرەڕۆیی و چەوساندنەوە و بۆ ژیانێکی باشتر، ڕاپەڕیون، خوازیاری هێنانە سەرکاری سیستەمێکی دیکتاتۆری نوێ بن لەبری ئەم سیستەمە دیکتاتۆرییەی ئێستا. لە ئەزموونی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا، هەم دەسەڵاتی ستەمکاری مەزهەبی و هەم پاشایەتی، بە تێچووی ڕەنج و ئازار و قوربانیدانێکی زۆر، تاقیکراوەتەوە. گەلێک بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لەبەردەستدایە کە نیشان دەدەن کەسانی سەر بە کۆماری ئیسلامی فێرکراون بە نفوزکردنە نێو خۆپیشاندەران، دروشمی پشتیوانی لە کوڕی شای پێشوو و دیفاع لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بەرزبکەنەوە. ئەم یارییە قێزەونە جگە لە بەلاڕێدا بردن و ناشیرینکردنی بزووتنەوەی جەماوەری و دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان خۆپیشاندەران هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە لە هەمان کاتدا دەوڵەتی ئەمریکا هیچ حسابێکی جددی بۆ ئۆپۆزسیۆنی ڕاستی سەڵتەنەتخواز بۆ داهاتووی ئێران نەکردووە. بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە دەوڵەتی ئەمریکا و خودی ترامپیش لە ناو خودی ڕێژیمدا بە دوای بەدیلێکی کۆماری ئیسلامیدا دەگەڕێن. مێژووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەریخستووە کە ئەم دەسەڵاتە تەنیا لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیدایە و هیچ گرنگییەک بە خواستی خەڵک نادات. ڕزگارکردنی کۆمەڵگای ئێران لەو نەهامەتییەی کە ڕێژیمی ئیسلامی لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەیدا سەپاندووە، تەنیا بە دەستی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیتوو و هاوچارەنووس لەناوخۆی ئێران مومکین دەبێت. ئەمریکا و زلهێزە دەرەکییەکانی دیکە تەنیا بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگەڕێن و بەرژەوەندییەکانیشیان لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یەک نییە. دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە هیچ شوێنێکی جیهان، ئازادی و ئەمنییەت و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک لێ نەکەوتۆتەوە. لە عێراقەوە بگرە تا ئەفغانستان، لە لیبیاوە تا سوریا، لە هەر شوێنێک ئەم دەسەڵاتە دەستوەردانی کردبێت، جگە لەماڵوێرانی و کوشتار و ناسەقامگیری هیچی تری بەدیاری نەهێناوە. چارەنووسی ئێران دەبێ لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە دیاری بکرێت. هیچ ڕزگارکەرێکی دەرەکی بەڕێوە نییە **تەنیا یەکڕیزی، هاوپشتی و خۆڕاگریی ڕێکخراوی جەماوەری خەڵکی ئێران دەتوانێت ئەم وڵاتە لە چنگی دیکتاتۆرییەت ڕزگار بکات و داهاتوویەکی لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دابین بکات.**

****

# بەیاننامەی ژمارە ای کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا و ئەرکەکانمان

ئێران لە یەکێک لە هەستیارترین و چارەنووسسازترین ساتەکانی مێژووی هاوچەرخی خۆیدایە. قەیرانە کەڵەکەبووە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ژینگەییەکان، هاوکات لەگەڵ سەرکوتی سیستماتیک، گەندەڵی، دزی لەڕادەبەدەر، چەوساندنەوەی دڕندانە، ستەمی نەتەوەیی و ناکارامەیی حکوومەت، کۆمەڵگای گەیاندۆتە ئاستێک کە چیتر گەڕانەوەی بۆ دۆخی ئاسایی خۆی مومکین نییە. خەباتی شێلگیرانە و پڕ تێچووی جەماوەر لە ساڵانی ڕابردوودا نیشانی دا کە کەلێنی نێوان کۆمەڵگا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قووڵ و بێ گەڕانەوەیە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا پرسیاری بنەڕەتی ئەوە نییە کە ئایا گۆڕانکاری ڕوودەدات یان نا؟ بەڵکوو ئەوەیە کە "چۆن و بە چ هێزێک و بە قازانجی کێ" ئەم گۆڕانکارییە ڕوودەدات لەم نێوەندەدا ڕۆڵی خەڵکی کوردستان لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا پێگەیەکی تایبەت و یەکلاکەرەوەی هەبووە. مانگرتنی گشتی ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی بەفرانبار، ئەڵقەیەکی گرنگ بوو لە زنجیرە خەباتی وشیارانە و ڕێکخراوەی خەڵکی کوردستان. ئەم مانگرتنە نیشانی دا کە کۆمەڵگای کوردستان خاوەن پۆتانسیێلێکی یەکگرتوویی، هاوپشتی و کردەی بەکۆمەڵی بەرزە، پۆتانسیێلێکی کە نەک هەر لاواز نەبووە، بەڵکوو لەم ئەزموونەدا بەهێزتر و کاریگەرتریش بووە. کاتێک پەنجا شار و شارۆچکەی کوردستان بە یەک دەنگ وەڵامی بانگەوازی لایەنە سیاسییەکان دەدەنەوە، بەو مانایەیە کە خەڵکی کوردستان فێری ئەوە بوون کە هێزی هاوپشتیی خۆیان کەی و چۆن بەکاربهێنن. ئەم فێربوونە سەرمایەیەکی بەنرخە بۆ پێشکەوتنی زیاتر و بینینی ڕۆڵی چالاکتر لەو خەباتە چارەنووسسازەدا کە لە پێشیانە لێرەدا بزووتنەوەکە لەگەڵ پرسیارێکی ڕاستەقینە و بەپەلە بەرەوڕوو دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە: هەنگاوی داهاتووی دوای مانگرتنی گشتی چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نەک هەر لە ڕەچەتەی پێشوەختە ئامادەکراودا نییە، بەڵکوو لە هەناوی ئەزموونە کۆنکرێتییەکانی خودی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندایە. لە دەیان ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگای کوردستان گەلێک شکڵ و شێوازی خۆنیشاندان و تاکتیکی جۆراوجۆری مەدەنی و سیاسی ئەزموون کردووە، لەوانە: پێکهێنان و بەهێزکردنی ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنییەکان،

درێژە لە لاپەڕەی ١٤

درێژە ی لاپەڕەی ۱۳

ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، موعەلیمان، کۆڕ و کۆبوونەوە خوێندکارییەکان بۆ دیفاع لە داواکارییە گشتیەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەکانی پەیوەست بە مافە مەدەنییەکان و زمانی دایکی، چالاکییە ژینگەییەکان، بەرنامەی فەرهەنگی و ئەدەبی، کۆبوونەوەی دایکانی دادخواز و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی گیانبەختکردوان لە ساڵڕۆژ و بۆنە جۆراوجۆرەکاندا. ئەم فۆرمانە لە خەبات، بزووتنەوەکە دەکەن بە بزاڤێکی وشیارانە و بەردەوام و بەرچاو ڕوون، بزووتنەوەیەکی کە نەک هەر بیر لە ڕووخاندنی شۆ ڕ شگێڕ ا نە ی حکوومەتی ئیسلامی ئێران دەکاتەوە، بەڵکوو لە پرۆسەیەکی بەکۆمەڵ و فرەچەشندا دەشزانێت چی دەوێت، لەوانە: چۆن و لە چ پرۆسەیەکدا دەتوانرێت بێکاری، هەژاری، پەروەردە، بێهداشت و دەرمان، تێکچوونی ژینگە، هەڵاواردن لە دژی ژنان و نەتەوە ستەملێکراوەکان، چارەسەر بکرێت. بزووتنەوەیەکی نەک لە ڕووی سەرکێشی و هەڵچوون، یان بەرژەوەندیی وڵاتانی دەرەوە، یان ئەو سەرمایەدارانەی کە بە گۆڕینی ڕووخسارەکانی ناو حکوومەت، جەماوەری شۆڕشگێڕ دەنێرنەوە بۆماڵەوە، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی واقیعی و ڕێکخراو و خاوەن ویست و داخوازی ڕوون و ڕزگاری بەخشە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا، هاوکات لەگەڵ هەوڵی هێزە کۆنەپەرستەکانی وەک فاشیستە پاوانخوازەکان، دەرفەت بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕەسەنەکان و خۆڕێکخستنی جەماوەریی دەڕەخسێت. دەبێ بە باشترین شێوە لەو کاتە کەڵک وەربگیرێت لە هەلومەرجی ئێستادا، دووبارە زیندووکردنەوە و پەرەپێدانی ئەو فۆرم و شێوازانەی خەبات لە ئاستێکی بەربڵاوتر، هاوئاهەنگتر و بە مۆرکی هەلومەرجی نوێوە، دەتوانێت ببێتە دەفر و چوارچێوە گەلێک کە تێیاندا ڕێبەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە دڵی کۆمەڵگاوە سەر هەڵبدەن، متمانەی گشتی بگەڕێتەوە و ئاراستە سیاسییە دروستەکان، پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنن. خاڵی بەهێزی ئەو شکڵ و شێوازە لە خەبات ئەوەیە کە سەرکوتکردنی تەواوەتییان بۆ حکوومەت کارێکی ئاسان نییە و تێچووی سیاسی و کۆمەڵایەتی قورس بەسەر دوژمندا دەسەپێنێت. هاوکات پێویستە بە ڕاشکاوی و بەرپرسیارانە بە خەڵک بڵێین کە ئازادی، دێموکراسی و ژیانێکی شایستە تەنها بە دەستی خۆدی جەماوەر مومکین دەبێت. هەر چەشنە ئومێدێک بە دەستێوەردانی نیزامیی ئەمریکا یان ئیسرائیل وەک سەرچاوەی ئازادی، گەشبینییەکی زیانبەخش و مەترسیدارە. ئەزموونی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لانیکەم لە سێ دەیەی ڕابردوودا، لە عێراق و ئەفغانستانەوە بگرە تا لیبی و سوریا، بە ڕوونی نیشانی داوە کە دەستێوەردانی نیزامیی ئیمپریالیستیی نەک هەر ئازادی و دێموکراسی و ئەمنییەت بەدیاری ناهێنێت، بەڵکوو دەبێتە هۆی وێرانکاری و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی بزووتنەوە جەماوەرییەکان. هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران، ئەگەر ڕوویدات، ئەگەری زۆرە ببێتە هۆی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی جەماوەری و بەهێزکردنی کەشی ئەمنی و پەراوێز خستنی ویست و داواکارییە ئا ز ا د یخو ا ز ا نە کا ن . لەمڕووەوە ئێمە هەرچەشنە بانگەوازێک بۆ دەستێوەردانی نیزامیی لە ئێران، تەنانەت ئەگەر بە ناوی "بەرگریکردن لە جەماوەر"یش بکرێت، بە توندی ڕەتدەکەینەوە یەکێکی دیکە لە مەترسییە جدییەکانی بەردەم بزووتنەوەی کوردستان، بریتییە لە سیناریۆی سبەینێی دارمان یان لاوازبوونی لەڕادەبەدەری دەوڵەتی ناوەند، دۆخێکی کە تێیدا بوونی تاقم و گرووپ گەلێکی چەکدار و نابەرپرسیار، دەتوانێت کۆمەڵگا بەرەو ناسەقامگیری و ململانێی ناوخۆیی ببات. بۆ ڕێگریکردن لە مەترسییەکی لەو شێوەیە، زۆر گرنگە لە دۆخێکی ئاوادا دەستبەجێ دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکان بخرێتە دەستی شۆڕا و دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەر. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە ئەو حیزب و هێزە چەکدارانەی ئێستا، هەر لە ئێستاوە بچنە ناو گفتوگۆیەکی شەفاف، بەرپرسیارانە و ئاشکرا و لەسەر میکانیزم و شێوازی ڕادەستکردنی کۆنترۆڵی چەک بە دامەزراوە دێموکراتییەکانی جەماوەر ڕێکبکەون. دواخستنی ئەم پرسە دەتوانێت تێچوویەکی لە قەرەبوو نەهاتوو بۆ کۆمەڵگا، بەدوای خۆیدا بهێنێت لەم پێناوەدا پێویستە ئیدارەی کاروباری کوردستان بە تەواوی بخرێتە دەستی دامەزراوە هەڵبژێردراو و دێموکراتیکەکانی جەماوەر. شۆڕاکان، کۆڕ و کۆمەڵی گەڕەکەکان و ئەو ناوەند و دامەزراوانەی کە بەرهەمی ئیرادەی ڕاستەوخۆی هاووڵاتیانن، دەبنە پایەی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی لە دوارۆژی ڕزگارییدا. حیزب و لایەنە سیاسییەکانیش دەتوانن سیاسەت و بەرنامەکانیان لە ڕێگەی بەشداریی دێموکراتیک و کێبڕکێیەکی ئازادەوە، نەک لە سەرەوە و بە شێوەیەکی دەستووری، بخەنە بەر قەزاوەت و ڕای جەماوەر. تەنیا بەم شێوەیە سیاسەت دەتوانێت ببێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی و شەفاف و وەڵامدەرەوە لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە دەستکەوتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تەنیا کاتێک بەردەوام دەبن و دەپارێزرێن کە ئەم خەباتانە لە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی هاوچارەنووس لە سەرانسەری ئێران بەهرەمەند بن. چارەنووسی کوردستان جیا نییە لە چارەنووسی کرێکاران، ژنان، لاوان و زەحمەتکێشانی بەشەکانی دیکەی ئێران. دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک، جەماوەریی و لامەرکەزیی لە ناوەند، زامنی پاراستن و مانەوەی دەستکەوتەکانی نەتەوە و ناوچە جیاوازەکانە و زەمینە بۆ هەنگاوی هاوبەشی کرێکارانی کوردستان و ئێران بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران، واتە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی خۆش دەکات ئەمڕۆ ئەرکی ئێمە پتر لە هەر کاتێکی دیکە، بریتییە لە گرێدان و لێک هەڵپێکانی خەباتی ناوچەیی و لۆکاڵی بە ئاسۆی سەرتاسەری، بەهێزکردنی خۆ ڕ ێکخستنی جەماوەریی، دوورکەوتنەوە لە وەهم و خۆشباوەڕییە مەترسیدارەکان و خۆئامادەکردنی وشیارانە بۆ سبەینێی دوای کۆماری ئیسلامی. داهاتوو بنیات دەنرێت، گرنگ ئەوەیە کە بە ئاگایی و بەکۆمەڵ و لە بەرژەوەندی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەردا بنیات بنرێت

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**۲۲ی بەفرانباری ۱۴۰۴**




****

# ئازادییە کۆمەڵایەتییە کۆنترۆڵکراوەکان، سەرکوتی ڕێکخراو، ستراتێژی نوێی کۆماری ئیسلامی

لە شەقامەکانی تاران مۆسیقای زیندوو و ڕاستەوخۆ دەبیسترێت، ژنان لە زۆرێک لە شوێنەکانی شار حیجابی ئیجباری توور هەڵدەدەن، لاوان لەناو بار و شوێنە گشتییەکان سەما دەکەن و ژنانیش هەندێک کات ڕێگەیان پێدەدرێت بچنە ناو یاریگاکانەوە. ئەم وێنایە، بۆ هەر چاودێرێکی کۆمەڵایەتی، نیشانەی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەیە لە ئاستی چاوپۆشی و تەحەمولی دەوڵەت سەبارەت بە شێوازەکانی ژیان. ئاڵوگۆڕێکی کە بە تایبەت بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی دەیەی یەکەمی دوای ساڵی ١٣٥٧ وەک ڕووداوێکی ناوازە و دەگمەن دێتە بەرچاو. بەڵام کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەم پاشەکشە سنووردارانە، سیاسەتی پێشگرتن لە هەر چەشنە خۆڕێکخستنێکی مەدەنی و سەرکوتی هەڵسووڕاوانی سیاسی و ڕێبەرانی ناسراو و خۆشناوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی چڕتر کردووەتەوە. بە جۆرێک کە ئەمساڵ شەپۆلی لەسێدارەدان، هەر لە زیندانیانی دادگا ئاساییەکانەوە بگرە تا زیندانیانی سیاسیی، لە ئاستێکی زۆر سامناکدا بەردەوام بووە. ئەم دوو ڕەوتە سەرەڕای ڕواڵەتی دژ بەیەکیان، دوو دیوی یەک دراون. واتا پاراستنی ئەو دۆخەی ئێستا لە هەلومەرجێکدا کە حکوومەت لە گێژاوی زنجیرەیەک قەیران و شکستی یەک لەدوای یەک و چارەهەڵنەگر لە سیاسەتی دەرەوەی سنوورەکاندا گرفتار بووە. ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت ژۆرناڵ وەک چاودێرێکی کە لە دوورەوە ڕەوتی ڕووداوەکان دەبینێت، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ی دێسامبری ٢٠٢٥دا بە ڕوونی وەسفی ئەم سیاسەتە دەکات و دەنووسێت حکوومەت بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی هەر چەشنە کردەیەکی بەکۆمەڵ و ئاخێزێکی جەماوەریی، گەیشتووەتە ئەو ئاکامەی کە ناتوانێت هاوکات لە هەر چوارگۆشەی وڵات بچێتە شەڕی جەماوەر، هەربۆیە لە بوارەکانی وەک حیجاب و شێوازەکانی ژیاندا پاشەکشە دەکات بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە ئەگەری تەقینەوەیەی کۆمەڵایەتی، بەڵام ڕێک لەو شوێنانەی کە ئەگەری خۆڕێکخستن و بوونی ناڕەزایەتییە پرشوبڵاوەکان بە هێزێکی بەکۆمەڵ و جەماوەریی هەیە، سەرکەت و توندوتیژییەکان بە شێوەیەکی ئاشکراتر و بێبەزەییانەتر بەرەوپێش دەبات. بەڵام بۆ ئەوانەی کە لەنێو جەرگەی ئەم کۆمەڵگایەدا لەپێناو دنیایەکی باشتردا خەبات دەکەن، لە ئاوا هەلومەرجێکدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت ئەم هێزە جەماوەرییەی کە دەسەڵاتی لە بوارەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا ناچار بە پاشەکشە کردووە، بکرێت بە ئامرازێک بۆ پووچەڵکردنەوەی دام و دەزگای سەرکوت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نەک لە چاوەڕوانی و دڵخۆشکردن بە کراوەنەوەیەک لە سەرەوە، بەڵکوو لە ڕێکخستن لە خوارەوە و لێک هەڵپێکرانی خەبات لەپێناو ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خەبات لە دژی هەژاری، نایەکسانی و ستەم و سەرەڕۆییدایە

سەرەتا پێویستە بەڕوونی بڵێین کە، ئەوەی ئەمڕۆ وەک "ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان" بەرچاو دەکەوێت، دیاریی دەستی حکوومەت نییە. بەڵکوو ئەم پاشەکشانە بەرهەمی ڕاستەوخۆی خەبات و تێکۆشانی درێژماوە و بێوچانی جەماوەرەی خەڵکە، لەوانە خۆڕاگریی ژنان لە بەرامبەر حیجابی ناچاریی، خەبات و خۆڕاگریی توێژی لاو لە بەرامبەر کۆنترۆڵ و بەرتەسککردنەوەی شادی و خۆشی و هەروەها ئەو هەزینەیەی کە لە شەقام و ناو سیاچاڵەکانی ڕێژیمدا درا. ئەگەر ئەمڕۆ بەشێک لە کۆمەڵگا دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاشکراتر پێبکەنێت، سەما بکات یان جلوبەرگی ناچاری توور هەڵبدات، ئەم دەستکەوتە لە ئاکامی نەبەردێکی نابەرابەر و بێوچاندا بەدەست هاتووە. بەڵام ڕێک لەبەر ئەوەی ئەم دەستکەوتە لە خوارەوە سەپێنراوە، حکوومەت هەوڵدەدات وەک ئامرازێک لەپێناو دابینکردنی ئەمنییەتی خۆیدا کەڵکی لێوەربگرێت. واتە هەندێک پاشەکشەی لە بواری شێوازەکانی ژیاندا، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پێکهاتنی ڕێکخراو، کۆڕوکۆمەڵ و شۆڕا، سەندیکا و ئەنجومەنی سەربەخۆ و هەر شتێکی دیکەی کە بتوانێت ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی تاک و ڕەمزییەوە بگۆڕێت بۆ ئاستێکی بەکۆمەڵ و سیاسی. لێرەدایە کە جیاوازی نێوان ئازادی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵکراو و ئازادی سیاسی ڕێکخراو دەردەکەوێت. یەکەمیان لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت تەحەمول بکرێت، بەڵام دووەمیان هەر کە سەری هەڵدا، سەرکوت دەکرێت ئەمە شێوازێکە لە سیاسەتی کلاسیکی بۆرژوازی و دەسەڵاتێکی ستەمکار و سەرەڕۆ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەکی کۆنترۆڵکراو. ڕێژیم لەو بوارانەدا کە مەترسی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ بۆ سەر دەسەڵات و مانەوەی دروست ناکەن، ڕێگە بە خەڵک دەدات هەناسەیەک بکێشن، بەڵام هەر کە ئەو هەناسەدانە ویستی ببێتە هۆی یەگرتوویی و هاوپشتی، بەخێرایی سەرکوت و زەبر و زەنگ دەست پێدەکات.

یەکێک لە ئامرازەکانی ڕێژیم بریتییە لە جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان. ڕێژیم هەوڵدەدات بە بەڕێوەبردنی هاوکاتی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی لەگەڵ ئێعدامی زیندانیانی دادگا ئاساییەکان، سیمای سیاسیی ئەو جینایەتە بشارێتەوە وەک ئەوەی کە هەموو شتێک بەپێی ڕێکاری یاسایی و دادوەری بەڕێوە دەچێت. بەڵام ڕێکاری دادوەری لە سیستەمێکدا کە مافی بەرگریکردن، دادگای سەربەخۆ و میدیای ئازاد بوونی نییە، ڕێکاری دادوەری ناوێکی ترە بۆ هەمان سەرکوت. بۆ نموونە پڕوپاگەندەی فەرمی دەڵێ ئەگەر لەسێدارەدان نەبێت تاوان پەرە دەستێنێ و ئەمنییەت لەناو دەچێت. ئەم ئیدیعایە هەم لە ڕووی ئەزموونییەوە و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێ بنەمایە. لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە سزای لەسێدارەدانیان هەڵوەشاندووەتەوە، نیشان دەدات کە پەیوەندییەکی سادە و ڕاستەوخۆ لە نێوان "ئیعدام" و "کەمبوونەوەی تاوان"دا بوونی نییە. بەپێچەوانەوە پەیوەندییەکی ڕوونتر هەیە و ئەویش ئەوەیە کە تا هەژاری، بێکاری، پەراوێزنشینی و بێ ئاسۆیی و کەلێنە چینایەتییەکان قووڵتر بێت، بوار بۆ تاوان و توندوتیژی کۆمەڵایەتی زیاتر دەڕەخسێت. لە سێدارەدان هۆکارەکان لەناو نابات، تەنها دەبێتە هۆی لەناوچوونی قوربانییەکان و زۆربەی قوربانییەکانیش سەر بە چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگان واقیعییەت ئەوەیە کە توندتر کردنەوەی سەرکوت نیشانەی هێز نییە، بەڵکوو نیشانەی لاوازی و ترسە. حکوومەت دەزانێت ئەو هەژاری و نەهامەتییەی بەسەر زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگادا سەپێنراوە، دەرئەنجامێکی جگە لە پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی نابێت. دەزانێت کە شەپۆلی مانگرتنە کرێکارییەکان، ناڕەزایەتی موعەلیمان، پەرستاران، خانەنشینان، ژنان و خوێندکاران، سەرەڕای ئەو پرشوبڵاوی و سەرکوتانەش، بەڵام توانای یەکگرتن و لێک هەڵپێکرانیان هەیە. هەربۆیە سیاسەتە سەرەکییەکەی بریتییە لە پێشگیریکردن، واتە ڕێگریکردن لە ناڕەزایەتییە لۆکاڵییەکان بۆئەوەی کە پەرە نەستێنن بۆ تۆڕ و ڕایەڵە جەماوەری و سەرتاسەرییەکان و ڕێک لێرەدایە کە پاشەکشە فەرهەنگییەکان مانای واقیعی دەبەخشن. ڕژیم لەوە دەترسێت کە جێبەجێکردنی تەواوی حیجابی ناچاری یان کۆنترۆڵکردنی ئاشکرای شێوازەکانی ژیان، سەرلەنوێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلی شۆڕشی ژنان، ژیان، ئازادی. بەڵام ئەگەر پاشەکشە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی خەبات و تێکۆشان بووە، بەردەوامبوون و چەسپاندنی و لەوەش گرنگتر پووچەڵکردنەوەی سیاسەتی سەرکوتی سیاسیش، تەنیا بە گۆڕینی هێزی کۆمەڵایەتی بۆ هێزێکی ڕێکخراو مومکین دەبێت نابێت ڕێگە بدرێت حکوومەت خەباتی ژنان بۆ مافی هەڵبژاردنی جلوبەرگ و شێوازی ژیان، لە خەباتی کرێکاران لەپێناو حەقدەست و ئەمنییەتی پیشەیی جیا بکاتەوە. ئەم لێک جیاکردنەوەیە ڕێک ئەو شتەیە کە دەسەڵات دەیەوێت. ڕەمزی پووچەڵکردنەوەی سەرکوتەکان بریتییە لە پەرەسەندنی هاوپشتییەکی ڕێکخراو. ڕێکخستن لە ناوەندەکانی کار، لە شوێنی ژیان، لەناو زانکۆکان و ناو گرووپە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و هەروەها بەرگریکارانی ژینگە و هتد... پێویستە میکانیزم گەلێک پێک بێت کە بتوانێت هاوکات کردە وچالاکیی بەکۆمەڵ لە دژی گرتن و دەرکردن و پەروەندەسازیی ڕێکبخات. ڕەنگە سەرکوت لە هەندێک قۆناغدا بتوانێت پاشەکشەی کاتی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت، بەڵام ئەم پاشەکشەیە نەک هەر زەمینە بابەتییەکانی نەفرەت و تووڕەیی لەناو نابات، بەڵکوو پتر پەرەیان پێدەدات. کۆمەڵگایەکی کە هاوکات لەگەڵ هەژاری و بێ مافی و سووکایەتی پێکران، شاهیدی پەتی سێدارە و زیندان و لەناوبردنی هەڵسووڕاوانە، درەنگ یان زوو دەگەڕێتەوە ناو مەیدان

**پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم گەڕانەوەیە بەشێوەی پرشوبڵاو و ناڕێکخراو دەبێت یان بە شێوەیەکی یەکگرتووانە و ڕێکخراو؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە.**




****

# ئاخێزی سەرتاسەریی جەماوەر خوازیاری نان، کار، ئازادیە، لە دەیەمین ڕۆژید




ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان لە ئێران بۆ دەیەمین ڕۆژ هەروا بەردەوامە. ئەوەی لە ڕۆژانی سەرەتادا وەک مانگرتنی پیشەیی و کۆڕ و کۆبوونەوەی بەرتەسک دەستی پێکرد، ئێستا بووەتە شەپۆلێکی بەربڵاو لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ناڕەزایەتی. ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتییە نەک هەر لە بەرامبەر گوشاری هێزە سەرکوتگەرەکان پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکوو شکڵ و شێوازی نوێی خۆڕاگریی و ڕێکخستنیشی نیشانداوە ئەو ئامار و وێنانەی کە بڵاوکراونەتەوە ڕادەی بەربڵاویی ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتییە دەردەخەن. ئێستا خەڵک لە زیاتر لە ٨٠ شار و ٢٧ پارێزگا بەو ناڕەزایەتیانەوە پەیوەست بوون. پانتایی جوگرافیای ناڕەزایەتییەکان ئەوە دەردەخات کە ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی لۆکاڵی یان ناوچەیی بەرەوڕوو نین، بەڵکوو ئاخێزێکی سەرتاسەرییە کە ڕیشەی لە هەلومەرجی بابەتیی و هاوبەشی چینە بێبەشەکانی کۆمەڵگادا هەیە. هەروەها بەشداری ١٧ زانکۆش لەم شەپۆلە ناڕەزایەتییەدا نیشانەی یەکگرتوویی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایە لەم خەباتەدا. خوێندکاران کە بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی پێشەنگایەتییان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا هەبووە، سەرلەنوێ هاوسۆزی و هاوپشتی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ڕاگەیاندووە بۆ تێگەیشتن لەم شەپۆلە ناڕەزایەتییە پێویستە بەستێنە ئابوورییەکەی لەبەرچاو بگیرێت. ئەو گوشارە ئابوورییانەی کە دەیان ساڵە قورسایی کردووەتە سەر شانی چینی کرێکار و زەحمەتکێش، ئێستا گەیشتوونەتە قۆناغێکی لەتاقەت بەدەر. بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی دراو، ناسەقامگیری درێژخایەنی بازاڕ و دابەزینی بەردەوامی توانای کڕین، ژیان و بەڕێچوونێکی ئاسایی بۆ ملیۆنان بنەماڵەی ئێرانی کردووە بە خەون و خەیاڵ ئەوەی ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتییە لە زۆرێک لە مانگرتن و کۆڕ و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە، بریتییە لە گۆڕانی چۆنایەتیی ویست و داواکارییە پیشەیی و ئابوورییەکان بۆ داخوازیی سیاسیی. ناڕەزایەتییەکی کە لەلایەن بازاڕیانی تاران و لە کاردانەوە بەرامبەر بە بەرزبوونەوە و ناسەقامگیری نرخی دراو دەستی پێکرد، بە خێرایی بوو بە بزووتنەوەیەکی بەربڵاو کە نەک هەر بارودۆخی ئابووری، بەڵکوو تەواوەتی پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتداریشی بردووەتە ژێر پرسیار. ئەم گۆڕانکارییە نیشان دەدات کە چین و توێژە بێبەشەکانی ئێران چیتر بە چاکسازیی ڕواڵەتی یان بەڵێنی پووچ و بێبنەما ڕازی نابن. ئەوان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەو قەیرانە ئابوورییانەی کە ژیانی ئەوانی کردووە بە دۆزەخ، ڕیشەی لە ستەم و سەرەڕۆیی ئایینیی و سەرمایەداری چەوسێنەری دەسەڵاتدار دایە. پێکهاتنی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بارودۆخی ژیانی خەڵکدا، بەبێ تێپەڕبوون لە هەردوو ئەم بنەمایانەی سیستەمی هەبوو، مومکین نییە وەڵامی ڕێژیم بۆ ئەم ناڕەزایەتییە هێمنانە بریتی بووە لە هەمان وەڵامی کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بە هەموو بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی داوەتەوە، واتە سەرکوتی توندوتیژ و خوێناوی. تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و دەستگیرکردنی بەربڵاو، لە زومرەی ئەو ئامرازانەن کە ڕێژیم ئەمڕۆ بۆ کپکردنی دەنگی جەماوەر لە جانتای دایە. لە ناڕەزایەتییەکانی دە ڕۆژی ڕابردوودا لانیکەم ٢٩ خۆپیشاندەر گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە هەزار کەسیش دەستگیرکراون. ئەم ئامارانە کە پێدەچێت کەمتریش بن لە ئاماری ڕاستەقینە، وێنایەکی تاڵ لەو هەزینەیە دەخاتەڕوو کە خەڵک لەپێناو مافەکانیاندا دەیدەن بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە ناڕەزایەتییەکان سەرەڕای ئەم سەرکوتە بەربڵاوەش هەروا بەردەوامن. بوونی هێزە ئینتیزامی و ئەمنییەتییەکان لەسەر شەقامەکان، بەکارهێنانی چەکی گەرم و کەشوهەوای خەفەقانی ئەمنی، نەیتوانیوە پانتایی جوگرافیای ناڕەزایەتییەکان بەرتەسک بکاتەوە. ئەم ڕاستییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خەڵک چیتر لە سەرکوتکردن ناترسن و ئامادەن لەپێناو گەیشتن بە دنیایەکی باشتر باجەکەی بدەن. یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم شەپۆلی ناڕەزایەتییە، بریتییە لە فرەچەشنی شێواز و تاکتیکی ناڕەزایەتیی. هەر لە مانگرتنی تەواوی دوکان و بازاڕی شارەکانی وەک تاران، کەرەج، مەرودەشت، کازرون و بەندەر گەناوەوە بگرە تا کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان لە دەیان شاری دیکە و هەروەها خۆپیشاندانی خوێندکاران لە زانکۆکان، هەموو ئەمانە نیشان دەدەن کە کۆمەڵگای ئێران خەریکی فێربوون و بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خۆڕاگرین ئەم فرەچەشنییە نەک هەر کاری سەرکوتکردنی ڕێژیم دژوارتر دەکات، بەڵکوو ئیمکانی بەشداریکردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاش لەو بزووتنەوەیەدا فەراهەم دەکات. کرێکار، خوێندکار، بازاڕی و کاسبکار، هەریەکەیان بەپێی هەلومەرجی خۆیان دەتوانن لەو خەباتەدا بەشداربن. ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتییە لە خاڵێکی هەستیاردایە. لە لایەکەوە بەربڵاویی، بەردەوامیی و فرەچەشنییەکەی نیشان دەدات کە پۆتانسێلی ئەوەی هەیە ببێت بە ڕەوتێکی بەهێز بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا و لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو، دەتوانێت بەربەستێک بێت لە بەردەم دەستەبەربوونی ئەم توانایی و پۆتانسێلە لە ئاوا هەلومەرجێکدا ئەرکی سەرشانی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکانە کە کۆمەک بکەن بە ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوە خۆڕسکە و گرێدانی ویست و داواکارییە جۆراوجۆرەکانی، بە بەرنامەیەکی یەکدەست و شۆڕشگێڕانەوە. پێویستە بە جەماوەری ناڕازی نیشان بدرێت کە ئەو قەیرانە ئابوورییەی ژیانی لێ تاڵ کردوون، ڕیشەی لە سیستەمی سەرمایەداریی دەسەڵاتداردایە و چارەسەرەکەشی نەک لە گۆڕینی دەم و چاوەکانی ناو حکومەت، بەڵکوو لە گۆڕینی بنچینەیی پێکهاتە ئابووری و سیاسییەکاندایە. ناڕەزایەتییەکانی ئێستای ئێران هێمایەکە لە بەئاگاهاتنەوە و خۆڕاگریی چینە بێبەشەکان لە بەرامبەر سەرکوت و چەوسانەوەدا. ئەم بزووتنەوەیە کە لە هەناوی قەیرانە ئابوورییەکانەوە سەریهەڵداوە، بە خێرایی بووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسی خاوەن ویست و داواکاری بنەڕەتی. سەرەڕای سەرکوتی خوێناوی، خەڵک ڕاوەستاویی خۆیان نیشانداوە و بە گرتنەبەری شێوازی جۆراوجۆری خەبات، لەسەر بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکانیان جەخت دەکەنەوە

****




# سەپاندنی قورسایی قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەر کرێکاران و کەسانی کەمداهات لە بودجەی ١٤٠٥ی دەوڵەتد

لە پێشەکی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ١٤٠٥دا کە لەلایەن دەوڵەتی پزیشکیانەوە ڕادەستی پارلمان کراوە، هاتووە کە بودجەی ساڵی ١٤٠٥ لەسەر بنەمای "کەم کرانەوەی سیفر" ئامادەکراوە. ئەم ئیدیعایە لە هەلومەرجێکدا دێتە گۆڕێ کە ئابووری ئێران لەژێر گوشاری سەختی هەڵاوسانی سەروو ٤٠ لەسەد، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و گوشاری گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان و قەیرانەکانی ئاو و وزە و ژینگەییدایە. لە وەها بارودۆخێکدا بودجەیەکی بەبێ کورتهێنان، زیاتر لە ئیدیعایەکی ژمێریاری دەچێت نەک خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستەقینە لە داهات و خەرجی وڵات. لە ڕاستیدا ژمارەکان لەسەر کاغەز هاوسەنگ دەکرێن و کورتهێنانی ڕاستەقینە لە گیرفانی خەڵک دابین دەکرێت. ڕۆژنامەی شەرق لە ژمارەی ڕۆژی پێنجشەممەی خۆیدا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە لە هەلومەرجی ناجێگیری داهاتی نەوتدا، لەبری دەستبردن بۆ سەرچاوەکانی قەیرانی لێخۆشبوونە گەورە ڕانتییەکان، خۆدزینەوە لە باج لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەڵات و بودجەی بەبێ لێپرسینەوە، قورساییەکەی بەلای زیادکردنی باج لەسەر بەکاربەران و لابردنی نرخی دراوی دەوڵەتیدا شکاوەتەوە

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، پێشبینی کراوە کە بڕی داهاتی دەوڵەت لە فرۆشتنی نەوت بە نزیکەی ٧٠ لەسەد کەم ببێتەوە. بەپێی ئامارەکانی بودجە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری هەڵاوسانی ٥٠ لەسەد، لە واقیعدا کۆی سەرچاوەکانی بودجەی گشتی بە بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی ٤٢.٤ لەسەد کەم دەبێتەوە. لەبەرامبەردا داهاتی باج بەڕێژەی ٦٢.٦ لەسەد زیادی کردووە. مانای چینایەتی ئەم گۆڕانکارییە ڕوونە. کاتێک داهاتی نەوت ناسەقامگیرە، دەوڵەت بە ئاراستەی وەرگرتنی باجی قورستر لە ئابوورییەکی چەقبەستوو و هەروەها قەرزدارکردنی داهاتوو بە چاپکردنی دراو و ئەوراقی بەهادار هەنگاو دەنێت. لە ئابوورییەکدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتبەستووە بە بازرگانی و بەرهەمهێنان لەوپەڕی پاشەکشەدایە، زیادکردنی باج واتا گوشاری هەرچی زیاتر بۆسەر بەکاربەر. ڕۆڵی ڕاستەقینەی باج لە ئێران دەبێ لە پێکهاتەی ئابووری ئێراندا ببینرێت. ئەم ئابوورییە نەک هەر پشت بە بەرهەمهێنانی بەرهەمدار نابەستێت، بەڵکوو پشتبەستووە بە بازرگانی، دەڵاڵی، هاوردە و دراوی ڕانتی و سات و سەودا. لە ئابوورییەکی لەو شێوەیەدا، گەشەی باج زۆرتر لەو ڕێگایانەوە مسۆگەر دەبێت کە لە کەمترین ئامرازەکانی خۆڕاگریی سیاسیی بەهرەمەندە. واتە باج لەسەر بەکاربەر و گوشار لەسەر موچەخۆران و چین و توێژە کەمداهاتەکان. ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی شەرق بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە بەشێک لە زیادبوونی داهاتی باج، لە ڕێگەی "وەرگرتنی باج" لەو کسانەوە بەدەست دێت کە تا ئێستا خۆیان لە دانی باج دزیوەتەوە، بەڵام بەشێکی گرنگی دیکەی لە ڕێگەی سەپاندنی باج بەسەر بەهای زیادەوە دابین دەبێت. لە ڕاستیدا باج لەسەر بەهای زیادە، باجێکە کە لە گیرفانی بەکاربەرانەوە دەدرێت. پشکی ئەو باجە لە داهاتی هەژاران، زۆر زیاترە لە داهاتی دەوڵەمەندەکان، چونکە ئەم توێژە ناچارن بەشێکی زیاتر لە داهاتەکانیان خەرجی پێداویستییە سەرەکییەکان بکەن. لە لایەکی دیکەوە، زیادکردنی باج لەسەر کۆمپانیاکان و لەسەر داهات، لە دۆخێکدا پێشنیار دەکرێت کە بە وتەی شارەزایانی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی شەرق، گەشەی ئابووری ئێران، نەرێنییە. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە تێکەڵەیەکە لە پەرەسەندنی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و داخرانی یەکە بچووکە بەرهەمهێنەرەکان و گواستنەوەی قورسایی باج بۆ سەر نرخەکان و گوشاری هەرچی زیاتر بۆسەر هێزی کار و هەروەها کەمکردنەوەی حەقدەستی ڕاستەقینە، بێکاری و لەدەستدانی ئەمنییەتی پیشەیی یەکێک لە لایەنە هەرە مەترسیدارەکانی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ١٤٠٥ ئەوەیە کە لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی شەرق دا ئاشکرا دەبێت، کە بریتییە لە نەهێشتنی نرخی دراوی دەوڵەتی. نرخی دراوی دەوڵەتی، واتا دەوڵەت دۆلار یان یۆرۆ بە نرخێکی کەمتر لە نرخی بازاڕ دەدات بە هاوردەکاران یان دام و دەزگا بەرپرسیارەکان، بۆ ئەوەی نرخی ئەو کاڵایانە بۆ خەڵک کەمتر ببێتەوە. نەهێشتنی نرخی دراوی دەوڵەتی لە سەر بەستێنی هەڵاوسانی بەردەوام، واتە دەستبردن بۆ سفرەی خەڵک بەمەبەستی دابینکردنی بودجە. لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: لە بودجەی ساڵی داهاتوودا بڕی زیادکردنی حەقدەست بە ڕێژەی ٢٠ لەسەد لەبەرچاو گیراوە، لە کاتێکدا خەمڵاندنی هەڵاوسان تا کۆتایی ئەمساڵ نزیکەی ٥٠ لەسەدە، تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە بانکی ناوەندیش بودجەی خۆی بۆ ساڵی داهاتوو لەسەر بنەمای هەڵاوسانی ٥٠ لەسەد دارشتووە. ئەگەر ئەم ژمارانە بە بنەما بگیرێن، بودجەی ساڵی ١٤٠٥، واتە ئەم سیاسەتی حەقدەستە، بژاردەیەکی چینایەتییە. واتە قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانەکان لە گیرفانی کرێکاران. واتە بێ خاوەن کردنی پرۆژە نیوە و ناتەواوەکان، واتە بێکاربوونی هێزی کاری زیاتر، واتە کەمتربوونەوەی هەرچی زیاتری ئەو خزمەتگوزارییە کەمەی ئێستاش لە بوارە گرنگەکانی وەک تەندروستی، پەروەردە، خانەنشینی، بەساڵاچووان و هتد. ئەوە لە کاتێکدایە کە دەوڵەت خۆی دان بەوەدا دەنێت کە سەرەڕای بوونی یەدەگ و سەرچاوەی زۆر و زەوەند، ناتوانێت نزیکەی یەک لەسەر سێی پێداویستییەکانی گاز و یەک لەسەر پێنجی خواستی کارەبای ناوخۆیی دابین بکات. بودجەیەکی کە ئاکامە سەرەکییەکەی بریتی بێت لە باج و هەڵاوسان، نەک هەر ئەم قەیرانە چارەسەر ناکات، بەڵکوو تەنها قورساییەکی زیاتر دەخاتە سەر شانی خەڵک ئەگەر قبووڵی بکەین کە ئیدیعای کەمکردنەوەی سیفری بودجەی دەوڵەت درۆیە، ئەوا پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە دەوڵەت چۆن کورتهێنانی ڕاستەقینە قەرەبوو دەکاتەوە؟ واتە ئەم کورتهێنانە لە کام چین و توێژ و بە قازانجی کام چین و توێژ کەم دەکاتەوە؟ وەڵامەکەی ڕوونە. وەک هەمیشە باری گرانی ئەو قەیرانە دەکەوێتە سەر شانی کرێکاران و چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا. هەر جارەی کە دەوڵەت باس لە زیادکردنی باج و چاکسازیی یارمەتییەکان دەکات، پێویستە بزانرێت کە ئایا ئەوە بە واتای وەرگرتنی پشکێکی زیاترە لە سەروەت و ڕانتە گەورەکان یان دروستکردنی قورسایی هەرچی زیاتر بۆسەر بەکارهێنەران و موچەخۆران. نیشانەکانی بودجەی ساڵی ١٤٠٥، بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، ئەوە دەردەخەن کە پایە سەرەکییەکانی دابینکردنی سەرچاوەکان، وەرگرتنی باجی زیاتر، واتە فۆرمولی ئاشنای زگ هەڵگوشین بۆ چین و توێژەکانی خوارەوە و پەراوێزێکی ئەمن بۆ چینە باڵاکان باج لەسەر بەهای زیادە بە کردەوە باجێکە کە دەخرێتە سەر نرخی کۆتایی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و لەلایەن بەکاربەرەوە دەدرێ و بەو پێیەی کە پشکی خەرجییە سەرەکییەکان لە سەبەتەی هەژاراندا زیاترە، هاوکات زیادکردنی قورسایی باج لەسەر بازرگانە بچووک و مامناوەندەکان دەتوانێت ببێتە هۆی داخستنیان و کەمکردنەوەی هەلی کار و بەرزبوونەوەی نرخەکان. لەکۆتاییدا داهاتی دەوڵەت یەکسان دەبێت لەگەڵ خەرجی خەڵک. بەڵام هەموو ئەو ڕەقەم و ژمارانەی کە لە بەشی ئاشکرای بوودجەی فەرمیدا ئاماژەیان پێدەکرێت، بە بەراورد لەگەڵ بوودجە زۆر و زەوەندە نافەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی، ژمارەیەکی زۆر کەمن. پتر لە ٧٠ لەسەدی ئابووری ئێران لەژێر دەسەڵاتی سپای پاسداراندایە. ئەم ناوەندە ئابوورییە زەبەلاحە لە ئاست هیچ کام لە دام و دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتدا وەڵامدەرەوە نییە. ئەم ڕاستییە، بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کە لەبارەی بودجەی ساڵی ١٤٠٥ی دەوڵەتی پزیشکیانەوە دەوترێت، بەو مانایەیە کە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ١٤٠٥، لە ڕاستیدا جگە لە تیکە کاغەزێک هیچی تر نییە و ئابووریی فەرمی دەوڵەت بە شێوازی لەم ستوونە بۆ ئەو ستوون، لە باشترین حاڵەتدا نەک بەپێی پلانی درێژخایەن و ستراتژیک، بەڵکوو ئەم مانگ بۆ ئەو مانگ بەڕێوەدەبرێت. ئابووری نافەرمیش ئەولەویەت و بەرنامەکانی خۆی بەگوێرەی پرۆژە ئەمنی و نیزامییەکان و خەرجییە زۆر و زەوەندەکانی دەرەوەی وڵات دیاریدەکات و دەوڵەتی فەرمی هیچ ڕۆڵێکی لە چاوەدێری و بەڕێوەبردنی دا نییە

****




لەگەڵ نزیکبوونەوە لە کۆتایی ساڵی زایینی ۲۰۲۵ و هاتنی ساڵی ۲۰۲٦، سەری ساڵی نوێ لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرانسەری جیهان بەتایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان، بێکاران، ژنان، لاوان، کۆچبەران و پەنابەران و سەرجە بێبەشان و ستەملێکراوان پیرۆزبایی دەکەین. هیواداریین ساڵی داهاتوو ساڵێکی پڕ لە یەکگرتوویی، خۆڕاگریی، ڕێکخستن و دەستکەوتی بەرچاو بێت بۆ زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا، واتە بۆ ئەوانەی کە لە ژێر گوشاری هەژاری، هەڵاواردن و شەڕ و سەرکوتدا دەژین ساڵی ۲۰۲۵ جارێکی تر نیشانیدا نەزمی زاڵی جیهانی، کە نەزمێکی پشتبەستووە بە کێبڕکێی زلهێزەکان، قازانجی سەرمایە و دام و دەزگای نیزامی، جگە لە نائەمنی و ئاوارەیی و ماڵوێرانی بۆ خەڵکی ئاسایی هیچی تر بە دیاری ناهێنێت. شەڕ و کوشتار لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان، لەوانە لە ئۆکراین و فەلەستین بەردەوام بوو. لەم شەڕانەدا قوربانیانی سەرەکی، نەک هەر دەوڵەتەکان و سەرمایەداران و چەوسێنەران نین، بەڵکوو مرۆڤی ئاسایین، کرێکاران و زەحمەتکێشان، منداڵان، ژنان، بەساڵاچووان و ئەو توێژە کەمداهاتەی کە ماڵ و کار و داهاتوویان بە بارمتە گیراوە. شەڕ ژیان لە خەڵک زەوت دەکات و هاوکات دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەمنییەتیکردنی کۆمەڵگا، سنووردارکردنی ئازادییەکان و بەهێزتر بوونی دام و دەزگا نیزامی و هەواڵگرییەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا، دەزگای سەرکوت بێوچان کاری کرد و ژمارەی ئێعدامەکان پەڕەی سەند، سیاسەتێکی کە نیشانەیەکی ڕوونە لە قووڵبوونەوەی قەیرانەکان و بێتوانایی دەسەڵات لە وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی خەڵک، بەبێ پەنابردنە بەر ترس و تۆقاندن، توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە لە کۆمەڵگا بەرەوپێش ناچێت. لەسێدارەدان، زیندان، پەروەندەسازی، سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان و گوشارخستنەسەر هەڵسووڕاوانی کرێکاری، ژنان و لاوان، لە زومرەی ئەو ئامرازانەن بۆ پاراستنی نەزمێکی کە لەسەر بنەمای هەژاری و هەڵاواردن و بێ مافی دامەزراوە. هاوکات لە هەندێک شوێنی جیهان شاهیدی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ڕەوتگەلێکی ڕاستی توندڕەو، شێوە فاشیستی و دژە پەنابەریی بووین. لە ئەمریکاوە تا مەجارستان، لە شیلییەوە تا ئاڵمان و وڵاتەکانی تر. ئەم ڕەوتانە هەوڵ دەدەن تورەیی و بێزارییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرچاوەگرتوو لە نایەکسانی، هەڵاوسان، نائەمنی پیشەیی و دابەزینی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بکەنە تۆوی ڕق و کینە و ڕەگەزپەرستی و کۆچبەران و پەنابەران وەک هۆکار و سەبەبکاری ئەو دۆخە بناسێنن و تاکەکانی کۆمەڵگا لە بە گژ یەکتردا بکەن. ئامانجی واقیعی ئەوان ڕوونە، کە ئەویش بریتییە لە پاراستنی دۆخی ئێستا لە بەرژەوەندی سەرمایە و خاوەن هێز و دەسەڵاتەکان، بە بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، لاوازکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و بەهێزکردنی دام و دەزگا و ئامرازەکانی سەرکوت. بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو شەپۆلە، بەبێ دیفاعی لێبڕاوانە لە مافی یەکسان بۆ هەموو مرۆڤەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە، ئایین و ڕەگەز و باری نیشتەجێبوون مومکین نییە بەڵام ئەوەی لە ساڵی ۲۰۲۵دا بەرچاو بوو، تەنیا بابەتی شەڕ و سەرکوت نەبوو. لە بەرامبەر ئەم تاریکی و ڕۆژڕەشیانەدا مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز دەستەوئەژنۆ دانەنیشت و لە زۆر شوێنی جیهان کاردانەوەی ئومێدبەخش پێکهات، لەوانە ناڕەزایەتی لە دژی شەڕ و داگیرکاری، خۆڕاگریی لە دژی ڕەگەزپەرستی و بڵاوکردنەوەی تۆوی ڕق و نەفرەت، هەوڵدان بۆ داکۆکیکردن لە مافی کرێکاران و موچەخۆران و هەروەها خەباتی ژنان و لاوان لەپێناو ئازادی و یەکسانیدا. هاوکات پێکهاتنی هاوپشتی و هاوسۆزی نێونەتەوەیی لەگەڵ قوربانیانی سەرکوت و هەڵاواردن دەریخست کە هێشتا ئیمکانی تێکشکاندنی دیوارەکانی سنوور و ترس و دووبەرەکی نانەوە بوونی هەیە ئەم ئەزموونانە ئەوەمان بیردەخەنەوە کە مێژوو تەنیا بەرهەمی بڕیاری دەسەڵاتداران و گەمەی دەسەڵات نییە، بەڵکوو خەبات و هۆشیاری و ڕێکخستنی جەماوەریش مێژوو دەخولقێنێت. لە هەر شوێنێک جەماوەر توانیبێتیان سەربەخۆ لە دەوڵەت و بلۆکەکانی دەسەڵات، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی خۆیان یەکبگرن، ئاسۆیەکی ڕوون و هیوابەخش بەڕوویاندا کراوەتەوە

**ئێمە لە سەروبەندی سەری ساڵی نوێدا، بە پشتبەستن بەم هیوا و هێزی کۆمەڵایەتییە، ئاواتەخوازین کە ساڵی ۲۰۲٦ ساڵێکی باشتر بێت، ساڵێک بێت لە بەرژەوەندی خەڵکی ستەملێکراو و چەوساوە، ساڵی پاشەکشەی شەڕخوازان و ستەمکاران، ساڵی پەرەسەندنی هاوپشتی و هاوخەباتی مرۆڤایەتی و چینایەتی، ساڵی پتەوکردنی ڕێکخستنە سەربەخۆکان و بەرگریکردن لە مافی ناڕەزایەتی و مافی مانگرتن و ژیانێکی شایستە و هەروەها ساڵی هەنگاونانی ڕاستەقینە بەرەو ئازادی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ئەمنییەت بۆ هەمووان.**

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**۲۸ی دێسامبری ۲۰۲۵**
**۷ی بەفرانباری ۱۴۰۴**

***

# هەڵسەنگاندنی هێرشی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ سەر ونزوێلا

بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ۳ی ژانویەی ۲۰۲٦، لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە ئەمریکای لاتین هەڵدرایەوە. ڕاپۆرتەکان باسیان لە بۆردومانی بەربڵاوی چەند ئامانجێک لە کاراکاس و چەند شارێکی دیکەی ونزوێلا کرد. دۆناڵد ترامپ ڕایگەیاند کە نیکۆلاس مادورۆ و سیلیا فلۆرسی هاوسەری دەستگیرکراون و لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا بردراونەتە دەرەوەی وڵات. دەوڵەتی ونزوێلا لە بەیاننامەیەکدا ئەو "دەستدرێژییە سەربازییە توندەی" دەوڵەتی ئەمریکای بۆ سەر خاک و خەڵکی ئەو وڵاتە ئیدانە کرد و ڕایگەیاند کە هێرشەکە هەردوو ناوەندی مەدەنی و سەربازی لە کاراکاس و هەروەها لە ویلایەتەکانی میراندا، ئاراگوا و لا گوایرای کردۆتە ئامانج. ونزوێلا کە نزیکەی ۳۰ ملیۆن دانیشتووی هەیە، دەکەوێتە باکووری ئەمریکای باشوور. ئەو وڵاتە کە خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهانە، لە دەیەکانی ڕابردوودا کۆمەڵێک پێشهاتی سیاسیی پڕ هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە بینیوە. پێگەی ژێئۆپۆلەتیکی ونزوێلا وایکردووە ئەو وڵاتە ببێتە چەقی کێبڕکێی ناوچەیی و جیهانییەکان. دوای هوگۆ چاوێز، نیکۆلاس مادورۆ لە ساڵی ۲۰۱۳ەوە حوکمڕانی ئەو وڵاتەی دەکرد، ونزوێلا لە ساڵانی ڕابردوودا لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری و هەڵاوسانی بەردەوام و کۆچی بەرفراوانی هاووڵاتیانی بەرەوڕوو بووەتەوە.

دریژە لە لاپەڕەی ۱۹

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

درێژە ی لاپەڕەی ١٨

کەلێنە چینایەتییەکان، کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کۆچبەریی بەربڵاو و دابەزینی توانای کڕین، وێنایەکی گشتییە لە دۆخی ئەو کۆمەڵگایەی کە هاوکات لە ژێر گوشاری قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکیدایە ئەم ڕووداوە ڕاستەوخۆترین کردەوەی سەربازی ئەمریکایە لە ئەمریکای لاتین لە دوای لەشکرکێشی بۆسەر پانەما لە ساڵی ١٩٨٩، ئەو جێگایەی کە سەرۆکی پانەما بە دیل گیرا و گواسترایەوە بۆ ئەمریکا. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە ونزوێلا ڕوویداوە نیشانەی گەڕانەوەیەکی ئاشکرایە بۆ سیاسەتە شەڕانگێزیەکانی سەردەمی شەڕی سارد. بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لەم ڕووداوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنامەی ستراتێژیکی ئەم دواییەی دەوڵەتی ئەمریکا. لەم بەڵگەنامەیەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە دەوڵەتی ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئەمریکا و بەتایبەتی لە ئەمریکای لاتین بە ئەولەویەتی خۆی دەزانێت و ڕێگە بە ڕکابەرە جیهانییەکانی نادات لەو ناوچەیە ئاستەنگ دروست بکەن. ئەم سیاسەتە، کاتێک لە زمان زلهێزێکەوە دەردەبڕدرێت کە خاوەن کاریگەریی دارایی و باڵادەستی سەربازیی موتڵەقە لە قارەی ئەمریکا، بەو مانایەیە کە نەزمی خوازراوی خۆی بە هەموو شێوەیەک، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات بە زۆریش بێت جێگیر دەکات. لە ڕاستیدا ونزوێلا بۆتە تاقیگەیەکی پراکتیکی بۆ ئەم ستراتێژە چین وەک وڵاتێکی کە خاوەنی گەلێک پڕۆژەیە لە ئەمریکای لاتین، لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی کاریگەری ئابووری و پڕۆژەی ئابوورییەوە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت و خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی توند لەگەڵ ئەمریکا بەدوور دەگرێت. لەمڕووەوەئەمریکا نیگەران نییە لەبابەت پشتیوانی جددی چین لە هاوپەیمانەکەی لە ونزوێلا. سەبارەت بە ڕووسیەش، پێدەچێت کۆمەڵێک سات و سەودای فەرمی یان نافەرمی و ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا لەسەر ئۆکراین و ونزوێلا ڕوویدابێت. لە ئاکامدا ڕووسیە جگە لە هەڵوێستێکی دیپلۆماسی ڕواڵەتی، هیچ هەنگاوێکی جددی لە بەرامبەر ئەم دەستدرێژییەدا نانێت. وڵاتە ئورووپاییەکانیش لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ئیدارەی ترامپ دا تا ڕادەیەکی زۆر لە پێگەیەکی پاسیڤدان و چاوەڕوان ناکرێت کاردانەوەیەکی جددیی لە هەمبەر ڕووداوێکی لەو شێوەیە لەخۆیان نیشان بدەن. ئوورووپا نە خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ و نە ئامرازی سەربەخۆیە و لەو کەیسانەشدا کە ئەمریکا بە "ئاسایشی ناوچەیی" ناویان دەبات، تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی گشتی بەسەریدا تێدەپەڕێت. هەموو بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە دەوڵەتی ترامپ بەم کارە پەیامێکی ڕوون بۆ هەموو وڵاتانی ئەمریکای لاتین دەنێرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەمریکای لاتین بە حەوشەی پشتەوەی ئەمریکا دەزانێت و بە هەر شێوەیەک بێت هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا دەسەپێنێت. ئەم پەیامە هۆشدارییەکی جدییە بۆ هەر دەوڵەتێکی کە زات بکات لە ڕووی سیاسییەوە وابەستە نەبێت بە واشنگتۆن ونزوێلا خاوەن سەرچاوەی نەوتی زۆر دەوڵەمەند و سەرچاوەی ژێرزەمینیی دەگمەن و ناوازەیە. دەوڵەتی ئەمریکا چاوی تەماحی بڕیوەتە ئەو سەرچاوانە، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا. ئەگەر بتوانێت حکومەتێکی گوێ لەمست لەم وڵاتە بهێنێتە سەرکار، دەستکەوتێکی ئابووری و سیاسی بەرچاو بەدەست دەهێنێت. ئامانجی ئابووری ئەم دەستدرێژییە بەقەد ڕەهەندە سەربازییەکانی ڕوونە. دەوڵەتی ونزوێلا لە زومرەی هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. ئەم گورزە هاوکات گورزێکە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش. کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە وەبەرهێنانی گەورەی کردووە. لە ئەگەری بە سەرەنجام گەیشتنی پڕۆژەی ئەمەریکا لە ونزوێلا، هەموو ئەو وەبەرهێنانانە دەکەونە مەترسیی جددییەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە دەوڵەتی مادۆرۆ نە چەپ بووە و نە دێموکراتیک، بەڵام جیا لە هەڵسەنگاندنی ئێمە سەبارەت بە دەوڵەتی ونزوێلا، ئەوەی کە ڕوویداوە دەستدرێژییەکی ئاشکرای ئیمپریالیستییە، دەستدرێژییەکی کە هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان پێشێل دەکات و لە پێناو زاڵکردنی هەژموونی سەربازی و ئابووری خۆیدا، بە شەڕ و لەشکرکێشی و بۆردومان و گەمارۆ دەستوەردان لە کاروباری وڵاتەکانی دیکەدا دەکات. ئێمە پێمان وایە ئەمەریکا ئەم هێرشەی نەک بەمەبەستی گۆڕینی دۆخەکە بە قازانجی خەڵکی ونزوێلا، بەڵکوو بەمەبەستی تاڵانکردنی نەوت و سامانە سروشتییەکانی ئەو وڵاتە ئەنجام داوە. هەر وەک چۆن شەڕەکانی عێراق و لیبی و ئەفغانستان و هتد... لە بەرژەوەندی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا نەبووە. گۆڕینی دەوڵەتی ونزوێلا ئەرکی خەڵکی ئەو وڵاتەیە نەک هێزی سەربازی دەرەکی. هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی ئێمە سەبارەت بەم وڵاتە، هیچ شەرعیەتێک بە دەستێوەردانی دەستدرێژیکارانەی ئەمریکا نادات. ئیمپریالیزمی ئەمریکا مافی ئەوەی نییە بە بۆمب و گوللە چارەنووسی خەڵکی ونزوێلا دیاری بکات. مێژووی ئەمریکای لاتین پڕە لە برینی بەناسۆری کۆدەتاکانی ئەمریکا، ئەو کۆدەتایانەی کە حکوومەتە دێموکراتیک و جەماوەرییەکانی وەک ئالەندەی ڕووخاند و لەبری ئەو دیکتاتۆرێکی تاوانکاری وەک پینۆشەی هێنایە سەرکار. لە شیلیەوە بگرە تا گواتمالا و برزیل و نیکاراگوا. ونزوێلا تەنیا نموونەیەکی نوێیە لەم مێژووە خوێناوییەدا

****



# کێ لە عێراق "حوکمڕانی" دەکات؟

دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراق، ململانێ لەسەر دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان چڕتر بووەتەوە. بەڵام واقیعی بابەتیی ئەولاترە لەو ململانێیانە. لە عێراقی ئەمڕۆدا حکوومەت تەنیا یەک ناوەندی نییە. ئەوەی لە ڕاستیدا وڵات بەڕێوە دەبات یان بە واتایەکی تر کۆنترۆڵی وڵات دەکات، پێکهاتەیەکە لە چەندین ناوەندی هێزی ڕکابەر. ناوەندگەلێکی کە هەرکامەیان خاوەنی بەشێک لە هێز و پارە و پشتیوانی دەرەکین. لەناو ئەمانەدا حکوومەتی فەرمی، تەنها یەکێکە لەو ناوەندانەی کە هاوتەریب لەگەڵ وردە دەوڵەتەکانی تر حوکمڕانی دەکات. حکوومەتی فەرمیی بە کردەوە لەگەڵ چەند ئاستەنگێکی بنەڕەتی بەرەوڕووە لەوانە: ئەرتەشێکی کە لە شەڕی داعشدا سووک و لاواز بوو، دامەزراوە ئەمنییە دابەشبووەکان و ئابوورییەکی نوقمی گەندەڵی و قەرزداریی. چەندین گروپی سەر بە حەشدی شەعبی بە چەند سەد هەزار هێزی چەکداری تەیار بە چەک و چۆڵی پێشکەوتوو، ڕێکخراوی یەکگرتوو، سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ و تەنانەت زیندانیش، دەسەڵاتێکی هاوتەریبیان دروستکردووە کە لە ئاست حکوومەتدا وەڵامدەرەوە نین. ئەمە بەو واتایەیە کە قۆرخی هێز و دەسەڵات کە بنەمای هەر دەوڵەتێکی ئاسایی بۆرژوازییە، لە دەستی حکوومەتی ناوەندیدا نەماوە و کەوتۆتە دەستی ئەو هێز و لایەنەکانی لایەنانەی کە لە ئابوورییەکی ناڕوون، باج وەرگرتن و بەشداری سیاسیی کەڵک وەردەگرن و بەشێکی بەرچاویان لە ژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامیدان هاوتەریب لەگەڵ ئەم ناوەندانەی دەسەڵاتدا، هێز و هەیمەنەی ئایەتوڵڵا سیستانی، ڕێبەر و پێشەوای شیعەکان هەیە. لەو شوێنەی کە حکوومەت و پاڕلمان بڕیار دەردەکەن، بەڵام پێشەوایەکی ئایینی دەتوانێت بە فەتوا ئاراستەکەی بگۆڕێت. جگە لەوەش، موقتەدا سەدر، یەکێکی تر لە پیاوە ئایینەکانی شیعەمان هەیە، کە بە پشتبەستن بە کاریگەریی نەریتی بنەماڵەیی لە نێو بەشێکی زۆری شیعەکاندا، هەر جارنا جارێک بە هەڵوێستە دژبەیەکەکانی، پڕۆسەی سیاسی تێکدەدات و بە بەشی خۆی هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئەم یان ئەو باڵی دەسەڵاتدار دەگۆڕێت. بەڵام ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نییە. کۆنترۆڵی دراوی نیشتمانیی عێراق لە دەست بانکی ناوەندی ئەمەریکادایە و بەم هۆیەوەپێگەی وەک یەکێک لە دراوە سەقامگیرەکانی ناوچەکە جێگیر بووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەرکاتێک دەوڵەتی ئەمریکا بیەوێت دەتوانێت ئابووری ئەم وڵاتە تووشی شکست و داڕمان بکات. جگە لەوەش بوونی گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکا و پاشماوەی هێزە سەربازییەکان، بەشێکن لە پڕۆسەی بڕیاردانی ڕاستەقینە لە عێراقدا. گوشارەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی و بەڕێوەبردنی ئەمنییەت و کاریگەری لەسەر حکوومەتی فەرمی لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، بەشێکە لە واقیعی حوکمڕانی لەم وڵاتەدا بەشێک لە عێراق لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندایە، لە حاڵێکدا کە حکوومەتی هەرێمیش بە دەست نایەکگرتوویی و دابەشبوونەوە دەناڵێنێت. فراکسیۆنەکان

درێژە لە لاپەڕەی ٢٠

درێژە ی لاپەڕەی ١٩

کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی لایەنێکی چەکدار دەکەن و یاسادانان لە ژێر سێبەری هەڕەشە و تۆقاندن و ڕێککەوتنی دەرەکیدا ئەنجام دەدرێت. لەسەر ئاستی حکوومەتی فەرمی، دابەشکردنی دامودەزگاکانی دەسەڵات نەک لەسەر بنەمای دێموکراسی لە سیستمێکی ئاسایی پەرلەمانیدا، بەڵکوو لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە. ئەمەش بەو مانایەیە کە سەرۆکی دەوڵەت دەبێت شیعە بێت و سەرۆکی پارلمان سوننە و سەرۆککۆماریش کە پێگەیەکی ڕێوڕەسمییە، دەبێت کورد بێت. دەوڵەتی تورکیا بەشێک لە ناوچەکانی باکوری هەرێمی کوردستانی تا قوڵایی ٥٠ کیلۆمەتر داگیرکردووە و تەنانەت سامانە سروشتییەکانی ئەو ناوچانەش تاڵان دەکات. بەشێکی زۆریش لەو ناوچانە لە زنجیرە چیای قەندیل کە زیاتر لە ٤٠٠ گوند لەخۆدەگرێت، لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پەکەکەدایە. لەسەر بەستێنی ئاوا دۆخێکی ئاڵۆزدا، بوونی داعش لە ناوچەکانی ناوەڕاست و سوننەنشین، لە شێوەی تاقم و گرووپی چەکداردا، بوونی خۆی پاراستووە و ژیانی دانیشتووانەکەی خستووەتە مەترسییەوە بەڵام بەردەوامبوونی ئەم دۆخە واتا قووڵبوونەوەی هەرچی زیاتری کەلێنی کۆمەڵایەتی، هەژاری، بێ ئاسۆیی، سەرکوت و حوکمڕانییەکی کۆنەپەرستانە. حکوومەت لەبری نوێنەرایەتی هاووڵاتیان، بووەتە ئامراز و میکانیزمێک بۆ دابەشکردنی غەنیمەت لە نێوان باڵە جۆراوجۆرەکان، لە ئەنجامدا بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ئەوەی لە عێراق پێی دەوترێت دەوڵەت لە پلەی یەکەمی دەوڵەتە



گەندەڵەکانی جیهاندایە. هەر جارە لەم وڵاتەدا هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت، جگە لەو ساختەکاری و گەندەڵییەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتەدا شتێکی باو و ئاساییە، کاتێک حیزبەکان هێزی چەکداریان هەیە، سیاسەت نابێت بە کێبڕکێ لەسەر بەرنامەکان، بەڵکوو دەبێت بە کێبڕکێی هێز و هەیمەنە. لە ئاکامدا ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە ڕواڵەت شێوازێکی ڕکابەریش بەخۆیەوە بگرێت، پێکهاتەی دەسەڵات ناگۆڕێت، چونکە کاریگەری هێز و پارە، لە سندوقەکانی دەنگدان زیاترە. لەم وڵاتەدا یاسا بە مەرجێک جێبەجێ دەکرێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی ناوەندەکانی دەسەڵاتدا ناکۆک نەبێت. نیگەرانی ڕاستەقینە ئەوەیە ئەم ئاراستەیە کە خۆی بەرهەمی شەڕێکی خوێناوی ناوخۆییە کە زیاتر لە ملیۆنێک کوژراوی لێکەوتەوە، دەتوانێ شەڕ وماڵوێرانییەکی ناوخۆی نوێی لێبکەوێتەوە براوەی دۆخێکی بێسەرەوبەرەی لەو شێوەیە بریتین لەو حیزب و لایەن و هێزە نیزامیانەی کە لە گرێبەست، گومرگ، نەوت، ئاوەدانکردنەوە، قاچاخ، هەندێک لەو چین و توێژە سەرمایەدارە بازرگان و بەڵێندەرانەی کە خۆیان لەگەڵ نائەمنی و گەندەڵیدا گونجاندووە و هەروەها هێزە دەرەکییەکان و لەوانەش کۆماری ئیسلامی ئێران، کە عێراقێکی دابەشکراوی کردووە بە گۆڕەپانێکی موزایەدە و سات و سەودای ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

زەرەرمەندی سەرەکیش کرێکاران، بێکاران، گەنجان، پەراوێزنشینان، هەژارانی ناو شارەکان و هەروەها ئەو ژنانەن کە دیل و گرفتاری داب و نەریتە کۆنەپەرستانەکانن. بارودۆخێکی لەم شێوەیە بە هیچ سیستەمێکی هەڵبژاردن ڕێگە نادات، تەنانەت ئەگەر بە بەراورد بە ڕابردوو ڕواڵەتێکی دێموکراتیکتریشی هەبێت، ئەو سیستەمی دابەشکارییەی دەسەڵاتی ئێستا بگۆڕێت. دڵخۆشکردن بە ڕۆڵی کارای دەوڵەتی ئەمریکا بۆ یەکدەستکردنەوەی دەسەڵات لەم وڵاتە، کە ئەوەش بێ گومان جگە لە سەرهەڵدانی شەڕێکی خوێناوی ناوخۆی و دەستپێکی کوشتار و ماڵوێرانییەکی دیکە هیچ ئاکامێکی تری لێناکەوێتەوە، گەشبینییەکی زیانبەخشە. لەم حاڵەتەشدا ڕۆتینی ژیانێکی ئاسایی لە خەڵک زەوت دەکرێت و کۆمەڵگای عێراق دەخاتە ناو گێژاوی هەژاریی، نائەمنیی و قەیرانێکی وێرانکەرترەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لە هەلومەرجی ئێستای عێراقدا، پەرەسەندنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستی بزووتنەوەکانی بەهاری عەرەبی و ئەڵبەتە پێشهاتەکانی ئێران و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، ئەو داهاتووە گەشەیە کە لە عێراقیشدا دەتوانرێت جێگەی هیوا و ئومێد بێت

****




سەرەڕای پێشکەوتنە بەرچاوە زانستی و تەکنەلۆژییەکان لە ساڵی ٢٠٢٥دا، بەڵام کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هێشتا لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی فرەڕەهەندی وەک قەیرانی ئابووری، شەڕ و ژینگە بەرەوڕووە. بەپێی ڕاپۆرت و خەمڵاندنی سەرچاوە فەرمییە ئابوورییە جیهانییەکان، لەوانە ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشەپێدان ( ئۆ، ئیّ، سی، دی)، بانکی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان کە خۆیان بە هۆکار و سەبەبکاری پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی نەزمی سەرمایەداری جیهانی دادەنرێن، گەشەی ئابووری جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٥دا بە نزیکەی ٢.٥ بۆ ٣.٣ لەسەد مەزەندە دەکرێت. بەڵام ئەم ژمارە بەناو "ئەرێنییە" نەک هەر نەبووەتە هۆی باشتربوونی ئەوتۆی بارودۆخی ژیانی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانی جیهان، بەڵکوو لە زۆرێک لە وڵاتەکان کەلێنی نێوان گەشەی ئابووری لە لایەک و ئاستی ژیان و ئەمنییەتی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵک لە لایەکی دیکە قووڵتر بووەتەوە. هەرچەندە ڕێژەی هەڵاوسان لە هەندێک وڵاتی سەرمایەداری پێشکەوتوودا بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمی کردووە، بەڵام هەزینەی ژیان بۆ زۆربەی خەڵک لەوانە بنەماڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشان قورستر و تاقەت پرکێنتر بووە. کەمبوونەوەی ڕێژەیی نرخی بێکاریش نەیتوانیوە باردۆخی هێزی کار باشتر بکات، چونکە ئاستی گەشەی ڕاستەقینەی حەقدەستەکان لە زۆربەی وڵاتان لە بەرزبوونەوەی هەزینەکانی ژیان کەمترە و توانای کڕینی کرێکاران بە کردەوە لاوازتر بووە. بە کورتی ئەوەی کە دامەزراوە فەرمییەکان بە "سەقامگیری ڕێژەیی ئابووری جیهانی" لە ساڵی ٢٠٢٥دا ناوی دەبەن، لە ڕاستیدا جگە لە بەردەوامبوونی قەیرانی بژێوی ژیان و پەرەسەندنی نایەکسانی و گواستنەوەی بارگرانی قەیرانی سەرمایەداری بۆ سەر چینی کرێکار و چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا هیچی تر نییە لە ساڵی ٢٠٢٥دا جیهان شایەتی گەلێک شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکداریی و ماڵوێرانی لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی بوو کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی هەزاران کەس و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەسی تر. بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بکرێت بە شەڕی ئۆکراین کە لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە دەستی پێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە. جگە لەوەش شەڕە ناوخۆییەکانی یەمەن، میانمار، نیجیریا، سۆمالی، سودان و مۆزامبیک و هەروەها شەڕی ئیسرائیل لە غەززە، بووەتە هۆی قەیرانێکی مرۆیی بەربڵاو و برسێتی و ئاوارەبوون و مردنی ملیۆنان کەس. لەم نێوەدا شەڕی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەمریکا لە پێناو پاراستنی هەژموونی جیهانی خۆی کە هاوکات لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و فرۆشتنی چەک و چۆڵی کۆمەڵکوژەوە سودێکی گەورەی ئابووری بۆ ئەم وڵاتە بەدەست هێناوە گۆی زەوی لە ساڵی ٢٠٢٥دا لەگەڵ گەلێک ئاستەنگی ژینگەیی جددی و بەربڵاو بەرەوڕوو بووەوە. ئاستەنگ گەلێکی کە زۆربەیان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و چالاکییەکانی مرۆڤەوە دروست دەبن و کاریگەرییەکانیان بەردەوام هەستی پێدەکرێت.

درێژە لە لاپەڕەی ٢١

درێژە ی لاپەڕەی ٢٠

ئەمساڵ وەک یەکێک لە گەرمترین ساڵەکان تۆمارکراوە و بەشێک بووە لە ڕەوتێکی ١١ ساڵی ڕابردوو کە پلەکانی گەرما زیاتر لە 1.5 پلەی سەدی لە سەرووی پێش سەردەمی پیشەسازیی بووە. لێکەوتەکانی ئەم دۆخە بریتی بوون لە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و شەپۆلی گەرما، ئاگرکەوتنەوەی بەربڵاو، لافاو و تۆفانی وێرانکەر، وشکەساڵی سەخت و قەیرانی ئاو، گەیاندنی زیانێکی گەورەی بە ئیکۆسیستەمەکان بە تایبەت لە زەریاکان و هەروەها سەپاندنی تێچوویەکی ئابووری قورس بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانەوە.

بە پێی ڕاپۆرتەکانی بانکی جیهانی، یۆرۆنیوز و شیکارییە ئابوورییەکان، گەشەی ئابووری ئێران لە ساڵی ٢٠٢٥دا نەرێنی بووە. کەمبوونەوەی هەلی کار و پەرەسەندنی گوشارە ئابوورییەکان، ژیانی خەڵکیان لەگەڵ گرفت و ئاستەنگی زیاتر بەرەوڕوو کردووەتەوە. هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر بووەتە هۆی لاوازبوونی بەرچاوی توانای کڕین و تەنانەت وایکردووە بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەکان نەتوانن زۆرێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەیان دابین بکەن. بەپێی ئامارەکان، هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥دا بە نزیکەی لەسەدا ٥٣ مەزندە دەکرێت، بەڵام شارەزایانی سەربەخۆی ئابووری پێیان وایە کە ڕێژەی هەڵاوسانی ڕاستەقینە زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی کە ڕاگەیەندراوە. لە ئاکامدا هەزینەی بژێوی ژیانی بنەماڵەکان بۆ هەمان سەبەتەی کاڵا لە ساڵی ٢٠٢٤دا نزیکەی ٥٠ لەسەد زیادی کردووە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە هەرکاتێک بێتوانایی و داماویی خۆی لە ئاست چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە بوارەکانی ئابووری، بژێوی ژیان، کۆمەڵایەتی، نێونەتەوەیی، ژینگەیی، ژێرخان و پەروەردە و چاودێری تەندروستیدا نیشان دا. پشتگوێخستن و پێشێلکردنی مافەکانی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا لەوانە کرێکاران، نەتەوە ستەملێکراوەکان، ژنان، موعەلیمان، خانەنشینان، خوێندکاران و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بەشێک بووە لە ناسنامەی کۆماری ئیسلامی. بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٥دا ئەم ڕەوتە بە شێوەیەکی ئاشکراتر و بێ شەرمانەتر بەردەوام بوو و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەگەڵ دەستگیرکردن و ئەشکەنجە و تەنانەت لەسێدارەدانی هەڵسووڕاوانی ئەو بوارانە هاوکات بووە.

نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیکەی نیو سەدەدا نیشانی داوە کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ بەڕێوەبردنێکی عەقڵانی بە مەبەستی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئەمن و ئارام لە ڕووی ئەمنییەتی گیانی و ئابوورییەوە بۆ خەڵک، نامۆ بووە. لە زۆر حاڵەتدا خودی ڕژێم هۆکار و سەبەبکاری سەرەکی بووە لە دروستکردنی نائەمنی ئابووری و زاڵکردنی کەشوهەوای گرژی و شەڕ. نموونەیەکی ئاشکرا بریتییە لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل و لێکەوتە ئابوورییەکانی لەسەر ژیانی خەڵک ئەوەی کە ئاماژەیان پێکرا تەنیا بەشێکی بچوکن لەو بەڵا و نەهامەتیانەی کە کۆماری ئیسلامی هۆکار و سەبەبکاری سەرەکییانە. کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەم کێشە و نەهامەتیانە بەردەوام لەناو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. تێکچوونی شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵک و بنەماڵەکان، پەرەسەندنی ژمارەی منداڵانی کار، فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە، هاوسەرگیریی منداڵان، کۆچکردن و بوون بە پەنابەر لە وڵاتەکانی دیکە، ڕێژەی زۆری ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و خۆکوشتن، تەنیا بەشێکن لەو کێشە و نەهامەتیانە. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە ئەم دۆخە ساڵ بە ساڵ خراپتر بووە و زیانێکی گەورەی بە کۆمەڵگا گەیاندووە

کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەک بەشێک لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئێران، لەو بڕوایەدایە و لەپێناو ئەوەدا هەوڵدەدات کە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی شایستەی مرۆڤایەتی، کۆمەڵگایەکی کە لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی دامەزرابێت، پێویستە هەموو چین و توێژە چەوساوەکانی ئێران بە هاوپشتی و هاوخەباتی و دەست لەناو دەستی یەکتر، دەست بدەنە خەباتێکی هۆشیارانەتر و ڕێکخراوتر لە ڕابردوو لەپێناو ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی تەواوەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی. بەڵگە بابەتییەکان دەریدەخەن کە کۆمەڵگای ئێران لەبەردەم گۆڕانکاریی جیددیدایە. لە غیابی ئەڵتەرناتیڤێکی سۆسیالیستی ڕێکخراو کە بتوانێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زۆربەی هەرەزۆری چین و توێژە چەوساوە و ستەملێکراوەکان لە دەوری ویست و داواکارییەکانیان کۆبکاتەوە، گۆڕەپانەکە دەکەوێتە دەستی هێزە دژە شۆڕشەکان. ئەو هێزانەی کە ڕەنگە خاوەن ناو و ڕواڵەتێکی جیاواز، بەڵام هەڵگری هەمان سروشتی ئێستایان بن، جگە لە ڕەنج و ئازار و نەهامەتی هەرچی زیاتر، هیچی تر بۆ خەڵک بەدیاری ناهێنن

**پێشوەختە پیرۆزبایی هاتنی ساڵی ٢٠٢٦تان لێدەکەین و هیواداریـن کە ساڵی ٢٠٢٦ ساڵی تێپەڕاندنی کێشە و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگەمان و لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتوویی هەرچی زیاتری بزووتنەوە ئازادیخواز و عەداڵەتخوازەکانی جەماوەری خەڵکی ئێران بێت.**

**کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٢٨ی دیسامبری ٢٠٢٥**

****

# دۆخی هێزەکانی سوریای دیموکرات و مەترسییەکانی سەر ڕێگای، لە سەردەمی دوای پشتیوانی ئەمریک


لە سەروبەندی نزیکبوونەوە لە ساڵی ٢٠٢٦، هێزەکانی سوریای دیموکرات کەوتوونەتە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و نیزامی خۆیان. ئەو هێزەی کە لە سوریا پایەی سەرەکی شکستی داعش بوو و هاوکات ئەزموونێکی لە خۆبەڕێوەبەریی لۆکاڵیی بنیاتنا، ئێستا لەگەڵ سێ گوشاری یەکلاکەرەوە بەرەوڕووە: گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی لە دیمەشق، پەرەسەندنی کاریگەری و گوشارەکانی تورکیا و هەروەها ئەگەری پاشەکشەی ئەمریکا لە بەرپرسیارێتی و پابەندبوونە درێژماوەکانی لە ناوچەکە. لە مانگی مارس دا، مەزڵوم عەبدی، فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات و ئەحمەد ئەلشەرع، سەرۆککۆماری کاتیی سوریا ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد کە ئامانج لێی بریتی بوو لە تێکەڵکردنی هێزە کوردییەکان لەگەڵ پێکهاتە نیزامی و مەدەنییەکانی سوریا تا کۆتایی ئەمساڵ. بەڵام سەرەڕای نزیکبوونەوەی وادەی دیاریکراو، لە ڕاستیدا ڕێککەوتنەکە بەکردەوە هێشتا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و ناکۆکییەکان لەسەر پرسێکی سەرەکی ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە، ئایا هێزەکانی سوریای دیموکرات دەتوانن وەک یەکەیەکی یەکگرتوو بمێننەوە یان دەبێت بەسەر لیواکانی سپای سوریادا دابەش بکرێن؟ ئایا لە پێکهاتەی ئەرتەشی سوریادا کە پێکهاتەیەکی پیاوانەیە، جێگایەک بۆ یەکە چەکدارەکانی ژنان بوونی دەبێت یان نا؟. هاوکات شەڕ و پێکدادان لەو بەشانەی کە سنووری نێوانی ئەو هێزانەیە، بەتایبەت لە دەوروبەری خاڵە ستراتیژییەکانی وەک بەنداوی تشرین هەروا بەردەوامە و هەردوولا یەکتر بە پەرەپێدان بە گرژییەکان تۆمەتبار دەکەن. ئەم دۆخە ئەوە دەردەخات کە ڕێککەوتنەکە لەبری ئەوەی ڕێگایەک بێت بۆ چارەسەر، بووەتە مەیدانی وتووێژ و دانوستانی لاواز و بێ ئاکام کە دەتوانێت لە هەر ئان و ساتێکدا ببێتە هۆی بەرەوڕووبوونەوەیەکی بەربەڵا و شۆڕای دیموکراتیکی سوریا، واتە باڵی سیاسی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)، ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی پێشنیازکراوی دەوڵەتی کاتی بەتەواوەتی ڕەتکردۆتەوە و ئەو یاسایەی وەک "فۆرمێکی نوێی پاوانخوازی" ناو بردووە، ڕەشنووسێکی کە بە چڕکردنەوەی دەسەڵات لە دەوڵەتی ناوەندیدا، دەسەڵات و ئیختیارێکی ئێجگار زۆر بە دەسەڵاتی جێبەجێکار دەبەخشێت و هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی (لەوانە قەدەغەکردنی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی نوێ) بەرتەسک دەکاتەوە و ڕێگا بۆ پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان و جێگیربوونی

درێژە لە لاپەڕەی ٢٢

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦

درێژە ی لاپەڕەی ٢١

دیکتاتۆرییەکی نوێ لەبری دیکتاتۆرییەتی پێشوو خۆش دەکات. ئەم بۆشاییە دەریدەخات کە مەسەلەکە تەنیا نیزامی نییە، بەڵکوو ناکۆکییەکە لەسەر سروشت و چۆنیەتی دەوڵەتی داهاتووی سوریایە. ستراتیژی نوێی ئەمنییەتی نیشتمانیی ئیدارەی ترامپ ئاماژەیە بۆ کەمکردنەوەی گرنگیدان و تەرکیزی نیزامی ئەمریکا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوورکەوتنەوە لە بەرپرسیارێتی و پابەندبوونە درێژماوەکانی. ئەم ستراتێژە پەیامێکی ڕوونی پێیە بۆ هێزەکانی سوریای دێموکرات، ئەویش بریتییە لە کەمکردنەوەی بەرپرسیارێتی و پابەندبوونەکانی دەوڵەتی ئەمریکا سەبارەت بە بەرگریکردن لە بزووتنەوەی ڕۆژئاوا. لە وەها بارودۆخێکدا، ئەولەویەتەکانی ئەکتەرە ناوچەییەکانیش لەوانە ئیسرائیل، سعودیە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و هتد... گۆڕانکاری بەسەردا دێت. تەرکیزی ئەم هێز و لایەنانەش بە پەیڕەویکردن لە سیاسەتی ئەمریکا، دەچێتە سەر یەکخستنی هێزە چەکدارەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریادا نەک پاراستن و پشتیوانی لە قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەر یان فیدراڵ لە کوردستانی سوریا مەسەلەی هێزەکانی سوریای دێموکرات بۆ دەوڵەتی تورکیا، وەک پرسێکی گرنگی ئەمنییەتی نیشتمانی چاوی لێدەکرێت، لە کاتێکدا بۆ دەوڵەتی ئەمریکا لە پاڵ ئەولەویەتە گەورەکانی تردا بە پرسێکی لاوەکی دادەنرێت.





ئەم ناهاوسەنگی هێزە، دەستی تورکیا ئاواڵاتر دەکات بۆ گوشارخستنە سەر هێزەکانی سوریای دێموکرات، بەتایبەتی کاتێک وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت: "سەبر و تەحەمولی دەوڵەتی تورکیا خەریکە تەواو دەبێت" و لە هەمان کاتدا دەوڵەتی تورکیا خوازیاری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی مانگی مارسە. دەوڵەتی تورکیا هێزەکانی سوریای دێموکرات بە پاشکۆ و درێژکراوەی پەکەکە دەزانێت و داوا دەکات کە بەتەواوەتی لە چەک دابماڵدرێن. هەرچەندە پەکەکە خۆی چووەتە ناو پرۆسەی چەکداماڵین، بەڵام هەسەدە ڕایگەیاندووە کە ئەم پرۆسەیە هێزەکانی ئەوان ناگرێتەوە. دەوڵەتی تورکیاش بە ئاشکرا باسی لە سنووردداربوونی سەبر و تەحەمولی خۆی کردووە و گوشار دەخاتە سەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی مانگی مارس. هاوکات هێرشەکانی تورکیا لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا بە مەبەستی لاوازکردنی ژێرخانی ئابووری و دامەزراوە مەدەنییەکان و ناچارکردنی خەڵک بە جێهێشتنی ناوچەکە، ئاستەنگەکانی بەردەم ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی پەرەپێداوە. بێ گومان هەسەدە لە ڕووی ڕێکخستن و ئەزموونی نیزامییەوە هێزێکی جدییە. بەڵام کێشەی سەرەکی لەمڕۆدا بریتییە لە نەبوونی گەرەنتییەکی باوەڕپێکراو بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕۆژئاوا. تەنانەت ئەگەر پێشنیار گەلێکی وەک تێکەڵکردنیان لەچوارچێوەی چەند لەشکردا و پێدانی پۆست و پلە و پایەی فەرمی، یان هەندێک مافی فەرهەنگی بێننەگۆڕێ، بەڵام هێشتا نیگەرانییەکی سەرەکی دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێکهاتە نیزامی و سیاسییە سەربەخۆیەی ئێستا، چ گەرەنتییەک هەیە بۆ دابینکردنی ئەمنییەت، مافە سیاسییەکان، دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد و جێگە و پێگەی ژنان لە پێکهاتە نیزامی و کۆمەڵایەتییەکان، لەکاتێکدا ئەرتەشی سوریا لە بنەڕەتدا پێکهاتەیەکی بە تەواوی پیاوانەیە. لە سەردەمی "دوای ئەمریکا"دا، بژاردەکانی بەردەم هەسەدە خێراتر لە جاران سنووردار دەبێتەوە. درێژەدان بە دۆخی ئێستاش تێچوویەکی زۆری دەوێت و کارێکی دژوارە. تێکەڵبوونی بەپەلەش دەتوانێت ببێتە هۆی لەدەستچوونی بە شێنەیی هێز و گەڕانەوەی سەرلەنوێی هەیمەنە و دیکتاتۆری دەوڵەتی ناوەندی. توندبوونەوەی گوشارەکانی تورکیا لە ئەگەری کەمبوونەوەی پشتیوانی ئەمریکا، مەترسی ئاوارەبوون و وێرانکاری بەربڵاو لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوریای دێموکرات پەرە پێدەدات. چارەسەر و یەکلاییکردنەوەی سیاسیی بەبێ بوونی گەرەنتییەکی ڕاستەقینە، دەتوانێت بە خێرایی دەستکەوتی چەند ساڵەی ئەزموونێکی ناوازە لە خۆبەڕێوەبەریی تووشی پاشەکشە بکات. ئەم ئەزموونە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە داڕشتنی کۆمەڵێک یاسا لەبواری یەکسانی ژن و پیاو، بەشداری ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، یەکسانی یاسایی نەتەوە و ئایینەکان و ئازادییە سیاسییەکان، توانیویەتی ئیلهامبەخش بێت. هەر ئەم تایبەتمەنیانەن کە ئەو ئەزموونە لە زۆرێک لە ڕێکخستنە تەنیا نیزامییەکان جیا دەکەنەوە و هاوکات دەیکەنە ئامانجی گوشارەکان، چونکە هەسەدە نەک تەنها هێزێکی چەکدار، بەڵکوو مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی-سیاسیشە هێزەکانی سوریای دێموکرات دوای چەندین ساڵ لە شەڕ و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش و بەڕێوەبردنی بەشێکی زۆری باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئێستا کەوتوونەتە دۆخێکەوە کە پرسی سەرەکییان نەک تەنها هێز و توانایی نیزامی، بەڵکوو گۆڕینی ژینگەی سیاسی ناوچەکەیە. ڕەوتێکی کە بەرەو گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی و بەرتەسککردنەوەی هەرچی زیاتری فەزا لە جەماوەری ستەملێکراو دەڕوات. لە کەشێکی ئاوادا بزووتنەوەی ڕۆژئاوا تەنانەت ئەگەر کارامە و ڕێکخراو و خاوەن شەرعییەتی کۆمەڵایەتیش بێت، لەگەڵ گوشاری هەرچی زیاتر بۆ تێکەڵبوون و توانەوە لە پێکهاتەی سیاسی و نیزامی دەوڵەتی ناوەندیی دا بەرەوڕوو دەبێتەوە. ئەزموونی بەڕێوەبردنی دێموکراتیکی کاروباری ئەم ناوچەیەی سوریا، بە هەوڵ و هیمەتی ئەو ژن و پیاوانەی کە بڕیاریان داوە چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن، بۆ دەوڵەتی تورکیا تەحەمول ناکرێت. ئەوان بە ئازایەتی و فیداکارییەکی بێهاوتا هێزێکی وەک داعشیان تێکشکاند و ناوچە ئازادکراوەکانیان بۆ دانیشتووانەکەی کردە دەڤەرێکی تاڕادەیەک ئارامتر لەچاو باقی ناوچە وێران و نیمچە وێرانبووەکانی سوریا. ئەم ئەزموونە و ناوبانگە جیهانییەکەی، لەو ڕووەوە کە ژنان و پیاوانی کوردستانی سوریا لە سەنتەری دا بوون، بەردەوام وەک دڕکێک لە چاوی ئەردۆغاندا بوو. ئێستا لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی تورکیا ڕاستەوخۆ هێرشی کردۆتە سەر ئازادی و مافی بەڕێوەبردنی ژیانی ئەو خەڵکە و لە دۆخێکدا کە دەوڵەتی ئەمریکا لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، لایەنگریی لە دەوڵەتی تورکیای پێی باشترە لە پاڵپشتیکردنی خەڵکی ڕۆژئاوا، تاکە لایەنگر و پشتیوانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، بریتییە لە خەڵکی تێکۆشەری ناوچەکە و ئازادیخوازانی جیهان

****



# ئایدۆلۆژیا گەدەی برسی تێرناکات

لە نوسینی: عوسمانی حاجی مارف



ئەو ڕۆژانەی ڕاپەڕینی جەماوەری لە تونس، میسر، لیبیا، سوریا و یەمەن سەریان هەڵدا، هەنگاونانی ئامادەیی بو، بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشێک دژ بە برسیەتی، هەربۆیە ناوی لێنرا بەهاری عەرەبی، بەمەش وەستانەوەیەکی بەرفراوانی جەماوەری دژ بەو ڕژێمانە هاتە مەیدان، کە دەیان ساڵ، لەسەر حسابی برسی کردن و پێشێلکردنی ئازادی، لە ژێر پەردەی پیرۆزکردنی عروبەوە، سەرمایەگوزاری و کەڵەکەی سەرمایەیان بەڕێوە بردووە. ئەم هەڵچونە جەماوەریە نیشانیدا، خەڵکی ستەمدیدە توانای سەپاندنی ئیرادەی خۆیان هەیە و سەلماندیان پیرۆزکردنی عروبە وەلام بە گەدەی خاڵیان نادانەوە. لە هەمانکاتدا ئەوەش بەرچاوکەوت کە گردبونەوەی بەرفراوانی جەماوەری و شەپۆلی ناڕەزایەتی لە مەیدانی شارەکان و شەقامەوە دەتوانێت ئاڵوگۆڕ بکات، بەڵام بەبێ ئامادەیی لە ڕێکخراوبون و ئاسۆیەک بۆ سەرکەوتنی ئەوڕاپەڕینە، بۆ گەیشتن بەرەو دابینکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی خەڵک، پاشەکشەی پێدەکرێت. هەر بۆیە بەهاری عەرەبی، بوبە دۆزەخی عەرەبی، دیمان لە لیبیا و سوریا و یەمەن شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە میلیشیاکان، چەندین ساڵە وێنایەکی قێزەون لە بەرامبەر ئایندەی ڕاپەڕینی جەماوەریدا نیشان ئەدات لە هەمانکاتدا دیمان چۆن شەپۆلی ئەو ناڕەزایەتیانە بەر بە تەشەنەکردنی گیرا، لەبەر ئەگەری فراوان بونی بەرەو وڵاتە عەرەبیەکانی تر و وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها ڕژێمەکانی دیکە وەک ئێران و هەندێک دەوڵەتی عەرەبی توانیان لە ڕێگەی ڕێوشوێنی توندی ئەمنی یان لە ڕێگەی گوتارێکی ئایدیۆلۆژیەوە، مانەوەی ڕژێمەکانیان بە پاراستنی ناسنامە، ئایین، یان قەومی گرێدا، توانیان شەپۆلەکانی ناڕەزایەتی کۆنترۆڵ بکەن. هەر بۆیە لەو سەردەمەدا ئەم ڕژێمانە توانیان زریانەکە تێپەڕێنن. سەرەڕای توڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵک ئەو ڕژێمانە توانیان بەردەوامی بە دەسەڵاتەکەیان بدەنەوە. هەڵبەتە ئەم دواخستنە لە هەڵچونی ناڕەزایەتی لەو وڵاتانە هۆکارەکەی ئەوە بو کە ناڕەزایەتیەکانی تونس و میسر، نەیانتوانی چارەسەری ڕەگ و ڕیشەی ئەو قەیرانە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانە بکات، کە لە پلەی یەکەمدا ناڕەزایەتیەکانی لێکەوتەوە، لە هەمان کاتدا دۆخی لیبیا و سوریا و یەمەن وێنایەکی تەڵخ و بێ ئاسۆیی دابەدەستەوە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە ڕژێمەکانی ناوچەکە و جیهان ڕووبەڕووی شەپۆلی بەرفراوانی ناڕەزایەتی بونەوە، هەندێکیان لە چوارچێوەی ئەوەی بە بەهاری عەرەبی ناوزەد کران و هەندێکی دیکەیان لە قەیرانە ناوخۆییە کەڵەکەبوەکانەوە سەرچاوەیان گرت، زۆرێک لەو ڕژێمانە لە ڕێگەی هەڕەشە و سەرکوتی ڕاستەوخۆ و بانگەشەی ئایدیۆلۆژی و ئایینی و ناسیۆنالیستی، ڕەخساندنی گەندەڵکاری لە پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، یان هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و سود وەرگرتن لە ململانێی زلهێزەکان، بەجۆرێک دەستیان بەسەر شەقامەکاندا توندکردەوە و دەرگایان بەڕووی هەر هەوڵێکی گۆڕانکاری ڕیشەیی داخست. بەڵام ئەم کۆنترۆڵە ڕەگی قەیرانەکانی ئەو وڵاتانەی وەڵام نەدایەوە، تەنها دوایخست. ئەمڕۆ فاکتەرێکی نوێ و مەترسیدارتر سەریهەڵداوە، ئەویش دارمانی ئابووریە، کە ناتوانرێت نە بەهێز سەرکوت بکرێت و نە بەکاریگەری دروشمەکان بێدەنگ بکرێت. گەیشتنی قەیرانی ئابوری بە ئابووریەکی دارماو، بە فیشەک و پڕوپاگەندە ناتوانێت ڕێگایەک بۆ ڕزگاربونی دەسەڵاتی سیاسی و سەرمایەداران بەدەست بهێنێت، کاتێک قەڵشتی نێوان دەوڵەمەند و هەژار، کرێکار و سەرمایەدار فراوانتر دەبێت، کاتێک دراو دەڕوخێت و بێکاری بەرز دەبێتەوە، ئاستی بژێوی دادەبەزێت و برسیەتی فروان دەکات، مانای شکستهێنانی حکومەتەکانە لە پێشکە شکر د نی خز مە تگو ز ا ر یە سەرەتاییەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک، ئیتر شەقامەکان کۆنترۆڵ ناکرێن، برسێتی بێدەنگ ناکرێ و گەدەی بەتاڵیش بە ئایدۆلۆژیا فریو نادرێت . ئەوەی ئەمڕۆ لەئێران دەبینرێت، نمونەیەکی بەرجەستەیە کە ناڕەزایەتی جەماوەری هاوشانی بازرگانان لە بازاڕی گەورەی تاراندا دەستپێکرد، ناڕەزایەتیەک بەدارمانی دراو و گرانی تێچووی بژێوی ژیان، بە خێرایی بڵاوبوەوە بۆ شارەکانی دیکە. ماوەی چەند ڕۆژێکە ناڕەزایەتیەکان بەردەوامیان هەیە و پێشبینی ئەگەری فراوانتری بۆ دەکرێت، ئەم شەپۆلە گەورەترین شەپۆلە لە دوای ناڕەزایەتیەکانی مەهسا ئەمینی ساڵی ٢٠٢٢، بەڵام ئەمجارەیان بەهۆی دارمانی ئابوری هەمەلایەنەوەیە، نەک ئەنجامی هیچ ڕوداو و پرسێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی دارمانی ئابوری نەک هەر سەقامگیری دارایی بەڵکوو پەیکەری کۆمەڵایەتی و سیاسیش دەخاتە مەترسیەوە، کاتێک پێداویستی مرۆڤەکان بەردەست نییە و برسی دەبن، بۆچوونە پیرۆزەکان دەڕووخێن و ئایدۆلۆژیا هێزی قایلکەری خۆی لەدەست دەدات. چینی ناوەڕاست کە سەردەمانێک قەڵغانی سەلامەتی بوون بۆ سەرمایە و دەسەڵات، کاتێک ئەو قەیرانە توانای گوزەرانی بێ ئاسۆ دەکات، دەبنە سووتەمەنی بۆ ناڕەزایەتیەکان کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێکاران، کاتێک بە یارمەتی و بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان لە ژێر کۆنترۆڵدا ڕادەگیرێن، بەڵام لەدەورانێکدا کە ئەم یارمەتیانە، لە بەرامبەر هەڵاوساندا بەهای خۆیان لەدەست دەدەن، ناچار دێنە سەر شەقامەکان. لەم خاڵەدا ڕژێم ڕووبەڕووی دوریانێک دەبێتەوە کە ناتوانێت بەسەرکوت چارەسەری بکات، یان دەبێت ئابوری چاک بکات، یان ڕوبەڕوی دارمانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە ئەگەر ئەم قەیرانە ئابوریەی ئێران بەردەوام خراپتر بێت، شاهیدی شەپۆلی بەرفراوانی ناڕەزایەتی لە تەواوی شارەکانی ئێراندا دەبین، ئەم شەپۆلانە لە چاو شەپۆلەکانی پێش خۆیان توندوتیژتر دەردەکەون، چونکە لە نەبونی پێداویستیەکانی گوزەرانی زۆرینەی دانیشتوانی ئێرانەوە سەری هەڵداوە، ئەم قەیرانە بەتەواوی بەسەر زۆرینەی دانیشتواندا شکاوەتەوە، برسێتی گفتوگۆ و دانوستانی نییە و دارمانی ئابوریش ناکرێت دوابخرێت. کۆماری ئیسلامی گەر پێیوایە کۆنترۆڵی ئاسایش چارەسەرە، دواتر بۆیان دەردەکەوێت کە شکستی ئابوری بەهێزترە لە چەک ناکرێ دانیشتوانی برسی بە هێز ملکەچ بکرێن، ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەوە بگەن کە سەقامگیری سیاسی بەبێ سەقامگیری ئابووری بەدی نایەت، دەبێت دەستبەجێ دەست بە چاکسازی جدی بکەن، بەڵام ئایا فریا دەکەون یان مەیدانەکە بەجێ دەهێڵن بۆ ئایندەی ئەو هێزانەی جارێکی تر سواری سەری ئیرادەی خەڵک دەبنەوە و ئێران پارچە پارچە دەکەن لەم نێوەدا ئەوەی گرنگە، ئەرکی ئازادی خوازان و یەکسانخوازانە هەوڵ بدەن ئەم شەپۆلە بۆ بەدەستهێنان و سەرکەوتنی دەورو دەخالەتی دەسەڵاتی خەڵک یەکلایی بێتەوە، بە جیا لەهەر دەخالەتێکی دەرەکی و هەوڵی هەر لایەن و هێزێکی سیاسی کە دەیانەوێت دەسەڵاتی سەرو خەڵکی لە شێوازێکی تردا

****

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٩ - بەفرانباری ١٤٠٤ - ژانویەی ٢٠٢٦




# بەیانییەی ژمارە ٢ی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لەبەرچاونەگرتنی ڕاستییەکان و پەرەپێدان بە ئومێدی پووچ و بێبنەما

سێ هەفتە بەسەر دەستپێکردنی نارەزایەتی بەربڵاو لە بازاڕی تاران لە کاردانەوە بە گرانی هەوسارپچڕاو و دابەزینی بەردەوامی بەهای تمەن تێدەپەڕێت. ئەو چەخماخەی کە سەرەتا بەهۆی نارەزایەتی بازاڕیانەوە لێدرا، بەخێرایی چوارچێوەی داواکارییە پیشەییەکانی تێپەڕکرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی سیاسی دژی تەواوەتی کۆماری ئیسلامی. ئەم پێشهاتە خێرا و مانادارە جارێکی دیکە نیشانی دا کە کۆمەڵگای ئێران لە دۆخێکی لێوانلێو لە توڕەیی، بێزاریی و ئامادەیی نارەزایەتیدا بەسەر دەبات. هیچ گومانێک لە ڕەوا بوونی ئەم توڕەییە و مەشروعییەتی ئەم ئاخێزەدا نییە. خەڵکی ئێران ساڵانێکە بە هەژاری، نەهامەتی، پەراوێزنشینی، دڵەڕاوکێی بەردەوام، نادڵنیایی و بە گشتی لەدەستدانی ژیانی ئاسایی، باجی سیاسەتە ئابوورییە کارەساتبارەکانی کۆماری ئیسلامی، گەندەڵی، سەرکوتی سیاسی و سەرکێشییە ناوچەییەکانی دەدەن. بەڵام ئەزموونەکانی ڕابردوو و ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەت، فێرمان دەکات کە ڕەوابوونی بزووتنەوەیەک، ئەگەرچی مەرجێکی پێویست، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بەس نییە بۆ بە ئاکام گەیشتنی. مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەکان پڕە لەو نموونانەی کە تیایدا تووڕەیی ڕەوای جەماوەر، بەهۆی نەبوونی ڕێکخراو و ڕێبەریی و ستراتێژی دروست، یان سەرکوت کراوە یان بە لاڕێدا براوە. مەسەلەی سەرەکی تەنیا ئەوە نییە کە "بۆچی خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان"، بەڵکوو "ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت ئەم ڕاپەڕینە بە سەرکەوتن بگات و بەر بە تێچووی کارەساتبار بگیرێت؟".

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، پێویستە سەرەتا بە دیدێکی بابەتیانە و واقیعبینانە، لە هاوسەنگی هێزی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی نارازی و دەسەڵات بکۆڵرێتەوە. کۆماری ئیسلامی دوژمنێکی ئاسایی نییە. ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتێک بەرەوڕووین کە دەیان ساڵە نیشانی داوە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەی هیچ سنوورێک ناناسێت. دام و دەزگا سەرکوتگەرەکەی تەیار بە هەموو جۆرە چەکوچۆڵێکە، لە هێزە نیزامی و ئەمنییەکانی ناوخۆوە بگرە تا میلیشیا و پرۆکسییەکانی لە ناوچەکە، هەموویان دەهێنێتە مەیدانی شەڕ لە دژی خەڵک. ئەم ڕێژیمە لە ساتەکانی قەیراندا لە بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی و ڕەشەکوژی درێغ ناکات. ئەوەی لە ڕۆژانی ۱۷ و ۱۸ و ۱۹ی بەفرانبار و لە ماوەی ۷۲ کاتژمێردا دوای داخستنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تەلەفۆن ڕوویدا و لەو ماوەیەدا هەزاران کەس یان بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەیان هەزار کەس گیانیان لەدەستدا، تا ڕادەیەکی زۆر بە پێی سروشتی ئەم ڕژیمە پێشبینیکراو بوو

لە ئاوا هەلومەرجێکدا بانگەشەی خەڵک بۆ چوونە ناو "شەڕی کۆتایی و چارەنووسساز" بەبێ بوونی ڕێکخراو و ڕێبەریی و توانای پێویست، جگە لە یاریکردن بە ژیان و داهاتوویان هیچی تر نییە. شۆڕش وەک شەڕ وایە. هیچ فەرماندەیەکی شارەزا و لێهاتوو، بەبێ هەڵسەنگاندنێکی ورد سەبارەت بە توانای هێزەکان و ناسینی دۆخەکە، ناچێتە ناو ڕووبەڕووبوونەوە لە شەڕێکدا کە هاوسەنگی هێز، ڕێکخستنی هێزەکان و ئیمکانات و ئامرازی پێویست بۆ شەڕێکی لەو شێوەیە ئامادە نەبێت. تەنیا بە هۆیەوە کە زۆرینەی کۆمەڵگا ئەم حکومەتەی ناوێت و بەبێ هەبوونی ڕێکخراو، خۆڕێکخستن و تاکتیککگەلێک کە بتوانێت ڕووبەڕووی ئەم دامودەزگا سەرکوتگەرە پڕچەکە ببێتەوە و لە هەناوی خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەرەوە بەستێنی لەدەستدان و دوورکەوتنەوەی د ە ستو پێو ە ند ە کا نی برەخسێنێ، ئەم حکومەتە نارووخێت سەرەڕای هەموو ئەمانە، لە گەرمەی ئەم ئاخێزەشدا، سەرلەنوێ لەناو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا، شاهیدی سەرهەڵدان یان چڕبوونەوەی گوتارێک بووین کە ڕێگای ڕزگاریی نەک لە هێز و ڕێکخراوبوونی جەماوەردا، بەڵکوو لە دەستێوەردانی دەرەکی و بە تایبەت دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکادا بەدی دەکەن. ئەم هێزانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی سەراسەریشدا نوێنەر یاخود ناو و کەسایەتی ناسراویان هەیە. ئەم هێزانە بە ئاشکرا یان ناڕاستەوخۆ هیواکانیان لەسەر دەوڵەتی ئەمریکا و سەرۆک کۆمارەکەی واتە دۆناڵد ترامپ هەڵچنیوە. هەروەک ئەو پەیام و بانگەواز و داخوازیانەی کە داوایان لێدەکرد "بەپەلە بە یارمەتی خەڵکی ئێرانەوە بێت" و بە دەستێوەردانی سەربازیی، ڕێگای ڕووخانی ڕێژیم خۆش بکات. جگە لە ساویلکانەبوونی ئەم چەشنە پەیامانە، تا ئەو جێگەیەی کە پەیوەندیدارە بە ڕەوتی سەڵتەنەتخواز، ڕاپەڕینی ئەم دواییە و هەڵوێستەکانی دەوڵەتی ترامپ، بۆ هەمیشە دۆسییەی سەڵتەنەتخوازەکانی وەک هێزێکی سیاسی لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی ڕژیمدا کە خوازیاری دەسەڵاتە، داخست. وێڕای ئەوەی کە بە

درێژە لە لاپەڕەی ۲۵

درێژە ی لاپەڕەی٢٤

پێی لێکدانەوەی هەر چاودێرێکی چەپ یاخود ڕاست، سەڵتەنەتخوازەکان بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی ڕێبەرایەتیکردنی ئەم جووڵانەوەیەدا نەبوون، بەڵام ئامرازێک بوون تاکو ئەگەری هێرشی ئامریکا و ئیسرائیل وەک باوەڕی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە بناسێنن ئەم تێڕوانینە پتر لە هەر شتێک، پشتبەستوو بوو بە تێگەیشتنێکی پێچەوانە لە سروشتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەتایبەتی ئیدارەی ترامپ. ستراتێژی ڕاگەیەندراوی ترامپ ” یەکەم ئەمریکا“ بوو، واتە سەرەتا بەهەند گرتنی بەرژەوەندییە ئابووری، ژیۆپۆلەتیک و ئەمنییەکانی ئەمریکا، جا دواتر پرسەکانی تری وەک مافی مرۆڤ و دێموکراسی. لە چوارچێوەیەکی لەم شێوەیەدا، ئازادی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نەک ئامانج، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتدا ئامرازێکی لاوەکییە کە لە گەمەی زلهێزەکاندا بەکار دەهێنرێت. ئەو هێزانەی کە چاویان بڕیبووە دەوڵەتێکی لەو شێوەیە، یان تووشی وەهمێکی مەترسیدار ببوون یان بە ئەنقەست چاویان لە ڕاستییەکان دەپۆشی. لەوەش مەترسیدارتر ئەوە بوو کە ئەم وەهمەیان لەناو جەماوەری خەڵکیشدا پەرە پێدەدا و خەڵکیان لە چاوەڕوانییەکی ناواقیعیی بۆ دەربازبوونێکی ئاسان و خێرادا ڕادەگرت ئەزموونە بابەتییەکانی ناوچەکە و جیهان بە ڕوونی پووچی و بێبنەما بوونی ئەو هیوایەی نیشانداوە. تەنانەت ئەگەر پاڵنەرەکانی ئەمریکاش لەبەرچاو نەگرین و تەنیا بڕوانینە ئەنجامی دەستێوەردانە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە، زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. شەڕ و هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا لە دەیەکانی ڕابردوودا، نە دێموکراسییەکی جێگیر و بەردەوامی بەدیاری هێناوە و نە ژیانێکی ئابووری باشتر بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە. عێراق و لیبی و ئەفغانستان چەند نموونە و بەڵگەی زیندووی ترن لەم ڕاستییە تاڵە. داڕمانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، شەڕی ناوخۆ، گەشەی هێزە کۆنەپەرستەکان و بەردەوامیی ناسەقامگیری، لە زومرەی دەستکەوتە ڕاستەقینەکانی ئەو دەستێوەردانانە بوون. تەنانەت جگە لەم ئەزموونە مێژووییانە، واقیعی کۆنکرێتی ئێرانیش ئەوە نیشان دەدات کە هێرشێکی سەربازیی ئەمریکا، ئەگەر ڕووبدات، مەرج نییە، یان تەنانەت ئەگەری هەیە، نەبێتە هۆی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی. ئەزموونی شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئەم دواییە نیشانی دا کە هێرشێکی لەو شێوەیە بە پێچەوانەوە دەتوانێت ڕێگە بۆ ڕژیم خۆش بکات کە بە کەڵک وەرگرتن لە کەشوهەوای شەڕ، سەرکوتەکانی ناوخۆ چڕتر بکاتەوە. لە ئاوا سیناریۆیەکدا خەڵک کە بە ئومێدی سەرکەوتنێکی خێرا و ئاسان هاتوونەتە مەیدان، هەر زۆر زوو دەچنەوەماڵەوە، لە کاتێکدا ڕژێم لەسەر ڕووبارێکی خوێن، تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە. لەبەرچاونەگرتنی ئەم ڕاستیانە و پەرەپێدان بە ئومێد و چاوەڕوانییەکی پووچ و بێبنەما، نیشانەی کورتبینییەکی قووڵ و دابڕانی ئەم بەشەی ئۆپۆزسیۆنە لە کۆمەڵگەی ڕاستەقینەی ئێران. ئەم هێزانە زۆرجار تەنیا لە دوورەوە کاریگەری لەسەر دۆخەکە دادەنێن، نە بە گۆشت و خوێنی خۆیان هەست بە تێچووی سەرکوتکردن دەکەن و نە تێگەیشتنێکی وردیان لە داینامیکی ناوخۆیی کۆمەڵگا هەیە. سیاسەت کردن لە دەرەوە، بەبێ بوونی پەیوەندی ئۆرگانیک لەگەڵ جەماوەر و خەباتی ڕۆژانەیان، بە ئاسانی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی وەهم و ڕەچەتەی مەترسیدار هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە مێژووی خودی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدات ئەم ڕێژیمە لەو ساتانەی کە هەست دەکات لە لێواری داڕماندایە، بەربڵاوترین و بێبەزەییانەترین توندوتیژی بەکاردەهێنێت. نموونەی هەرە دیاری بریتییە لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق. لەو کاتەدا حکوومەت بە خواردنەوەی ”جامێکی ژەهر“ کۆتایی بە شەڕ هێنا، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی بەر بە هەر بوارێکی سەرهەڵدانی نارەزایەتی و خۆڕێکخستن بگرێت، دەستیدایە یەکێک لە ترسناکترین تاوانەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران، واتە کۆمەڵکوژکردنی هەزاران زیندانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧دا. ئەم ئەزموونە مێژووییە هۆشدارییەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە لە کاتێکدا ڕێژیم مانەوەی خۆی لە مەترسیدا دەبینێت، نابێت لە ڕادەی دڕندەییەکەی غافڵ بین. ئاخێزی ئەم سێ هەفتەی ڕابردووش لە هەمان جۆرە، ئاخێزێک کە کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر بوونی خۆی دەزانێت. لەمڕووەوە ڕژێم هەرچی زیاتر ڕواڵەتی دژە ئینسانیی خۆی ئاشکرا دەکات. بە شێوەیەک کە لە ماوەی ٧٢ کاتژمێر دوای داخستنی سەرجەم ڕێگەکانی پەیوەندی گرتن بە جیهانی دەرەوە، یەکێک لە جینایەتکارانەترین تاوانەکانی بەرانبەر بە خەڵکی ئێران ئەنجامدا. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنێکی لەو چەشنە پێویستی بە تاکتیک و ستراتێژێکە کە لە بەرهەمی شرۆڤە و شیکارییەکی دیاریکراو لەسەر بارودۆخێکی دیاریکراو بێت لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە ئێمە بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی پێشوو، بەتایبەتی سەردەمی شۆڕشی “ژن، ژیان، ئازادی”، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەم ئاخێزەوە لەسەر پێویستی ئاوێتەیەک لە شکڵ و شێوازە جۆراوجۆرەکانی خۆڕاگری و خەبات و مانگرتنی گشتی سیاسی، جەختمان کردەوە. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە مانگرتنی گشتی، کاتێک لە یەک کاتدا و بە هاوئاهەنگی لە نێوان کرێکاران، بازاڕیان، خوێندکاران و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک پێکدێت، دەتوانێت دەزگای سەرکوتی ڕژێم ئیفلیج بکات. حکومەتێکی کە ئابووری و بەشی گواستنەوە و وزە و خزمەتگوزاری شارەوانیەکانی لەکار بکەوێت، تەنانەت ئەگەر هێزی سەرکوتیشی لەبەردەستدا بێت توانایی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەدەست دەدات. مانگرتنی گشتی سیاسی تەنیا ئامرازی گوشاری ئابووری نییە، بەڵکوو هێمای هێزی بەکۆمەڵ و هاوپشتی ئەو جەماوەرەیە کە چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە. ئەم فۆرمە لە خەبات، ئەولاتر لە ویست و داواکاری پیشەیی، ئاسۆیەکی سیاسی ڕوون دیاریدەکات و نیشانی دەدات کە گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە یەکگرتوویی و کردەی بەکۆمەڵی جەماوەرەوە سەرهەڵدەدات، نەک لە ئاسمانی سیاسەتی دەوڵەتی ترامپەوە. مانگرتن و نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان، دیاردە گەلێکی دینامیکی و مێژوو سازن کە دەتوانن ڕەهەندە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت کولتوورییەکانی کۆمەڵگاش بگۆڕن نموونەی سەرکەوتووی ئەم تاکتیکەمان لە کوردستانی ئێران بینی. بەڕێوەچوونی مانگرتنی سیاسی گشتی لەم ناوچەیە توانی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێکخستنی سەرکوتی بەربڵاو و کوشتاری بەکۆمەڵ ببەستێت. کاتێک کۆمەڵگا بە شێوەیەکی یەکگرتووانە لە ئاستی ملیۆنیدا "نا" بە ڕێژیم دەڵێت، تێچووی سەرکوت بۆ ڕێژیم بە شێوەیەکی بەرچاو زیادتر دەکات و مەودای مانۆڕدانی بەرتەسک دەبێتەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ، زیاتر لە هەمیشە، لە لێواری داڕمان نزیک بووەتەوە. قەیرانە ئابوورییە کەڵەکەبووەکان، کەلێنی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بێ توانایی لە خستنەڕووی هیچ ئاسۆیەکی ئومێدبەخش، ئەم دەسەڵاتەی خستۆتە دۆخێکی زۆر لاوازەوە. بێ گومان بزووتنەوەی مافخوازانەی جەماوەر بە شێوازی نوێ و هەمەچەشنتر سەرهەڵدەداتەوە. لە قۆناغی داهاتوودا مانگرتنە کاریگەرە کرێکارییەکان لە کەرتە سەرەکییەکانی وەک نەوت، پێترۆشیمی، گواستنەوە، خزمەتگوزاری شارەوانی، فوولاد، ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل و پیشەسازییە قورسەکان، بە ناچاری سروشتێکی سیاسی بەخۆوە دەگرن و دەبنە گۆڕەپانی سەرەکی ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەر و ڕژیم. لە هەناوی پرۆسەیەکی ئەوتۆدایە کە ڕێکخراو، ڕێبەریی و هێزی پێویست بۆ لێدانی گورزی کۆتایی پێکدێت. ڕزگاری خەڵکی ئێران نەک لە ڕێگەی دەستێوەردانی ئیمپریالیستی یان وەهمی مەترسیدارەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی پشتبەستن بە هێزی خۆ، ڕێکخراوی سەربەخۆ، هاوپشتی سەرتاسەری و دیاریکردنی تاکتیک گەلێکەوە دەستەبەر دەبێت کە لەگەڵ واقیعی هاوسەنگی هێزدا بگونجێت. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە ئاخێزە ڕەواکانی جەماوەر دەتوانێت ببێتە هۆی ئازادی، عەداڵەت و دامەزرانی کۆمەڵگایەکی ئینسانی تر و یەکسانتر.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)**

**٢٧ی بەفرانباری ١٤٠٤**

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 469-JANUARY 2026
www.komala.org
fortnightly paper of the central committee of komalah




## خەڵکی کورد لە شاری حەلەب لەنێوان ئاگری دو دەوڵەتی سوریە و تورکیا دا

لە کاتێکدا جیهان چاوەڕوانی دەکرد سوریای دوای بەشار ئەسەد، سوریایەکی دیموکراتی و دادپەروەر بێت، ئەوەی لە حەلەب ڕوودەدات تاقیکردنەوەیەکی تاڵە بۆ ئەو خەونە. شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە، کە چوار ڕۆژە کەوتونەتە بەر پەلاماری چەکدارانی سەر بە تورکیا دوو گەڕەکی کوردنشین لە شاری حەلەبن کە دەیان ساڵە نموونەی ژیانی ئاشتیانەن، ئێستا لەژێر پەلامار و گەمارۆدانی بێ بەزەییەکی مرۆیی دان. توندوتیژییەکە لەلایەن میلیشیاکانی پشتیوانیکراو لە تورکیا ئەنجام دەدرێت، بەڵام بە ناوی دەوڵەتی نوێی سوریا

ماوەی چوار ڕۆژە چوار گروپی چەکداری هێرشیان دەستپێکردووە کە ناسنامەیان لە پەروەندەی تاوانی جەنگیدا تۆمارکراوە. فیرقەی سوڵتان موراد، فیرقەی عەمشات (سوڵتان سولەیمان شا)، فیرقەی حەمزە، و بزووتنەوەی نورەدین زەنکی - هەموویان لیستی ڕەشی نێودەوڵەتیان لە پشتە.

ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٣ دوو لەم گروپانە و سەرکردەکانیانی وەک ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ناساند. نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی پێشێلکاریەکانیانی تۆمارکردووە: کوشتنی بەئامانج، کوشتوبڕی نەژادی، توندوتیژی سێکسی دژی کەمینەکان، و تالانی سیستماتیک لە عەفرین و مەنبەج ئەم چەکدارانە تەنها بەناوە بەشێکن لە سوپای نوێی سوریا. لە ڕاستیدا، ئەوان موڵکی سیاسی تورکیان و موچەیان لە ئەنقەرە دەدرێت، ڕاهێنانیان لە تورکیا دەکرێت، و سەرکردەکانیان میوانی وەزیرانی تورکن ڕێگری لە گەیشتنی دەرمان، خۆراک و سووتەمەنی بۆ دەیان هەزار کەس - لەوانە منداڵ، و بەساڵاچوو - نەک تەنها سیاسەتێکی بێ بەزەییە، بەڵکو بەپێی یاسا نێودەوڵەتی تاوانی جەنگە. گەمارۆدان ئامرازێکە بۆ تێکدانی ڕەوتی ژیان، بۆ زەلیلکردنی خەڵکێک کە تەنها تاوانیان کورد بوونە شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە ساڵانی دووروودرێژە نموونەیان پێشکەشکردووە لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە ناوچەیەکی پڕ لە ململانێی نەتەوەیی و ئایینی. لەکاتی شەڕی حەلەب، ئەم گەڕەکانە دەرگایان کردەوە بۆ دەیان هەزار دەربەدەری عەرەب و تورکمان. ئێستا ئەو دەستە خۆشەویستییە بە گەمارۆدان پاداشت دەدرێتەوە.

ئەوەی لە حەلەب ڕوودەدات، نموونەیەکی دیارە لە خراپترین جۆری دەسەڵاتی نوێی سوریە و دەوڵەتی تورکیا، هەردووکیان بە دابینکردنی چەک و چەکدار بەشدارن لەم تاوانەدا. ئەمە سیاسەتی دڵخواز و بەرنامەڕێژکراوە: خەڵکی کورد بکە بە قوربانی، بەڵام دەستی خوێناوی خۆت بشارەوە. بێدەنگی لەبەرامبەر ئەم ستەمە، هاوبەشی تێیدایە

**پێویستە چەند داواکاری فۆری جێبەجێ بکرێ:** گەمارۆ لەسەر شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە دەستبەجێی لابچێ. هەموو هێرشە سەربازییەکان بۆ سەر خەڵکی ئەو دو گەرەکە رابگیرێ، ڕێڕەوی مرۆیی بۆ گەیاندنی هاوکاری تەندروستی و خۆراکی بکرێتەوە. بە شوێن دابین بونی ئەو داخوازیە سەرەتایانەدا، لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی سەربەخۆ لە تاوانی جەنگ و ،بەڕێوەبردنی دادگای تاوانەکاران بەپێی یاسای نێودەوڵەتی. کۆتایی هێنان بە بڵاوکردنەوەی چەک و چۆڵ و پشتیوانی لە میلیشیاکانی تۆمارکراو وەک تیرۆریست، فشاری سیاسی و ئابووری لەسەر تورکیا بۆ کشانەوەی پشتیوانی لەم گروپانە

شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە تەنها دوو گەڕەک نین لەسەر نەخشەی جوغرافی. ئەوان سیمبۆڵن بۆ ویستی ژیان، بۆ بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤ لەناو دڵی ئاگر. هەموو جارێک کە میلیشیایەک شەقامێک دادەخات، هەموو جارێک کە منداڵێک لە برسییەتی دەمرێت، هەموو جارێک کە کەسێکی نەخۆش نەتوانێت دەرمان بدۆزێتەوە، جیهانی ئێمە لە مرۆڤایەتی دوور دەکەوێتەوە

بەپێی ڕاپۆرتێکی رۆیتەرز، هەمان ئەم گروپانە بەشداربوون لە کوشتاری عەلەوی و دروزەکان لە ساڵی رابردوو. ئەمەی لە سوریا دەگوزەرێت ئەوەمان پێدەڵێت کە میلیشیاکانی سەر بە تورکیا لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی دیمەشق کار دەکەن چونکە هاوکاری لۆجیستی و داراییان لە ئەنقەرەوە پێدەگات و زیاتر دەبێت وەک موڵکێکی تورکی لێیان بڕوانرێت نەک هێزی سوپای سوریا. شاری حەلەب هێندەی لەژێر دەستی موجاهیدەکانی ئەحمەد شەرع دایە، بەهەمان ئاستیش لەژێر دەستی هێزەکانی سەر بە حکومەتی تورکیا دایە. بەو مانایەی ئەو گەمارۆدانە بڕیاری دوو حکومەتی لەپشتە و جۆرێک لە گەلەکۆمەکیە. گەمارۆدان، کە ڕێگری لە چوونە ناوەوەی دەرمان، خۆراک و سووتەمەنی بۆ ناوچەیەک، کە پڕە لە ، منداڵ و بەساڵاچوو، ئەمەش تاوانی جەنگە. شێخ مەقسوود و ئەشرەفییە تەنها دوو گەڕەک لە شاری حەلەب نین، بەڵکو سیمبۆڵی پاراستنی ژیان و ئیرادەی خەڵکی کوردی ئەو شارەن

دواستون

## «مەلیکەزایە و بازی تاج و تەخت»

ن: سەلام قادری

لە ژیانا زۆر جار بارودۆخگەلێک پێش دێت کە مرۆڤ نازانێ پێبکەنێ یان بگری، ٤٧ ساڵ پێش ئێستا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بە بەرخۆدەری و ڕێکخراوی خۆیان شایەکیان لە وڵات وەدەرنا کە ئاوێنەی باڵانوێنی سەرکوتگەری و جەنایەت و فەساد بوو، بەڵام ئەوەی بەدەسوەردانی دەزگا ئەمنیەتیەکان و دێوەزمەی میدیای رۆژئاوا خزێندرایە جێگاکەی ئەو شا تاوانبارە کەسێکی خوێنرێژتر و جەنایەتکارتر بوو کە خەڵکی والێکرد بۆ ساڵانێکی دووروودرێژ هەر ڕێگایەک تاقی بکەنەوە جگە لە شۆڕش و وەکوو مارانگەستە لەوەی ناوی شۆڕش و سەرهەڵدان بێ سامیان هەبوو. دوای ئەوەی بە ڕاگوزەرێکی پڕ هەوراز و نشێو و دەرس و ئەزموونەدا گەیشتنەوە ئەو قەناعەتەی کە ڕیفۆرمخوازی ناوخۆ و تەداخولی دەرەکی خەڵاتی رزگارییان لە داوێندا نییە و تەنیا و تەنیا بەهێزی یەکگرتووی خۆیان ڕزگاریان دەبێت، دوای ئەو گومی خوێنە لە ئێران هەستاو و دوای قوربانیدانی دووبارە گەیشتن بە ڕۆژێک کە ئاسۆی ڕزگاری لە هەمیشە ڕوونتر، جا لەم چرکەساتەدا جەنابی شازادە وەکوو کەڵەشێری ناوەخت و ئاوێنەی دیق دەست لە پێ درێژتر هاتووە فوویان لە بۆق و سوڕنادا کردووە کە ئەوە جەنابی شازادە مەرحەمەتیان فەرمووە و لە سەرداوای ئاشقانی ویلایەتی پاڵەوی دەگەڕێنەوە بۆ دەرباری هۆمایوونی.دەی بێو کورد گووتەنی: «ئەو کەرە لەو قوڕە دەرکێشە.» با لە چەند خاڵدا خودی ئەوەی پێی دەڵێن شازایە و باوک لە لایەک و لە لایەکی تر خودی باوکخوازی خۆی و چەن باوکخوازی تر شی بکەینەوە بزانین چەندیان بە چەندە

**١**- مێژوو هیچ شایەکی بە خۆوە نەدیتوە بزێ، جەنابی مەلیکە زایەس و ناوەکە خۆی درۆیەکی پیاوسالانەیە لە دووتوێی بەستێنێکی زمانەوانی پیاوزاڵ و باوک سالاردا هاتووەتە بوون

**٢**- لەو ڕۆژانەدا جەنابی فەرموویەتی لە هەموو ئەو ناوانەی منی پێ بانگ دەکەن زیاتر شاگەشکەم بەوەی پێم بڵێن باوکە، ئەم باوکە خوازیەی جەنابی دەربڕی منتاڵیتیەکە کە خودی بانگ کەرەکان بە سەغیر و ساوا دەزانێ. ئەم منتاڵیتیە پێی وایە خەڵکی ساوا بانگی باوکێک دەکەن مەمک لە دەمیان بنێ، لەم منتاڵیتیەدا هەموان سەغیرن، لەم منتاڵیتیەدا شا دەزێ، لەم منتاڵیتیەدا ئەگەریش تەنانەت ساوایەک هەبێ زریکە بۆ باوک دەکات کە مەمک لەدەمی بنێ. لەم منتاڵیتیەدا هەموو کەون نێرە، نێرایەتی بە هێزەوە گرێدراوە، لەم منتاڵیتیەدا هێز شایستەی ئەعلا حەزرەتەکان و شا و خان و خەوانینە کەڵە سەوداکەرانە

**٣**- خودی ئەم جەنابی باوکە هانا بۆ «باوکترێک » دەبات کە بێت بە هانای ساوایەتی خۆی و ساوکانیەوە، بۆیە دەبێت ئەوانەی بە جەنابی شاکور دەڵێن باوک، بە دۆناڵد ترامپیش بڵێن باوکی باوکم

**٤**- جەنابی باوک ئەگەرچی نەیتوانی لە جۆرج تاون بمێنێ بە هۆی ئەوەی زریک و زروکی تەنیا چوار پێنج ڕۆڵەیی بۆ تامڵ نەدەکرا، حەزی لەوەیە باوکی نەوە ملوێن نەفەر بێت

**٥**- دەڵێن: «دوو گا لە دۆڵێکا بن ڕەنگی یەک نەگرن خووی یەک دەگرن.» بۆیە هاوجۆرجێکی، تەونەکەی جەنابی و چەند باوکیتریش وەکوو جەنابی هانایان بۆ باوکە ترامپ بردووە کە بێت بە هانای خۆیان و ماڵ و مناڵ و ملک و میراتیانەوە

**لە کۆتایدا دەبێ بە جەنابی شاکۆڕ بگوترێت:** جەنابی باوک خۆت و هاوباوکەکانتان و باوکی باوکتان بزانن ئەگەر خەڵکی ئێران سەغیر بوونایە بۆ دەیان ساڵ و لە چەند ئاخێزدا و لە شۆڕش دژی باوەشای جەنابت سینگیان بە گولەوە نەدەنا و گیانی شیرینیان نەدەکردە قۆچی قوربانی ڕزگاریی خۆیان. با باوکی باوکت خومەنییەکی تر نەخاتە داوێنی مانگ بەو ئاسمانە دوورەوە، ئیتر کەس تەوەقوعی ئەوە ناکات ببێتە باوک بۆ ئەم عەردە سەختە. باوە شای جەنابیشت یەک جار زا کە خومەینی خستە کۆشی خەڵکی ئێران، جەنابت هەو نیت، شازایە هەموو ئەو جەلادانەن کە لە باوکی خۆیان دەچن و لە درێژەی باوەشایا خەریکن خەڵکی ئێران قەتڵ و عام دکەن، جەنابت زایە و زایعەی ماڵەکەی دووهەمی کە دڵنیاین ئەگەر ئەویش نەزۆک بوایەت هیچ کارخانەیەک پەکی نەدەکەوت و هیچ نانەواخانەیەک بێ نان نەدەبو

****